Edited with the trial version of
Foxit Advanced PDF Editor
To remove this notice, visit:
www.foxitsoftware.com/shopping

هەرێمی کوردستان – عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی – بەشی تەکنیکی میدیا

Sulaimani Polytechnic University

# ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران

## ( توێژینە وەیەکی وەسفیی ڕووپێوی یە )

**نامەیەکە پێشکەشکراوە**

**بە ئەنجومەنی کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی وەك بەشێك لە پێ داویستییەک بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە تەکنیکی میدیا – تەلەفیزیۆن**

**لەلایەن خوێ ندکار:**

**ئەرکان جەبار محەمەد**

**بەکالۆریۆس ڕاگەیاندن – زانکۆی سلێمانی 2007**

**بەسەرپەرشتی:**

**پ.ی.د. ڕێبەر گۆران مستەفا**

**2721 کوردی** **1443 کۆچی** **2021**

بسم الله الرحمن الرحيم

# وَمآ أُوتيتُم مِنَ العلمِ إلا قَليلا

صدق الله العظيم

سورة الإسراء

الآية (85)

# بڕیاری پسپۆڕی زمانەوانی

گەواهی دەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران)، پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆ کراوە و شیاوە بۆ گفتوگۆکردن.

ناوی پسپۆڕی زمانەوانی

پ.د.فەریدون عبدول بەرزنجی

٢٠٢١/١٠/٢٠

## بڕیاری سەرپەرشتیار

گەواهی دەدەم کە ئامادەکردنی ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی: **ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران**، کە لەلایەن خوێندکار (ئەرکان جەبار محەمەد)ەوە پێشکەشکراوە، سەرپەرشتیکراوە لە بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی (میدیا) و لە ڕێکەوتی (   /   / 2021) واژۆم کرد.

ناو و نازناوی زانستی سەرپەرشتیار:

واژۆ:

ڕێکەوت:

---

## بڕیاری لێپرسراوی هۆبەی خوێندنی باڵا

لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی سەرپەرشتیار و هەڵسەنگێنەری زمانەوانی، ئەم ماستەرنامەیە بۆ گفتوگۆکردن پێشکەش دەکەم.

ناو:

لێپرسراوی هۆبەی خوێندنی باڵا:

ڕێکەوت:

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆکردن

وەکو ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندن، گەواهی دەدەین کە پێداچوونەوەمان بەم ماستەرنامەیەدا کردووە بە ناونیشانی: **ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران**. هەروەها گفتوگۆی خوێندکارمان کرد لە ڕووی ناوەڕۆك و ئەو بابەتانەی کە پەیوەستن بە ناونیشانی توێژینەوەکەوە. جەخت دەکەینەوە کە ئەم توێژینەوەیە گونجاوە بۆ پەسەندکردن، بەمەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕی (میدیا) بە پلەی (         ).

| | |
|---|---|
| ئەندام: | ئەندام: |
| واژۆ: | واژۆ: |
| ڕێکەوت: | ڕێکەوت: |
| سەرپەرشتیار | سەرۆکی لیژنە: |
| واژۆ: | واژۆ: |
| ڕێکەوت | ڕێکەوت |

---

## پەسەندکردنی ئەنجومەنی کۆلێژ

ئەنجومەنی کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، بڕیاری لیژنەی گفتوگۆی پەسەندکرد لە ڕێکەوتی: (     /     / 2021).

ڕاگر:

واژۆ:

ڕێکەوت:

- پێشکەشە بە -

* بە روحی شەهیدانی قەڵەم و وشەی راستیی لە نیشتمانەکەمدا

* بە روحی باوکم کە هەمیشە لە خەمی پێگەیاندنم بوو

* بەو مرۆڤە میهرەبانەی کە بەردەوام پاڵپشت و پشتیوانم بووە.. دایکم

* بە هاوسەر و هەردوو کچەکەم (لیا و ئیلیا) کە پشوو درێژ بوون لەبەرامبەر زەحمەتییەکانی ئەم قۆناغەی خوێندن و لە ناخۆشییەکاندا هاوبەشم بوون

* بەهەموو ئەو کەسانەی کە پیشەییانە و بوێرانە کاری میدیایی دەکەن

* بەو کەسانەی کە بە تەنها وشەیەکیش بێت، فێری زانست و زانیارییان کردم

ئەرکان

## - سوپاس و پێزانین -

* سەرەتا سوپاس و ستایش بۆ خودای پەروەردگار، کە هێز و توانا و وزەی پێ بەخشیم بۆ ئامادەکردن و تەواوکردنی نووسینی ئەم ماستەرنامەیە، لەخودا دەپاڕێمەوە بە گەورەیی و رەحمی خۆی، لە نیعمەتی بەخشینی زانست و زانیاری بێ بەشمان نەکات.

* لەکاتێکدا توێژەر کۆتایی بەم گەشتە زانستییە دەهێنێت، جێگای خۆیەتی سوپاسی تایبەت ئاراستەی ( پ.ی.د. رێبەر گۆران مستەفا ) بکات کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەی گرتە ئەستۆ و بە درێژایی ئامادەکردنی نامەکە، وەکو سەرپەرشتیارێکی خەمخۆر و پشوو درێژ لەگەڵمدا بەشداربوو لە پێدانی رێنوێنی و دەستگیرۆیی زانستی، کە ئەگەر رێنوێنییەکانی نەبووایە، ماستەرنامەکە بەو جۆرە نەدەبوو کە ئێستا لەبەردەستدایە.

* سوپاس و پێزانینی تایبەت بۆ هەریەك لە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی ئەم ماستەرنامەیە، کە بێ دوودڵی رەزامەندبوون بۆ ئەوەی وەکو ئەندام و پسپۆڕ لە هەڵسەنگاندنی توێژینەوەکە بەشدار بن.

* سوپاس و پێزانین بۆ راگرایەتی کۆلێجی تەکنیکی کارگێڕی - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کە وێڕای کێشە و بەربەست لە بەردەم ئامادەکردنی توێژینەوەکەدا، بەڵام هەمیشە بە دڵسۆزی و خەمخۆرییەوە گرفتەکانیان بە زوویی چارەسەر کردووە.

* هەروەها سوپاسی هەموو ئەو مامۆستایانە دەکەم، کە ئەرکیان کێشا لە هەڵسەنگاندنی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتای ئەم توێژینەوە، کە تێبینی و بۆچوونەکانیان هۆکارێك بوو بۆ بەهێزکردنی لایەنێکی گرنگی توێژینەوەکە.

توێژەر

## - پوختەی توێژینەوەکە -

ئەم توێژینەوەیە کە لە ژێر ناونیشانی (ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران) ئامادەکراوە، هەوڵ دەدات کۆمەڵێك ئامانج بهێنێتەدی، کە لەچوارچێوەی هەردوو لایەنی شیکاری و پراکتیکی توێژینەوەکەدا پۆلێنکراون. لە ڕووی شیکارییەوە توێژنینەوە ئامانجێتی ئەو بابەتانەی هەواڵ بزانێت کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەرهەم دەهێنرێن، هەروەها ئاشکراکردنی گرنگترین ئەو سەرچاوانەی لە ڕوومالّکردنی میدیاییدا بە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامەگەرییەوە پشتی پێ دەبەسترێت. هاوکات لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە لەم ئامانجانە چڕ دەبێتەوە: زانینی ئەو پرۆگرامانەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل کە لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکاردەهێنرێن، دەرخستنی ئەو هونەرە ڕۆژنامەوانییانەی کە لە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامەگەرییەوە بەرهەم دەهێنرێن، لەگەڵ چاودێریکردنی ئاستی ئاسانکارییەکانی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بۆ میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان.

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێنراوە، بەپشتبەستن بە شێوازی ڕووپێوی شیکردنەوەی ناوەڕۆك و ڕووپێوی ڕای گشتی. کۆمەڵگای ڕووپێوی شیکاریش بریتییە لەو هەواڵە تەلەفیزیۆنییانەی کە لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)دا پەخشکراون و لە ڕێگەی سامپڵێکی ناهەڕەمەکیی مەبەستدارەوە (76) هەواڵی بەرهەمهێنراو بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل وەکو سامپڵ وەرگیراون، هاوکات کۆمەڵگای ڕووپێوی پراکتیکیی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە و بەشێوازی گەمارۆی گشتگیر (71) بەرتوێژ وەکو سامپڵی لایەنی دووەمی توێژینەوەکە وەرگیراون. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە تائێستا لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان توێژینەوە لەم بوارە نوێیەدا ئامادە نەکراوە. ئەمە لەکاتێکدا ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بۆتە شێوازێکی نوێ و تاڕادەیەك باو لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هونەرە ڕۆژنامەوانییە جۆراوجۆرەکاندا. لەگرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەی شیکاریی: بابەتی هەواڵی (ئابووری و خزمەتگوزاریی)، گرنگترین ئەو بابەتانەی هەواڵن کە بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا پەخشکراون. هاوکات کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەڕێژەیەکی زۆر بەرز تەنها گرنگی بە (ڤیدیۆ) دەدەن وەکو هۆکارێکی زەقکراو و ئاماژەپێدراو لە ڕوومالّی میدیایی ئەو هەواڵانەی کە لە ڕێگەی ئەو ڕۆژنامەگەرییەوە بەرهەمهاتوون. لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەی پراکتیکیش: کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەشی زۆری پرۆگرامە تەکنیکییەکانی تایبەت بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵ بەکاردەهێنن. هاوکات میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بە ڕێژەو ئاستی جیاواز بۆ هونەرە ڕۆژنامەوانییە جۆراوجۆرەکان بەکاردەهێنن، بەڵام (هەواڵ)ی لە گرنگترین ئەو هونەرە ڕۆژنامەوانییانەن کە ئەو میدیاکارانە بە مۆبایلی زیرەك بەرهەمی دەهێنن.



**وشە سەرەکییەکان: ڕۆڵ، ڕۆژنامەگەریی مۆبایل، بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنی، هەواڵی تەلەفیزیۆنی، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، میدیاکاران**

# - لیستی بابەتەکان -


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| قورئانی پیرۆز | |
| پێشکەشە بە | أ |
| سوپاس و پێزانین | ب |
| پوختەی توێژینەوەکە | ج |
| لیستی بابەتەکان | د– و |
| لیستی خشتەکان | و– ح |
| لیستی پاشکۆکان | ح |
| پێشەکی | 2-1 |
| **بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە** | 20 - 3 |
| – دەروازە – | 3 |
| یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە | 4 - 3 |
| دووەم: گرنگییەکانی توێژینەوەکە | 5 - 4 |
| سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە | 6 - 5 |
| چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە | 6 |
| پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو | 14 – 6 |
| شەشەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە | 14 |
| حەوتەم:کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە | 16 - 15 |
| هەشتەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی توێژینەوەکە | 16 |
| نۆیەم: گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە | 17 |
| دەیەم: راستی و جێگیریی توێژینەوەکە | 18 - 17 |
| یازدەیەم: هاوکێشەی ئاماریی توێژینەوەکە | 19 |
| دوازدەیەم: سنووری توێژینەوەکە | 19 |
| سیازدەیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە | 20 - 19 |
| **بەشی دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە** | 53 - 21 |
| – دەروازە – | 21 |
| **یەکەم: رۆژنامەگەریی مۆبایل** | 35 - 21 |
| پاری یەکەم: پێناسەی چەمکی رۆژنامەگەریی مۆبایل | 23 - 21 |
| پاری دووەم: سەرهەڵدان و پێشکەوتنی رۆژنامەگەریی مۆبایل | 25 - 23 |

| | |
|---|---|
| پاری سێیەم: تایبەتمەندێتییەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل | 27 - 25 |
| پاری چوارەم: پرۆگرام و بەرهەمەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل | 33 - 27 |
| پاری پێنجەم: لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل | 35 - 34 |
| **دووەم: بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی** | 52 - 36 |
| پاری یەکەم: ناساندنی بەرهەمهێنان لە تەلەفیزیۆندا | 37 - 36 |
| پاری دووەم: پێناسەی هەواڵی تەلەفیزیۆنی | 38 - 37 |
| پاری سێیەم: بەهاکانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی | 41 - 39 |
| پاری چوارەم: سەرچاوەکانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی | 45 - 42 |
| پاری پێنجەم: قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی | 48 - 46 |
| **سێیەم: تیۆری میدیایی بەکارهێنراو لە توێژینەوەکەدا** | 52 - 49 |
| - تیۆری شیکردنەوەی لە چێوەگرتنی میدیایی | 52 - 49 |
| - کۆتایی - | 53 |
| **بەشی سێیەم: هەواڵە بەرهەمهێنراوەکان بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا**<br>**ئەنجامەکانی توێژینەوەی شیکاری** | 66 - 54 |
| - دەروازە - | 54 |
| پاری یەکەم: ڕێکاری دابەشکاریی سامپڵی توێژینەوەی شیکاری | 55 |
| پاری دووەم: شیکاریی دەستە ناوەڕۆکییەکان | 60 - 56 |
| پاری سێیەم: شیکاریی دەستە رواڵەتییەکان | 65 - 61 |
| - کۆتایی - | 66 |
| **بەشی چوارەم: ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان**<br>**لای میدیاکاران**<br>**ئەنجامەکانی توێژینەوەی پراکتیکی** | 87 - 67 |
| - دەروازە- | 67 |
| پاری یەکەم: تەوەری تایبەتمەندێتییە دیمۆگرافییەکانی بەرتوێژەران | 70 - 67 |
| پاری دووەم: تەوەری بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل | 82 - 70 |
| پاری سێیەم: تەوەری ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی | 86 - 82 |
| - کۆتایی - | 87 |
| **بەشی پێنجەم: سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوەکە و ئەنجامەکانی** | 100 - 88 |
| - دەروازە | 88 |
| پاری یەکەم: ئەنجامی گریمانەی سەرەکیی یەکەم | 89 |
| پاری دووەم: ئەنجامی گریمانەی سەرەکیی دووەم | 90 |

| | |
|---|---|
| پاری سێیەم: ئەنجامی گریمانەی سەرەکیی سێیەم | 94 |
| پاری چوارەم: ئەنجامی گریمانەی سەرەکیی چوارەم | 99 - 98 |
| - کۆتایی - | 100 |
| ئەنجامی گشتی و راسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە | 103-101 |
| ئەنجامی گشتی | 102-101 |
| راسپاردەکان | 103 |
| پێشنیازەکان | 103 |
| لیستی سەرچاوەکان | -R104 110R |
| پاشکۆکان | XVI -I |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | XVII |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | XVIII |


## - لیستی خشتەکان -


| ژ.خشتە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ئەنجامی هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ بۆ جێگیریی فۆرمی راپرسی | 18 |
| 2 | کۆی ژمارەی گشتی هەواڵ و کورتەی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) | 55 |
| 3 | کۆی ژمارەی گشتی هەواڵ و کورتەی هەواڵ لە هەردوو کەناڵەکە بەشێوەی خولەك و چرکە | 55 |
| 4 | ئەو بابەتانەی کە بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵەکانی (GK) و (پەیام) بەرهەمهێنراون | 56 |
| 5 | ئەو سەرچاوانەی کە بۆ هەواڵەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە هەردوو کەناڵەکەدا بەکارهێنراون | 57 |
| 6 | ئەرکی گواستنەوە و پەخشکردنی هەواڵەکانی ئەو دوو کەناڵە لە ماوەی سێ مانگدا | 58 |
| 7 | ئاڕاستەی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) | 59 |
| 8 | تەوەرەکانی جێگربوون لە هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) | 60 |
| 9 | شێوازی خستنەڕووی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) | 61 |
| 10 | هۆکارە زەقکراوەکان لە هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) | 62 |
| 11 | هاوسەنگیی رووماڵکردنی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) | 63 |
| 12 | شێوازی رووماڵکردنی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) | 64 |
| 13 | شێوەزاری بەکارهێنراو لە هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) | 65 |
| 14 | رەگەزی میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) | 67 |
| 15 | تەمەنی میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) | 68 |

| | | |
|---|---|---|
| 16 | ئاستی خوێندن میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و ( پەیام ) | 68 |
| 17 | ئەزموونی کارکردنی میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و ( پەیام ) | 69 |
| 18 | دامەزراوەی کارکردنی میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و ( پەیام ) | 69 |
| 19 | پیشەی میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و ( پەیام ) | 70 |
| 20 | بەرکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل بۆ کاری میدیایی لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە | 70 |
| 21 | هۆکار و بیانووەکانی بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە | 71 |
| 22 | هۆکار و بیانووەکانی بەکارنەهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە | 72 |
| 23 | ئاستی بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانییەکە | 73 |
| 24 | بەکارهێنانی سیستمی کارپێکردنی مۆبایلی زیرەك لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە | 73 |
| 25 | ئاستی گرنگیپێدانی بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانییەکە | 74 |
| 26 | ئاستی متمانەی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانییەکە | 74 |
| 27 | کردنەوەی خولی مەشق و راهێنان بۆ میدیاکاران لەلایەن هەردوو کەناڵەکەوە | 75 |
| 28 | بۆچوونی میدیاکاران لەبارەی گرنگیی بایەخپێدان بەم جۆرە رۆژنامەگەرییە لەلایەن کەناڵەکانەوە | 75 |
| 29 | دابینکردنی ستۆدیۆی تایبەت بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکە | 76 |
| 30 | بەربەست لە بەردەم میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە لەکاتی جێبەجێکردنی رۆژنامەگەریی مۆبایلدا | 76 |
| 31 | بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هونەرە رۆژنامەوانییە جۆراوجۆرەکاندا | 77 |
| 32 | بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی تایبەت بە دەستکاریکردنی ( وێنە ) لە رۆژنامەگەریی مۆبایلدا | 78 |
| 33 | بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی تایبەت بە تۆمارکردنی ( ڤیدیۆ ) لە رۆژنامەگەریی مۆبایلدا لای میدیاکاران | 79 |
| 34 | بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی تایبەت بە ( مۆنتاجکردن ) لە رۆژنامەگەریی مۆبایلدا لای میدیاکاران | 80 |
| 35 | بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی تایبەت بە تۆمارکردن و مۆنتاجکردنی ( دەنگ ) لای میدیاکاران | 81 |
| 36 | بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی تایبەت بە رووماڵی ( پەخشی راستەوخۆ ) لای میدیاکاران | 81 |
| 37 | ئاسانکاریی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بۆ میدیاکاران لە رووماڵکردنی هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا | 82 |
| 38 | پەخشکردنی ئەو هەواڵە تەلەفیزیۆنییانەی کە بەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بەرهەمدەهێنرێت | 83 |
| 39 | جیاوازی رووماڵی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لەگەڵ کاری تیم لای میدیاکاران | 83 |
| 42 | لە داهاتوودا بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە رۆژنامەگەریی مۆبایل دەبێت بە پیشەیەکی باو | 84 |
| 40 | بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بەم جۆرە رۆژنامەگەرییە، ئاستی پیشەیی میدیایی بەرزدەکاتەوە | 84 |
| 41 | بۆچوونی میدیاکاران پەیوەست بە گرفتە تەکنیکییەکان و لایەنە ئەرێنییەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە رۆژنامەگەریی مۆبایل | 85 |
| 42 | پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییەکان | 89 |
| 43 | جیاوازی نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( رەگەز) | 90 |
| 44 | جیاوازی نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( تەمەن ) | 90 |
| 45 | جیاوازی نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( ئاستی خوێندن ) | 91 |

| | | |
|---|---|---|
| 46 | جیاوازی نێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( ئەزموونی کاری میدیایی ) | 92 |
| 47 | جیاوازی نێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( کەناڵ ) | 92 |
| 48 | جیاوازی نێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( پیشە ) | 93 |
| 49 | جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( ڕەگەز ) | 94 |
| 50 | جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( تەمەن ) | 95 |
| 51 | جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( ئاستی خوێندن ) | 95 |
| 52 | جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( ئەزموونی کاری میدیایی ) | 96 |
| 53 | جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( کەناڵ ) | 97 |
| 54 | جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بە پێی تایبەتمەندێتییەکانی ( پیشە ) | 97 |


## - لیستی پاشکۆکان -


| ژمارەی پاشکۆ | ناونیشانی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک | II-VIII |
| 2 | ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی | IX-XVI |

# - پێشەکی -

پەرەسەندنەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆجیای گەیاندن و بەرهەمهێنانی زانیاریی میدیایی و هەڵکشانی تەوژمی شۆڕشی دیجیتاڵی، وەرچەرخانی گەورەی لە بواری کاری میدیایی و شێوازەکانی جێبەجێکردنی ئەم پیشەیەدا هێناوەتەکایەوە، بە جۆرێك هاوتەریب لەگەڵ پەیدابوون و فراوانبوونی میدیای نوێدا، لەلایەك ئاڕاستەی کارکردنی باو و هەژموونی میدیای کلاسیك گۆڕانکاریی بەسەردا هات، لەلایەکی دیکەشەوە سروشت و میکانزمەکانی بەرهەمهێنانی هونەرە رۆژنامەوانییەکان و شێوازی گەیاندنی بە جەماوەری وەرگر، چووە قۆناغێکی نوێوە کە ناوەندە زانستییەکان بە قۆناغی "رۆژنامەوانیی زیرەك" ناوی دەبەن.

هاوکات پێشکەوتنە تەکنیکییەکانی بواری مۆبایلی زیرەك، کە ئێستا بۆتە ئامرازێکی ئاسان بەمەبەستی بەرهەمهێنانی (تێکست، دەنگ، وێنە و ڤیدیۆ) و جێبەجێکردنی کارەکانی (مۆنتاج، پەخش و بڵاوکردنەوە)، بوارێکی نوێی لە کاری رۆژنامەوانیی هێناوەتەکایەوە، کە بە رۆژنامەگەریی مۆبایل (MOJO) ناودەبرێت و بووە بە جۆرە رۆژنامەگەرییەکی بەربڵاو، بەمەبەستی گەیاندنی زانیاریی میدیایی هەمەچەشن بە وەرگر.

لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەوە، ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە گۆڕانکاریی لە شێوازی پرۆسەی گەیاندن لە میدیای کلاسیکدا دروستکرد، لەگەڵ ئەوەشدا رێوشوێنەکانی بەرهەمهێنانی زانیاری لە پەخشکردن و بەکاربردنیدا خستە قۆناغێکی نوێوە. بەشێوەیەك ئێستا رۆژنامەگەریی مۆبایل، رۆڵی هەیە لە بەرهەمهێنانی هونەرە رۆژنامەوانییە بینراوەکاندا و بەشدارە لە پرۆسەی دروستکردنی پەیام و ماتریاڵی میدیاییدا. بە ئەندازەیەك دەتوانرێت لە رێگەی ئەم رۆژنامەگەرییەوە هەواڵێکی وێنەیی و ڤیدیۆیی یەکانگیر بەرهەمبهێنرێت و ببێت بە لایەنێکی دانەبڕاو لە کاری رۆژنامەوانیدا.

ئێستاش لەسەر ئاستی جیهاندا، بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك پەیوەست بە هێڵی ئینتەرنێتەوە تادێت زیاتر دەبێت، بەجۆرێك بەپێی راپۆرتێکی دامەزراوەی نێودەوڵەتیی"نیوزوو"، لەساڵی 2020دا ژمارەی بەکارهێنەرانی چالاکی مۆبایلی زیرەك بە هێڵی ئینتەرنێتەوە لە جیهاندا گەیشتۆتە سێ ملیار و 500 ملیۆن بەکارهێنەر. هاوکات لەسەر ئاستی عێراقیش، بەگوێرەی ئامارێکی سەنتەری میدیای دیجیتاڵیی عێراق (DMC)، ژمارەی بەکارهێنەرانی مۆبایل زیرەك لەساڵی 2020دا گەیشتۆتە 40 ملیۆن و 89 هەزار بەکارهێنەر، واتا بەرێژەی (103٪)ی کۆی ژمارەی دانیشتووانی عێراق لەو ساڵەدا.

لەو سۆنگەیەوە و بەهۆی دەرکەوتنی گرنگی و رۆڵی مۆبایلی زیرەك لە بەرهەمهێنانی هونەرە رۆژنامەوانییە جۆراوجۆرەکاندا، هەم دامەزراوە میدیاییەکان خۆیان لەگەڵ ئەم ئامرازە نوێیەدا گونجاندوە، هەمیش رۆژنامەگەریی مۆبایل وەکو جۆرێکی هاوچەرخی بواری کاری رۆژنامەوانیی، بووە بە کێشەی توێژینەوەی بەشێك لە توێژینەوە زانستییەکان لەسەر ئاستی قوتابخانە رۆژئاوایی و عەرەبییەکاندا، کە لەسەر سێ ئاستدا ئامادەکراون، بەشێکیان پەیوەستن بە کاریگەریی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە لەسەر ئەدای میدیاکاران، بەشێکی دیکەشیان تایبەتن بە بواری پرۆگرامە تەکنیکییەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل و رەخساندنی ئاسانکاریی بۆ میدیاکاران و هاووڵاتیانی ئاسایی لە بەرهەمهێنانی پەیامی میدیاییدا، بەشی سێیەمیشیان تایبەتن بە ئاستی پشتبەستنی جەماوەر بە بەرهەمە میدیاییەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل. بەڵام لە دوای پشکنین و تێبینی توێژەر لە وردەکاریی توێژینەوەکان، دەرکەوت کە هیچ کام لە

توێژینەوەکانی بەردەست، لە گۆشەنیگای رۆڵی ئەم رۆژنامەگەرییە نوێیەدا لە بەرهەمهێنانی یەکێك لە هونەرە رۆژنامەوانییەکان و بەتایبەت هەواڵ، توێژینەوەکانیان چڕ نەکردۆتەوە. بۆیە توێژەر ئەو پرسەی وەکو کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەی دیاریکرد و گەیشتە ئەو تێگەیشتنەی کە لەسەر ئاستی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا جێبەجێی بکات.

بەراورد بە توێژینەوەکانی پێشووی پەیوەست بەم بابەتە، ئەم توێژینەوەیە چەند تایبەتمەندێتییەك لەخۆدەگرێت کە گرنگترینیان، هەوڵ دەدات لە دوو ئاراستەوە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێت کە تایبەتن بە کێشەی توێژینەوەکە، یەکەمیان رێکاری شیکاریی بۆ هەواڵە بەرهەمهێنراوەکان بە رۆژنامەگەریی مۆبایل بکات، بۆ ئەوەی لە شێوە و ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانە بکۆڵێتەوە و دواتر لەنێوان دوو کەناڵی ئاسمانیدا بەراوردیان بکات و خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانیان روون بکاتەوە. دووەمیان ئاستی بەکارهێنانی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە لای میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەربخات و بەپێی رێوشوێنە زانستییەکان پێوانەیان بکات.

لەو چوارچێوەیەدا و لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پرسیار و گریمانەی ئاماریی، توێژەر پێشبینی دەکات بگات بە ئەنجامی زانستی لەبارەی رۆڵی (MOJO) لە بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، هەروەها سەلماندنی پەیوەندیی نێوان ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە لەگەڵ بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی. ئەمە جگە لە دەرخستنی جیاوازی نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل بەپێی تایبەتمەندێتییە دیمۆگرافییەکانی میدیاکاران.

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەش پێکدێت، بەشی یەکەمی تایبەتە بە چوارچێوەی میتۆدنامەی توێژینەوە، هەروەها بەشی دووەم پەیوەستە بە تیۆرینامەی توێژینەوەکە و لە رێگەی 10 پارەوە، هەردوو گۆڕاوی رۆژنامەگەریی مۆبایل و هەواڵی تەلەفیزیۆنی روونکراونەتەوە. دواتر کورتەیەك لەبارەی تیۆری شیکردنەوەی لەچێوەگرتنی میدیایی خراوەتەڕوو وەکو تیۆری بەکارهێنراو لە توێژینەوەکەدا.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە، تایبەتە بە ئەنجامی رووپێوی شیکاریی توێژینەوەکە بۆ هەواڵە بەرهەمهێنراوەکان بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان. دواتر بەشی چوارەم دیاریکراوە بە ئەنجامی رووپێوی پراکتیکی توێژینەوەکە و دەرخستنی رۆڵی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران. هاوکات کۆتا بەشی توێژینەوەکە، پەیوەستە بە ئەنجامی گریمانەکانی توێژینەوەکە.

# بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدنامەی توێژینەوە

## - دەروازە -

لەم بەشەدا چوارچێوەی گشتیی میتۆدنامەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، لە ڕێگەی دیاریکردنی کێشە و پرسیار و گرنگی و ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە. دواتر خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو پەیوەست بە هەردوو گۆڕاوی توێژینەوەی ئێستا و تیۆرە میدیاییەکانی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا. پاشان ئاماژەکردن بە گرنگترین سوودەکانی ئەو توێژینەوانە بە توێژینەوەی ئێستا. هەر لە چوارچێوەی ئەم بەشەدا، جۆر و میتۆدی توێژینەوە و کۆمەڵگە و سامپڵ و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری خراونەتەڕوو، لەگەڵ نمایشکردنی گۆڕاوەکان و ڕاستی و جێگیریی توێژینەوەکە و هاوکێشەی ئاماری و سنووری توێژینەوەکە. لەکۆتایی ئەم بەشەدا، دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو کە خۆی لە هەشت چەمکدا دەبینێتەوە.

## یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

هەرچەندە ماوەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل (MOJO) وەکو جۆرێکی نوێ و هاوچەرخی کاری ڕۆژنامەوانی، کورتە و هێشتا بە تەواوەتی لای میدیاکاران نەبووە بە پیشەیەکی باو، بەڵام بە خێرایی جێگەی خۆی لەنێو دامەزراوە میدیاییە فرەچەشنەکان کردۆتەوە و بەشدارە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی و هونەرە ڕۆژنامەوانییەکاندا. بەشێوەیەك بەهۆی تایبەتمەندێتییەکانی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییەوە، کەناڵە میدیاییەکان وەکو ئامرازێکی ئاسان و خێرا و کەم تێچوو لە بەرهەمهێنان و ڕووماڵکردنی میدیاییدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

لەو سۆنگەیەوە و پشتبەست بە ڕەهەندە تەکنیکی و خزمەتگوزارییە میدیاییەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵدا، توێژەر کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارە سەرەکییەدا دەخاتەڕوو: **تاچەندە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل ڕۆڵی هەیە لە بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا؟** دواتر توێژەر ئەو پرسیارە سەرەکییە بۆ هەشت پرسیاری لاوەکی، بەپێی لایەنی شیکاری و پراکتیکیی توێژینەوەکە چڕ دەکاتەوە:

### - پرسیارەکانی ڕووپێوی شیکاری

1- ئەو بابەتانەی هەواڵ چین کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا ئامادە دەکرێت؟

2- کامانەن گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە ڕووماڵکردنی میدیاییدا بە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل پشتی پێ دەبەستن؟

3- کامانەن هۆکارە زەقکراو و ئاماژەپێدراوەکان لە ڕوومالّی هەواڵی بەرهەمهێنراو بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا؟

4– تا چەندە هاوسەنگیی رووماڵکردن لە هەواڵی بەرهەمهێنراو بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا دەپارێزرێت؟

**- پرسیارەکانی رووپێوی پراکتیکی**

1– کامانەن ئەو پرۆگرامانەی رۆژنامەگەریی مۆبایل کە لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکاردەهێنرێت؟

2– ئەو هونەرە رۆژنامەوانییانە چین، کە لە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە (MOJO) لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەرهەم دەهێنرێن؟

3– رۆژنامەگەریی مۆبایل چۆن ئاسانکاری بۆ میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەستەبەر کردووە، بەمەبەستی بەدەستخستن و رووماڵکردنی هەواڵدا؟

4– لە رووی تەکنیکی و کوالێتییەوە، رۆژنامەگەریی مۆبایل چ گرفتێکی بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دروستکردووە؟

**دووەم: گرنگییەکانی توێژینەوەکە**

توێژەر گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە رووی بایەخی زانستی و پراکتیکییەوە لە چوار خاڵدا کورت دەکاتەوە:

**- گرنگییە زانستییەکان:**

1– لە رووی زانستییەوە ئەم توێژینەوەیە گرنگی بە رۆڵی رۆژنامەگەریی مۆبایل دەدات، لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکارانی میدیای بینراودا کە تائێستا لەسەر ئاستی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، توێژینەوەی زانستی لەم بوارە نوێیەدا ئامادە نەکراوە. بەتایبەت کە لەئێستادا رۆژنامەگەریی مۆبایل (MOJO) بۆتە شێوازێکی نوێ و تارادەیەك باو لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵ و ماتریاڵی میدیای بینراودا.

2– دەکرێت ئەم توێژینەوەیە ببێت بە دەستپێك بۆ ئەو توێژینەوە میدیاییانەی کە لەم بوارەدا و لە گۆشەنیگای دیکەوە ئامادە دەکرێن و دەروازەی کارکردنی زانستی دەربارەی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەردەم توێژەرانی میدیایی لە هەرێمی کوردستان واڵا بکات، هاوشان لەگەڵ گۆڕانکارییە خێراکانی بواری میدیا و بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنیدا.

**- گرنگییە پراکتیکییەکان:**

1- لە رووی پراکتیکییەوە ئەم توێژینەوەیە پرۆگرامە تەکنیکییەکانی بەکارهاتوو لە رۆژنامەگەریی مۆبایلدا دەخاتەڕوو، بە هەردوو سیستمی (IOS، Android) کە ئاسانکاریی بۆ هەموو رۆژنامەوانان و بەتایبەت پەیامنێر و ریپۆرتەری کەناڵە ئاسمانییەکان دەکات، بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی میدیای بینراو بە مۆبایلی زیرەك ئامادە بکەن.

2- هاوکات توێژینەوەکە زانیاریی زانستی دەخاتە بەردەم دامەزراوە و کەناڵە ئاسمانییەکان، سەبارەت بە رۆڵی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵدا و ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئەم جۆرە نوێیەی رۆژنامەگەریی لە پرۆسەی پیشەسازیی هەواڵ و پەیامی میدیاییدا دروستیکردووە.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

لەسەر رۆشنایی پرسیارەکانی توێژینەوە، توێژەر هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانە بۆ هەردوو لایەنی شیکاریی و پراکتیکی توێژینەوەکە بهێنێتەدی:

**- ئامانجەکانی رووپێوی شیکاری:**

1- زانینی ئەو بابەتانەی هەواڵ کە لە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە، لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا ئامادە دەکرێت.

2- ئاشکراکردنی گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە رووماڵکردنی میدیاییدا بە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایل پشتی پێ دەبەستن.

3- چاودێریکردنی گرنگترین هۆکارە زەقکراو و ئاماژەپێدراوەکان لە رووماڵی میدیایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

4- زانینی ئاستی هاوسەنگیی رووماڵکردن لە هەواڵی بەرهەمهێنراو بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

**- ئامانجەکانی رووپێوی پراکتیکی:**

1- زانینی ئەو پرۆگرامانەی رۆژنامەگەریی مۆبایل کە لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەکاردەهێنرێن.

2- دەرخستنی ئەو هونەرە رۆژنامەوانییانەی لە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەرهەم دەهێنرێن.

3- چاودێریکردنی ئاستی ئاسانکارییەکانی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بۆ میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بەمەبەستی بەدەستخستن و ڕوومالّکردنی هەواڵدا.

4- دیاریکردنی گرفتە تەکنیکییەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

**چوارەم: گریمانەکانی توێژینەوەکە**

1- پەیوەندیی ئاماژەی ئاماریی هەیە لەنێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

2- جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییە دیموگرافییەکان.

3- جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییە دیموگرافییەکان.

4- جیاوازی لەنێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا هەیە، لە شێوەی چێوەگرتنی هەواڵە بەرهەمهێنراوەکانیان بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە ڕووەکانی ئاڕاستە و شێوازی ڕووماڵکردنەوە.

**پێنجەم: توێژینەوەکانی پێشوو**

لە ئەنجامی گەڕانی توێژەر بە دوای توێژینەوە زانستییەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، دەرکەوت ژمارەیەك توێژینەوە بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و عەرەبی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لەبارەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵ و پەیامی میدیای بینراو ئامادە کراوە، بۆیە توێژەر ژمارەیەك لەو توێژینەوانە دەخاتەڕوو کە لە ڕووی تیۆری و ئامانجەوە نزیکایەتی و پەیوەندییان لەگەڵ توێژینەوەی ئێستادا هەیە و بەپێی ڕیزبەندی (نوێترین بۆ پێشترین) و لە سێ تەوەردا دەخرێنەڕوو.

**یەکەم: توێژینەوەکانی تایبەت بە تەوەری ڕۆژنامەگەریی مۆبایل**

1- توێژینەوەی عزيزة محمد نور (2020)، بەناونیشانی: (**أستخدام الهاتف المحمول في إثراء محتوى الإعلام "الجزيرة أنموذجا"**).

ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل دەربخات، لە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی لە کەناڵی ئاسمانی جەزیرەدا، هەروەها زانینی سروشتی پەیوەندیی نێوان ڕۆژنامەوان و هاووڵاتیی ئاسایی لە پرۆسەی پیشەسازیی ناوەڕۆکی میدیایی لە ڕێگەی (MOJO)دا. لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئەو پێوەرە پیشەییانەی کە دیجیتاڵ میدیای

کەناڵەکە لە هەڵبژاردنی چیرۆکە هەواڵەکان و پەخشکردنی لە ڕێگەی تەکنەلۆجیای مۆبایلی زیرەکەوە پەیڕەوی دەکات. ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی میتۆدی وەسفیی ڕووپێوی ئامادەکراوە و هەردوو ئامرازی چاوپێکەوتن و تێبینی زانستی بەکارهێنراوە، بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و شیکردنەوەیان. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە (تۆڕی میدیایی ئەلجەزیرە) کە بارەگای سەرەکی لە شاری دەوحەیە. هاوکات سامپڵی توێژینەوەکە پێکدێت لە بەشێك لە راپۆرت و هەواڵە بەرهەمهێنراوەکانی ئەو تۆڕە. بەگوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك گۆڕانکاری لە شێوە و جۆری بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیاییدا دروستکردووە و بۆتە رۆژنامەگەرییەکی نوێ لە گێڕانەوەی چیرۆکە هەواڵ و ماتریاڵی بینراوی ورد و قوڵدا. ئەمە جگە لەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی خێراتر کردووە، بەتایبەت لە سەروبەندی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنای نوێ لە جیهاندا (نور، 2020).

2- توێژینەوەی Anja Salzmann et al (2020)، بەناونیشانی:

**(We in the Mojo Community – Exploring a Global Network of Mobile Journalists).**

ئەم توێژینەوەیە گوزارشت لە خۆگونجاندنی رۆژنامەوانان دەکات لەگەڵ تەکنەلۆجیای نوێی گەیاندن و لەنێویدا رۆژنامەگەریی مۆبایلدا، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە چاودێریکردنی بەرهەمی میدیایی تۆڕی جیهانیی رۆژنامەگەریی مۆبایل بۆ ماوەی دوو ساڵ لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك و شیکردنەوەی سروشتی کاری ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە نوێیە و کاردانەوەی لەسەر ئەدای کاری رۆژنامەوانان و پێشکەشکردنی نوێگەریی لە ماددەی میدیاییدا. ئەم توێژینەوەیە لە توێژینەوە چۆنایەتییەکانە (qualitative) کە لە ڕێگەی شیکردنەوە و سازکردنی چاوپێکەوتنی زانستی لەگەڵ 17 راهێنەری رۆژنامەگەریی مۆبایل لە 11 وڵاتی جیهاندا داتاکان بەدەستهاتوون. بەوپێیە کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە میدیاکاران و دواتر لە ڕێگەی سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستدارەوە، ژمارەیەك راهێنراو وەرگیراون. توێژەران گەیشتوونەتە ژمارەیەك ئەنجام لەوانە: نەك تەنها رۆژنامەوانان، بەڵکو هاووڵاتیانی ئاساییش بە دوای وەرگرتنی زانیاری تەکنیکی و چۆنێتی شارەزابوون لە رۆژنامەگەریی مۆبایلدان و پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی پەیامی میدیاییش لە ڕێگەی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە نوێیەوە لە زیادبووندایە (Salzmann et al, 2020).

3- توێژینەوەی سمیە بن زکە و نزهە حنون (2020)، بەناونیشانی: **(أستخدام الصحفيين الجزائريين لصحافة الموبايل في تغطية أحداث الحراك الشعبي بعد (22) فيفري 2019).**

توێژەران لە توێژینەوەکەیاندا هەوڵ دەدەن کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکراو بهێننەدی، لەوانە: دەرخستنی هۆکار و پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە ڕووماڵکردنی ڕووداوی خۆپیشاندانەکانی 2019دا لەلایەن میدیاکارانی جەزائیرەوە. هەروەها زانینی ئاستی پشتبەستنی میدیاکارانی ئەو وڵاتە بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە ڕووماڵکردنی ئەو ڕووداوانەدا. دواتر دۆزینەوەی ئەو تایبەتمەندێتی و خەسڵەتانەی کە ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە لە ڕووماڵکردنی ئەو

رووداوانەدا فەراهەمی کردووە. ئەم توێژینەوەیە، میتۆدی وەسفیی رووپێوی جێبەجێکردووە و ئامرازی فۆرمی راپرسی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش بریتییە لە هەموو ئەو میدیاکارە جەزائیرییانەی کە رۆژنامەگەریی مۆبایل-یان لە رووماڵکردنی ئەو رووداوانەدا بەکارهێناوە. بۆیە توێژەران پەنایان بۆ سامپڵێکی هەڕەمەکی مەبەستدار بردووە کە قەبارەکەی بریتی بوو لە (24) بەرتوێژ. بەگوێرەی گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە: میدیاکارانی میدیای خوێنراو لە پێشەوەی میدیاکارانی ئامرازەکانی دیکەی راگەیاندنن کە رۆژنامەگەریی مۆبایل-یان لە رووماڵکردنی ئەو رووداوانەدا بەکارهێناوە. هەروەها هۆکاری پەنابردنی میدیاکارانی جەزائیر بۆ ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بریتییە لە دەستپێشخەری لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و مومارەسەکردنی تەکنەلۆجیایەکی نوێی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی هەواڵ (بن زکە و حنون، 2020).

4- توێژینەوەی Matthew N. Bui et al (2019)، بە ناونیشانی:

**(Making the 21st Century Mobile Journalist: Examining Definitions and Conceptualizations of Mobility and Mobile Journalism within Journalism Education).**

ئامانجی ئەو توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی چۆنێتی خۆگونجاندنی فێرگە و ناوەندە میدیاییەکان لەگەڵ بەرهەمهێنانی ماددەی رۆژنامەوانی و بەکاربردنی لە رێگەی تەکنەلۆجیای مۆبایلی زیرەکەوە. هەروەها دەرخستنی ئاستی پێویستیی مەشقپێکردنی رۆژنامەوانان بە تەکنیکەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل. ئەمە جگە لە دیاریکردنی ئەو ئاسانکارییانەی کە بەهۆی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییەوە بۆ رۆژنامەوانان دەستەبەر بووە. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی رووپێوی جێبەجێکردوە لە رێگەی بەکارهێنانی هەردوو ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ (174) پرۆگرامی خوێندن لە هەشت زانکۆ و کۆلێجی جیاجیای میدیا لە ئەمریکا، هەروەها ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی زانستیی لەگەڵ (54) تازەدەرچووی کۆمەڵەی فێربوونی کاری رۆژنامەوانی و کۆمۆنیکەیشن (AEJMC). لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە: پرۆگرامەکانی خوێندن لەو هەشت زانکۆ و کۆلێجە وەکو پێویست وانە و تەکنیکەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لەخۆناگرێت، ئەمە جگە لەوەی رۆژنامەوانە دەرچووەکانی دامەزراوەی (AEJMC) بەشێوەیەکی هەڕەمەکییانە و کەمتر لە پیشەییبوون، مۆبایلی زیرەك لەکاری رۆژنامەوانیدا بەکاردەهێنن. هاوکات رۆژنامەگەریی مۆبایل ئاسانکاریی بۆ رۆژنامەوانان کردووە، لە کەمکردنەوەی کەرەستەکانی تۆمارکردنی ڤیدیۆ، هەروەها ئاسانی جوڵەکردن لەکاتی رووماڵکردندا. (Bui et al, 2019).

5- توێژینەوەی سناء یوسف محمد شاهین (2018)، بەناونیشانی: **(صحافة المحمول و انعكاساتها على الممارسة الإعلامية "دراسة على عينة من الإعلاميين العرب بدولة الإمارات العربية المتحدة).**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە زانینی چەمکی رۆژنامەگەریی مۆبایل، هەروەها هەڵسەنگاندنی ئاستی سوودوەرگرتنی میدیاکارانی عەرەب لە توانای ئەم رۆژنامەگەرییە لە راییکردنی ئەرکە رۆژنامەوانیەکانیان. دواجار

دۆزینەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی کە (MOJO) لە ژینگەی کاری میدیاییدا دروستیکردووە. توێژینەوەکە هەردوو میتۆدی وەسفیی شیکاری و مێژوویی جێبەجێکردووە و هەرسێ ئامرازی تێبینی و چاوپێکەوتنی زانستی و فۆرمی راپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش پێکدێت لە میدیاکارانی عەرەب و سامپڵێکی مەبەستداری ناڕێکخراوی لە میدیاکارانی دامەزراوە میدیاییەکانی ئیمارات وەرگرتووە کە قەبارەکەی (80) بەرتوێژ بووە. لە گرنگترین ئەنجامەکانی: رۆژنامەگەریی مۆبایل رۆڵێکی کارای هەیە لە پێشخستنی ئەدای میدیاکاران لە ئەرکە پراکتیکی و مەیدانیەکانیاندا، هەروەها ئەم چەشنە رۆژنامەگەرییە توانایەکی فراوانی هەیە لە دەستپێشخەری لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی بەپەلە، لەگەڵ ئەوەشدا (MOJO) بە قۆناغی یەکەمی رۆژنامەگەریی زیرەك ئەژمار دەکرێت (شاهین، 2018).

## دووەم: توێژینەوەکانی تایبەت بە تەوەری هەواڵی تەلەفیزیۆنی

6- توێژینەوەی عمر أبو عرقوب (2019)، بە ناونیشانی: (**نموذج غرف الأخبار الذكية وأستخدام الوسائل الاتصالية الحديثة فيها**).

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە ناساندن و روونکردنەوەی ژووری زیرەکی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بۆ میدیاکاران و هەروەها چاودێریکردنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئامراز و تەکنیکی هاوچەرخی گەیاندن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزۆنیدا دروستیکردووە، دواتر زانینی چۆنێتی خۆگونجاندنی ژووری هەواڵی تەلەفیزیۆنی لەگەڵ پێشکەوتنی خێرای ئامرازەکانی گەیاندن و بەرهەمهێنانی میدیاییدا. توێژینەوەکە پیادەی میتۆدی وەسفی رووپێوی کردووە و هەردوو ئامرازی تێبینی زانستی و چاوپێکەوتنی قوڵی بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە کارمەندان و میدیاکارانی ژووری هەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی ئەلجەزیرەی ئینگلیزی و عەرەبی و سامپڵێکی مەبەستدار وەرگیراوە کە پێکهاتووە لە (9) بەڕێوەبەر و میدیاکاری ژووری هەواڵی هەردوو کەناڵەکە. لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: ئامرازە هاوچەرخەکانی گەیاندن کاریگەرییان بەسەر ژووری هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا هەیە، لە رووی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵ (کۆکردنەوەی هەواڵ، مامەڵەی دەستکاریکردن و گۆڕانکاری، پەخشکردن و فیدباك)، هەروەها ستاف ژووری زیرەکی هەواڵ هەوڵی لێبڕاوانە دەدەن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ جۆرەکانی میدیای نوێدا وەك: هاوڵاتی رۆژنامەوان، رۆژنامەگەریی مۆبایل، رۆژنامەگەریی رۆبۆت و رۆژنامەگەریی داتاکان (أبو عرقوب، 2019).

7- توێژینەوەی Jan Visnovsky et al (2018)، بەناونیشانی:

**(Television News as an Information Source and Its Perception in Slovakia).**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی رۆڵی هەواڵ و راپۆرتە هەواڵی تەلەفیزیۆنی لە پێدانی زانیاری نوێ و ورد بە کۆمەڵگەی سلۆڤاکیا، هەروەها هەڵسەنگاندنی توانای وەرگر لە تێگەیشتنی هەواڵە تەلەفیزیۆنییەکان لەچوارچێوەی

گەشتی هەواڵەکاندا، لەگەڵ دیاریکردنی ئاستی شیکردنەوەیان بۆ زانیارییە بەدەستهاتووەکان لەلایەن وەرگرەوە. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی جێبەجێکردووە و ئامرازەکانی فۆرمی راپرسی و فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەکارهێنراوە و بەسەر سامپڵێکی هێشویی لە دانیشتووانی شەش گەورە شاری سلۆڤاکیا دابەشکراوە. لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە: هەواڵ و راپۆرتە هەواڵی تەلەفیزیۆنی سەرچاوەیەکی گرنگی وەرگرتنی زانیارییە لای کۆمەڵگەی سلۆڤاکیا و زانیاری لۆکاڵی و جیهانییان پێدەبەخشێت، بەشێوەیەك چیرۆکەهەواڵە بینراوەکان بۆتە ئامرازێك بۆ فراوانکردنی بیرکردنەوەی تاك و دەوڵەمەندکردنی تێگەیشتنیان لەبارەی گۆڕانکارییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە بەپێی تایبەتمەندێتی تەمەن و شارەزاییان، هەروەها کاردانەوەی تاك و کۆمەڵگە و ئاوێتەبوونیان بە هەواڵی تەلەفیزیۆنی، بەپێی کات و تەمەن و ئاستی زانستیی دەگۆڕێت (Visnovsky et al, 2018).

8- توێژینەوەی یوسف عوض المشاقبة (2018)، بەناونیشانی: **(المراسل الصحفي ودوره في إثراء النشرات الإخبارية في التلفزيون الأردني).**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی رۆڵی پەیامنێر لە دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی گەشتی هەواڵەکان لە تەلەفیزیۆنی ئوردندا، لەگەڵ دەرخستنی ئەو سەلیقە رۆژنامەوانییانەی کە پێویستە لە پەیامنێردا هەبێت، بۆ دەوڵەمەندکردنی گەشتی هەواڵەکان، هاوکات زانینی بەربەستەکانی بەردەم پەیامنێر لەکاتی بەدەستهێنانی زانیاریدا. توێژینەوەکە پیادەی میتۆدی وەسفیی رووپێوی کردووە و هەردوو ئامرازی فۆرمی راپرسی و چاوپێکەوتنی زانستی بەکارهێناوە. سامپڵی توێژینەوەکەشی لە شێوەی هێشوویی هەڵبژاردووە لە میدیاکارانی تەلەفیزیۆنی ئوردن. لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: بە ئاستی مامناوەند پەیامنێرانی تەلەفیزیۆنی ئوردن رۆڵیان هەیە لە دەوڵەمەندکردنی گەشتی هەواڵەکاندا. بوونی رۆتینات و بیرۆکراتییەت لە کار و رێنماییەکاندا، بەربەستی گەورەی بەردەم پەیامنێرانی ئەو تەلەفیزیۆنەیە، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی گەشتی هەواڵەکاندا. ئەمە جگە لەوەی دیارترین مەرجی سەلیقەیی لە پەیامنێردا بریتییە لە توانای گوێگرتن و ئیدارەدانی گفتوگۆی رۆژنامەوانی و شیکردنەوەی هەواڵ و داڕشتنی ورد و هەڵسەنگاندنی بابەتییانەی هەواڵ و رووداوەکان (المشاقبة، 2018).

9- توێژینەوەی مالك رحاب محمود العزة (2017)، بە ناونیشانی: **(إستخدام التقنيات التلفزيونية الحديثة وتأثيرها على زيادة متابعة مشاهدة البرامج الإخبارية في التلفزيون الأردني).**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: زانینی کاریگەریی بەکارهێنانی کارتێکەرە دەنگی و بینراوەکان لە پرۆگرامەکانی هەواڵ لە تەلەفیزیۆنی ئوردنیدا لە زیادکردنی بینەری ئەو جۆرە پرۆگرامانە، هەروەها زانینی مەودای بەشداریی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ، لە زیادکردنی کوالیتی پرۆگرام و گەشتی هەواڵەکانی تەلەفیزیۆنی ئوردندا. بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش، توێژینەوەکە پیادەی میتۆدی وەسفیی رووپێوی کردووە، لەگەڵ بەکارهێنانی ئامرازی فۆرمی راپرسی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان. توێژەر کارمەندانی تەکنیکی لە تەلەفیزیۆنی ئوردنی وەکو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

دیاریکردووە و دواتر سامپڵێکی مەبەستداری لە (110) بەرتوێژ هەڵبژاردووە. بەگوێرەی ئەنجامی توێژینەوەکەش، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای هاوچەرخی گەیاندن و پەیوەندیی دەبێتە هۆی زیادکردنی بینەری تەلەفیزیۆنی بەشێوەیەکی بەرچاو، بەتایبەت لە گەشت و پرۆگرامەکانی تایبەت بە هەواڵ. هەروەها توێژینەوەکە سەلماندویەتی کە پەیوەندیی ئاماژەی ئاماریی هەیە لەنێوان تەکنەلۆجیای هاوچەرخی تەلەفیزیۆنی و بەرزی ئاستی بینەری پرۆگرام و گەشتی هەواڵەکان (العزة، 2017).

10- توێژینەوەی عامر إبراهيم العمرو (2015)، بە ناونیشانی: **(تقييم الصحفيين الأردنيين لمهنية الأخبار في التلفزيون الأردني).**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە: زانینی ئاستی ڕەچاوکردنی پێوەرە ئیتیکییەکان لە هەواڵە پەخشکراوەکانی تەلەفیزیۆنی ئوردندا وەك (ڕاستگۆیی، بابەتیبوون و وردبینی)، هەروەها زانینی ئاستی پابەندبوون بە پێوەرە میدیاییەکان لە هەواڵی ئەو کەناڵەدا، لەگەڵ دیاریکردنی ئاستی هێنانەدی پێداویستی و ویستی بینەری هەواڵی تەلەفیزیۆنی ئوردنی. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفیی ڕووپێوی جێبەجێکردووە و ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەکارهێناوە، هاوکات سامڵێکی هەڕەمەکی لە میدیاکارانی ئەندام لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئوردن هەڵبژاردووە. لەگرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: ئاستی ڕەچاوکردنی پێوەرە میدیایی و ئیتیکییەکان لە هەواڵە پەخشکراوەکانی تەلەفیزیۆنی ئوردنی لە پلەی مامناوەنددایە، هاوکات هەڵسەنگاندنی ڕۆژنامەوانان لە فرەیی سەرچاوەکانی هەواڵدا بەهەمان شێوە لە ئاستی مامناوەندایە. لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی هێنانەدی پێداویستی و ویستی بینەری هەواڵی تەلەفیزیۆنی ئوردن لە پلەیەکی نزمدایە (العمرو، 2015).

**سێیەم: توێژینەوەکانی تایبەت بە تەوەری هەردوو تیۆری میدیایی توێژینەوەکە**

11- توێژینەوەی هبە عیسی خطاطبة (2020)، بە ناونیشانی: **(دور البرامج التلفزيونية في تعزيز حرية الرأي والتعبير "في فلك الممنوع" على قناة (فرانس 24) أنموذجا).**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە ناسینی ئەو پرس و بابەتانەی کە لە ڕێگەی پرۆگرامی "في فلك الممنوع"ەوە وروژێنراون، هەروەها زانینی شێوازی دیالۆگی میوانانی پرۆگرامە و دیاریکردنی ڕەگەزەکانی "دەرخستن و زەقکردنەوە" کە لە پرۆگرامەکەدا بەکارهێنراوە. توێژینەوەکە میتۆدی ڕووپێویی شیکاریی پیادەکردووە و ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەش بریتییە لەو ئەڵقانەی پرۆگرامی "في فلك الممنوع"ی کەناڵی فرانس 24 کە لە سەرەتای ساڵی 2019 بۆ کۆتایی مانگی (3)ی ساڵی 2020 پەخشکراون. دواتر (12) ئەڵقەی ئەو ماوەیە وەکو سامپڵێکی مەبەستدار وەرگیراوە. لە گرنگترین ئەنجامەکانی: ڕێژەی زۆری ئەڵقە وەرگیراوەکانی ئەو پرۆگرامە تایبەت بوون بە پرس و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، پاشان ئاینییەکان و دواتر سیاسییەکان و پاشان

سێکسییەکان. هاوکات ڕێژەی میوانی ڕەگەزی نێر لە پڕۆگرامەکەدا یەکسان بووە بە ڕێژەی میوانی ڕەگەزی مێ. لەلایەکی دیکەوە ڕێژەی (72٪)ی میوانی پڕۆگرامەکە، لایەنگری ناوەڕۆکی ئەڵقەکان بوون (خطاطبة، 2020).

12- توێژینەوەی عبدالله محمد حمدان العرامين (2020)، بە ناونیشانی: (**البرامج الأقتصادية في تلفزيون فلسطين "دراسة تحليلية"**).

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانە بهێنێتەدی: زانینی ئەو پرسە ئابوورییانەی کە لە پڕۆگرامی "المجلة الأقتصادية"ی فەلەستیندا تاوتوێ دەکرێت. هەروەها زانینی ئاستی بابەتیبوون لە گفتوگۆ لەگەڵ میوانانی پڕۆگرامە تەلەفیزیۆنییەکەدا. لەگەڵ زانینی ئەو لە چێوەدانە میدیاییەی کە پڕۆگرامەکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە ئابوورییەکاندا پشتی پێبەستووە. ئەم توێژینەوەیە میتۆدی ڕووپێویی شیکاریی جێبەجێکردووە و ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێنراوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لەو بابەتانەی کە لە پڕۆگرامی "المجلة الأقتصادية"دا وروژێنراون و لە ڕێگەی سامپڵێکی مەبەستدارەوە ئەڵقەکانی پڕۆگرامەکە لە ماوەی نێوان (1ی تەموزی 2019 بۆ 1ی تشرینی یەکەمی 2019) وەرگیراوە. لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەدا هاتووە: بۆ تاوتوێکردنی پرسە ئابوورییەکان، پڕۆگرامە بەپلەی یەك پشتی بە سەرچاوەی حکومییەکان بەستووە، هەروەها دەرکەوتووە کە پڕۆگرامەکە بە شێوەیەکی بابەتییانە دیالۆگەکانی بەڕێوەبردووە و پێشکەشکار بەدوور بووە لە خستنەڕووی بۆچوون و هەڵوێستی تایبەتی خۆی بەرامبەر بە پرسەکان. هاوکات پشت بە لەچێوەدانی (ململانێی فەلەستین - ئیسرائیل) بەستراوە لە گفتوگۆکردنی پرس و کێشە ئابوورییەکاندا (العرامين، 2020).

13- توێژینەوەی موسی سالم الكساسبة (2019)، بە ناونیشانی: (**المعالجة الأخبارية للأزمة السورية في القنوات الفضائية الموجهة باللغة العربية: دراسة تحليلية مقارنة لقناتي "روسيا اليوم - فرانس 24" أنموذجا**).

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردن و شیکردنەوەی چوارچێوەی پرسە گرنگەکانی سوریا لە گەشتی هەواڵی هەردوو کەناڵەکە، هەروەها شیکردنەوەی چۆنایەتی (Qualitative) بۆ لەچێوەدانە سەرەکی و لاوەکییەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانی سوریا لە گەشتی هەواڵەکانی ئەو دوو کەناڵەدا. توێژینەوەکە پشتی بە میتۆدی ڕووپێویی شیکاریی بەستووە و ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەکارهێناوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکەش بریتییە لە سەرجەم گەشتی هەواڵە پێشکەشکراوەکان لەهەردوو کەناڵی (روسیا ئەلیەوم و فرانس 24)، دواتر سامپڵێك لە شێوازی (هەفتەی دەستکرد) لەماوەی نێوان (2018/10/1 بۆ 2019/2/28) لە گەشتی هەواڵەکان وەرگیراوە. لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوە: داتاکان دەریانخستووە کە ئاراستەکانی مامەڵەی هەواڵ بۆ قەیرانی سوریا لە گەشتی هەواڵەکانی کەناڵی (فرانس 24) بێ لایەن بووە، بەڵام لە کەناڵ (روسیا ئەلیەوم) لایەنگیریی پێوە دیار بووە. هاوکات هەردوو کەناڵەکە گرنگی زۆریان بە پرسە سیاسییەکانی پەیوەست بە قەیرانی سوریا داوە (الكساسبة، 2019).

14- توێژینەوەی مروان یوسف شحاذة (2019)، بە ناونیشانی: **(التغطية الإخبارية للأزمة الخليجية في قناتي "الجزيرة" و "سكاي نيوز عربية" دراسة تحليلية لبرنامجي "ما وراء الخبر" و "غرفة الأخبار").**

ئامانجی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە زانینی ئاستی بێ لایەنی لە پرۆگرامی "ما وراء الخبر" و "غرفة الأخبار" لە میانی رووماڵکردنی قەیرانی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ قەتەر. هەروەها ئاشکراکردنی گرنگترین لە چێوەدانی میدیایی بەکارهێنراو لەو دوو پرۆگرامە لەچوارچێوەی رووماڵکردنی ئەو قەیرانەدا. دواتر زانینی ئەو سەرچاوانەی هەواڵ کە پرسی قەیرانی وڵاتانی کەنداویان لەگەڵ قەتەر گەنگەشە کردووە. توێژینەوەکە میتۆدی وەسفیی شیکاریی جێبەجێکردووە و ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەکارهێناوە. کۆمەڵگای توێژینەوەش خۆی لە هەردوو کەناڵی "ئەلجزیرە" و "سکای نیوزی عەرەبی" دەبینێتەوە و سامپڵەکەشی بریتییە لە سەرجەم ئەڵقەکانی ئەو دوو پرۆگرامە لەماوەی نێوان (2017/6/5 بۆ 2017/7/15) کە پێکهاتووە لە (40) ئەڵقە. لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: دەرکەوتووە هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکە ئەو کەسانەیان وەکو میوانی هەردوو پرۆگرامەکە بانگهێشتکردووە، کە لایەنگری و پاڵپشتیی لە سیاسەتی کەناڵەکان دەکەن و تەنها لەگۆشەنیگایەکەوە تاوتوێی قەیرانی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ قەتەر کردووە. هەردوو کەناڵەکە پشتیان بە سەرچاوەی فەرمی بەستووە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی ئەو قەیرانەوە، ئەمەش گوزارشتە لە بابەتیبوون و راستگۆیی دوو کەناڵەکە (شحاذة، 2019).

15- توێژینەوەی راجیة إبراهيم عوض عطاالله (2018)، بە ناونیشانی: **(أطر معالجة مواقع الفضائيات الإخبارية العربية والناطقة بالعربية لقضايا الأمن القومي العربي).**

توێژینەوەکە مەبەستێتی سێ ئامانج بهێنێتەدی لەوانە: زانینی قەبارە و پلەی گرنگیپێدانی ماڵپەڕی کەناڵە هەواڵەییە عەرەبییەکان بە پرسی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی. هەروەها زانینی جۆرەکانی لەچێوەدانی میدیایی کە لەلایەن ماڵپەڕی ئەو کەناڵانەوە زەقکراون لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئاسایشی نەتەوەییدا. دواتر دەرخستنی ئەرکی لەچێوەدانی بەکارهێنراو لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبیدا لەو کەناڵانە. توێژینەوەکە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییە شیکارییەکان و ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەکارهێناوە. ماڵپەڕی کەناڵە هەواڵەییە عەرەبییەکان بریتییە لە کۆمەڵگای توێژینەوە و لەڕێگەی سامپڵی گەمارۆی گشتگیرەوە هەریەك لە ماڵپەڕەکانی (قناة النيل الأخبارية، قناة العربية، قناة BBC، قناة روسيا اليوم) وەرگیراوە. توێژینەوەکە گەیشتۆتە ژمارەیەك ئەنجام کە گرنگترینیان بریتییە لە: ماڵپەڕە هەواڵەییەکان ژمارەیەك ئامرازی مەڵتی میدیای تایبەت بە پرسی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبیی بەکارهێناوە کە گرنگترینیان بریتییە لە بەکارهێنانی وێنەی ئەرشیفی. هەروەها ئەو ماڵپەڕەکانی سامپڵی توێژینەوە هاوشێوە بوون لە گرنگیپێدان و رێکخستنی پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، بەشێوەیەك پرسی سوریا لە پێشینەی پرسە گرنگەکانی ئەو ماڵپەڕانە بوون، پاشان بارودۆخی عیراق و لە پلەی سێیەمیش پرسی یەمەن (عطاالله، 2018).

- **سوودی توێژینەوەکانی پێشوو بۆ توێژینەوەی ئێستا :**

لە ڕێگەی خوێندنەوە و شەن و کەوی وردی سەرجەم توێژینەوەکانی پێشوو، توێژەر لە چەند ڕوویەکەوە بۆ داڕشتنی ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە سوودی لێیان بینی کە بریتین لە:

1- وەرگرتنی زانیاریی زیاتر لەبارەی بابەتی توێژینەوەکەوە، هەروەها بەرچاو ڕوونی بەخشی بە توێژەر لە داڕشتنی بیرۆکە و پەیکەربەندیی گشتیی توێژینەوەکە.

2- داڕشتنی میتۆدی توێژینەوەکەی، بە دیاریکراوی لە ڕووی داڕشتنی وردی کێشە و ئامانجی توێژینەوەکەوە.

3- سوودیان هەبوو لە هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاو بۆ وەرگرتنی داتا و زانیارییەکان لەلایەن توێژەرەوە.

4- ڕۆڵیان هەبوو لە دیاریکردنی کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە.

5- سوودیان هەبوو لە داڕشتنی چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە.

6- توێژینەوەکانی پێشوو هاوکار بوون لە شیکردنەوەی ئەنجام و گریمانەکانی توێژینەوەکە، بەتایبەت لە ڕووی بەراوردکردنی بە ئەنجامەکان.

7- توێژەر بەرچاو ڕوون بوو لە دۆزینەوەی سەرچاوە ڕەسەنە زانستییەکانی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەی ئێستا.

**شەشەم: جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە**

**1- جۆری توێژینەوەکە :**

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە وەسفییەکان (Descriptive studies)، کە بایەخ بە وردبینیکردن لە واقیعی ڕووداوەکان و دیاردە و هەڵوێست و بۆچوونەکان دەدات، پاشان شیکردنەوەیان، بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی بەسوود، یاخود ڕاستکردنەوە و نوێکردنەوەی واقیعەکان یان پێشخستنیان (ذو الفقار، 2014: 153).

**2- میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە میتۆدی ڕووپێوی (Survey Methodology) جێبەجێکردووە، بە پشتبەستن بە شێوازی ڕووپێوی شیکردنەوەی ناوەڕۆك و ڕای گشتیی، بەمەبەستی گەیشتن بە داتا و زانیارییەکان و زانینی ناوەڕۆکی هەواڵە بەرهەمهێنراوەکان بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و دەرخستنی ڕۆڵی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییەکان لای میدیاکاران.

**حەوتەم: کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە**

**1- رووپێوی شیکاری:**

**- کۆمەڵگەی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی رووپێوی شیکاریی بۆ ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لەو هەواڵە تەلەفیزیۆنییانەی کە بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)دا بەرهەمهێنراون.

**توێژەر هۆکاری هەڵبژاردنی هەواڵی بەرهەمهێنراو بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لەو دوو کەناڵە ئاسمانییە وەکو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ:**

1- بەراورد بە کەناڵە ئاسمانییەکانی دیکە، هەردوو کەناڵی (GK) و (پەیام) زۆرترین هەواڵیان بە رۆژنامەگەریی مۆبایل بەرهەمهێناوە.

2- بەشی زۆری هەواڵە بەرهەمهێنراوەکان بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لەو دوو کەناڵەدا، لەلایەن میدیاکارانەوە ئامادەکراون، پێچەوانەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانی دیکە کە بەشی زۆری هەواڵەکان لەلایەن هاووڵاتیانی ئاساییەوە بەرهەمهێنراون و دواتر ئاڕاستەی کەناڵەکە کراوە، کە ئەمەیان بابەتی ئەم توێژینەوەیە نییە.

3- توێژەر بەپێویستی زانیوە کە هەواڵی دوو کەناڵی جیاواز لە رووی (ماوەی دامەزراندن، ئامانج و ئاراستەی کارکردن و ئایدۆلۆجیای پشتی کەناڵەکە)، وەک کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دیاری بکات.

**- سامپڵی توێژینەوە:** سامپڵی رووپێوی شیکاریی، سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستدارە بۆ هەواڵەکانی بەرهەمهێنراو بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لەو دوو کەناڵە ئاسمانییەدا لە ماوەی نێوان (1 / 1 / 2021وە بۆ 1 / 4 / 2021) بە درێژایی سێ مانگی تەواو (90) رۆژ، ئەنجام قەبارەی سامپڵەکە بریتی بوو لە (76) هەواڵ.

**توێژەر هۆکاری دیاریکردنی ئەو ماوەیە وەکو سامڵپی ناهەڕەمەکی مەبەستداری توێژینەوەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ:**

1- لەدوای وتووێژی توێژەر لەگەڵ بەرپرسان و ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکە، دەرکەوت کە لە ناوەڕاستی ساڵی 2020دا، ئەو دوو کەناڵە بڕیاریانداوە کە رێگە بە پەیامنێر و میدیاکارەکانیان بدرێت مۆبایلی زیرەك بۆ کاری میدیایی بەکاربهێنن.

2- لە پاش هەماهەنگیی توێژەر لەگەڵ بەشەکانی (هەواڵ، پەیامنێران و پەخش) و پێداچوونەوەی سەرەتایی بە ناوەڕۆکی گەشت و کورتەی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵەکە، دەرکەوت کە لە سەرەتای ساڵی نوێی 2021ەوە، زۆرترین هەواڵ بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لەلایەن میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵەوە ئامادە و پەخشکراون.

2- **رووپێوی پراکتیکی:**

– **کۆمەڵگەی توێژینەوە:** کۆمەڵگەی رووپێوی پراکتیکی بۆ ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) کە بەشێوەیەکی کردارەکیی پیشەی رۆژنامەوانیی ئەنجام دەدەن.

**سامپڵی توێژینەوە:** لە رووپێوی پراکتیکیدا توێژەر پەنا بۆ جێبەجێکردنی شێوازی گەمارۆی گشتگیر ( Complete Census) لە وەرگرتنی سامپڵ دەبات، کە بریتییە لە میدیاکاری بەشەکانی: (ژووری هەواڵ، پەیامنێران، کامێرامان، پێشکەشکاران و پرۆدسیۆر و سۆشیال میدیا) لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام). کە قەبارەی ئەندامانی سامپڵ بریتی بوو لە (71) بەرتوێژ بەپێی تایبەتمەندێتی (رەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، ئەزموونی کارکردن، کەناڵ و پیشە) کە نمایشی (47) بەرتوێژ لەکەناڵی ئاسمانیی (GK) و (24) بەرتوێژ لەکەناڵی ئاسمانیی (پەیام) دەکات.

**هەشتەم: ئامرازەکانی توێژینەوە**

بەگوێرەی سروشتی کێشە و ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژینەوە هەردوو ئامرازی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك و فۆرمی راپرسی، بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان بەکاردەهێنێت.

1– **فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك:** جۆرێکە لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لە توێژینەوە زانستییەکان و بە دیاریکراوی توێژینەوە میدیاییەکاندا، بەمەبەستی وەسفکردن و شیکردنەوەی پەیامە میدیاییەکان لە رووی ناوەڕۆك و رواڵەتەوە، بۆ گەڕان بەدوای وەڵامی پرسیار و راستیی گریمانەکانەکان (المشهداني، 2020: 255).

توێژەر ئەم ئامرازە بەکاردەهێنێت، بەمەبەستی شیکردنەوەی وەسفیی چەندێتی ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانەی کە لە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە بەرهەمدەهێنرێن، ئەویش لە چوارچێوەی دەستە ناوەڕۆکییەکانی وەك: (بابەت، سەرچاوە، ئەرك، ئاڕاستە، تەوەرەکان جێگیربوون). پاشان جێبەجێکردنی رێکاری شیکاریی لە رێگەی دەستە رواڵەتییەکانەوە وەك: (شێوازی خستنەڕوو، هۆکارە زەقکراوەکان، هاوسەنگیی رووماڵکردن، شێوازی رووماڵکردن، شێوەزار). دواتر دەرخستن و روونکرنەوەی زانیارییەکان بە دووبارەبوونەوە و رێژەی سەدەی.

2– **فۆرمی راپرسی:** یەکێکە لە شێوازە بەکارهێنراوەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سامپڵی دیاریکراو، لە رێگەی ئاڕاستەکردنی کۆمەڵێك پرسیاری پێشتر ئامادەکراو لە ئەندامانی سامپڵ، بەمەبەستی زانینی راستیی دیاریکراو یان بۆچوونی سامپڵ یاخود ئەو هۆکارانەی کەر کاریگەرییان هەیە لەسەریان (سيد حسين، 2006: 178).

توێژەر ئەم ئامرازە بەکاردەهێنێت بەمەبەستی زانین و بەدەستخستنی داتا و زانیاری لەبارەی ئاست و شێواز و سروشتی بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە وەکو تەکنەلۆجیایەکی هاوچەرخ لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هونەرە میدیاییەکاندا، هەروەها رۆڵی ئەو رۆژنامەگەرییە لە بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا، لەگەڵ چاودێریکردنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەم جۆرە نوێیەی کاری رۆژنامەگەریی.

**نۆیەم: گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە**

1- **رووپێوی شیکاری:** گۆڕاوەکانی رووپێوی شیکاریی توێژینەوەکە بریتییە لە: (دەستە ناوەڕۆکییەکان: دەستەی بابەتی هەواڵ - دەستەی سەرچاوە - دەستەی ئەرکی هەواڵ - دەستەی ئاراستەی هەواڵ - دەستەی تەوەرەکان جێگیربوون)، (دەستە رواڵەتییەکان: دەستەی شێوازی خستنەڕوو - دەستەی هۆکارە زەقکراوەکان - دەستەی هاوسەنگیی رووماڵکردنی میدیایی - شێوازی رووماڵکردن - شێوەزار).

2- **رووپێوی پراکتیکی:** گۆڕاوەکانی رووپێوی پراکتیکیی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە: (گۆڕاوی سەربەخۆ: رۆژنامەگەریی مۆبایل)، (گۆڕاوی شوێنکەوتە: بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی)، (گۆڕاوی نێوەند: تایبەتمەندێتییە دیمۆگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە).

**دەیەم: راستی و جێگیری**

1- **راستی ئامرازەکانی توێژینەوە**

- **راستیی ئامرازی رووپێوی شیکاری:** توێژەر راستیی رواڵەتی (Face validity) بۆ هەڵسەنگاندنی راستیی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەکارهێنا و بەشێوەی بەرایی فۆرمەکەی ئاراستەی کۆمەڵێك هەڵسەنگێنەری پسپۆڕ لەبواری میدیای بینراو و میدیای نوێ کرد[*]، پاشان کاری هەموارکردنی هەندێك لە بڕگەکانی فۆرمەکە ئەنجامدا. ئەنجام راستیی توێژینەوەی شیکاریی بەم جۆرە بوو. هاوکێشەی راستی دەرەکی = بڕگە راستەکان/ کۆی بڕگەکان × 100، ئەنجامی راستی دەرەکی= 40 / 47 × 100 = 85.10، ئەم رێژەیەش ئاماژەیە بۆ بەرزی راستیی توێژینەوەکە.

- **راستیی ئامرازی رووپێوی پراکتیکی:** بەهەمان شێوە توێژەر راستیی رواڵەتی (راستی هەڵسەنگێنەران)ی بەکارهێنا و (فۆرمی راپرسی)ی کە لە سێ تەوەر پێکهاتبوو، بەشێوەی بەرایی ئاراستەی کۆمەڵێك هەڵسەنگێنەری پسپۆڕ لەبواری

---

(*) ناوی هەڵسەنگێنەران:

1- پ.د. محەمەد عەلی ئەلقەعاری: پسپۆڕی توێژینەوەی میدیایی - بەشی راگەیاندن - زانکۆی ئیمام لە عەرەبستانی سعودی

2- پ.د. عیماددین جابر: پسپۆڕی تەلەفیزیۆن - بەشی راگەیاندن - زانکۆی حەلوان لە کۆماری میسر

3- ی.پ.د. ئەشرەف محەمەد مازن ئەلمەناسیر: مامۆستای ئێزگە و تەلەفیزیۆن - کۆلیجی راگەیاندن - زانکۆی شەرقولئەوسەت - ئەردەن.

4- ی.پ.د. حەکیم عوسمان حەمید: مامۆستای تەلەفیزیۆن - راگری کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

5- ی.پ.د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵڵا: مامۆستای تەلەفیزیۆن - کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - زانکۆی سلێمانی.

6- ی.پ.د. یەحیا عومەر رێشاوی: مامۆستای میدیای نوێ - کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی - زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

7- ی.پ.د. سامان جەلال: مامۆستای تەلەفیزیۆن - کۆلیجی ئاداب - زانکۆی سەلاحەددین.

میدیادا کرد[**]، ئەنجام راستیی توێژینەوەی پراکتیکی بەم جۆرە بوو. هاوکێشەی راستی دەرەکی = بڕگە راستەکان/ کۆی بڕگەکان × 100، ئەنجامی راستی دەرەکی= 112 / 118 × 100 = 95، ئەم ڕێژەیەش ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاستی راستیی توێژینەوەکە.

## 2- جێگیریی ئامرازەکانی توێژینەوە:

**– جێگیریی ئامرازی رووپێوی شیکاری:** بۆ جێگیریی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، توێژینەوەکە پشت بەشێوازی هۆلستی بەستووە بەم شێوەیە: ﴾ [M] CR =2M ÷ (N1+N2) = ژمارەی ئەو دۆخانەی کە هەردوو توێژەر لەسەری کۆکن﴿ ﴾N1 = ژمارەی ئەو دۆخانەی کە توێژەری یەکەم پێی گەیشتوە﴿ ﴾N2 = ژمارەی ئەو دۆخانەی کە توێژەری دووەم پێی گەیشتوە﴿، بۆیە تێکڕای جێگیریی بەم شێوەیە دەردەچێت: 29×2÷34+34=58÷68= 85.29٪. بەو واتایەی هەردوو توێژەر کۆکن بەڕێژەی 85.29٪ کە ڕێژەیەکی بەرزە بۆ سەلماندنی جێگیریی توێژینەوەکە.

**– جێگیریی ئامرازی رووپێوی پراکتیکی:** توێژەر پشت بە جێگیریی ڕێکی ناوخۆیی (Internal Consistency) بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ئەلفاکرونباخ) دەبەستێت، ئەنجام دەرکەوت کە پلەی جێگیریی بۆ پرسیارە تەرتیبییەکانی پێوانەی را، بریتییە لە (0.882)، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاستی جێگیری داتاکانی توێژینەوەی پراکتیکی. وەك لە خشتەی ژمارە (1)دا روونکراوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (1)**

ئەنجامی هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ بۆ جێگیریی فۆرمی راپرسی

| بڕگە | ژمارەی بڕگەکان | پێوانە و رادەی جێگیرییان |
|---|---|---|
| بۆچوونی میدیاکاران پەیوەست بە گرفتە تەکنیکییەکان و لایەنە ئەرێنییەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە رۆژنامەگەریی مۆبایل | 15 | 0.882 |

[**]ناوی هەڵسەنگێنەران:

1– پ.د. محەمەد عەلی ئەلقەعاری: پسپۆڕی توێژینەوەی میدیایی – بەشی راگەیاندن – زانکۆی ئیمام لە عەرەبستانی سعودی

2– پ.د. عیماددین جابر: پسپۆڕی تەلەفیزیۆن – بەشی راگەیاندن – زانکۆی حەلوان لە کۆماری میسر

3– ی.پ.د. ئەشرەف محەمەد مازن ئەلمەناسیر: مامۆستای ئێزگە و تەلەفیزیۆن – کۆلیجی راگەیاندن – زانکۆی شەرقولئەوسەت – ئەردەن.

4– ی.پ.د. حەکیم عوسمان حەمید: مامۆستای تەلەفیزیۆن – راگری کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی – زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

5– ی.پ.د. ئیبراهیم سەعید فەتحوڵڵا: مامۆستای تەلەفیزیۆن – کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلێمانی.

6– ی.پ.د. یەحیا عومەر ڕێشاوی: مامۆستای میدیای نوێ – کۆلیجی تەکنیکی کارگێڕی – زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

7– ی.پ.د. سامان جەلال: مامۆستای تەلەفیزیۆن – کۆلیجی ئاداب – زانکۆی سەلاحەددین.

**یازدەیەم: هاوکێشەی ئاماریی**

دوای کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی توێژینەوەکەوە، توێژەر پشتی بە پرۆگرامی (SPSS) بەستووە بۆ دیزاین و داخڵکردن و شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، بە ئامانجی شیکردنەوە و خستنەڕووی ئاماری وەسفیی سەرەتایی کە خۆی دەبینێتەوە لە (دووبارە – ڕێژەی سەدی – لادانی پێوەری – نێوەندیی ژمێرەیی – هاوکێشەی پەیوەست – هاوکێشەی جیاوازی – پلەی ئازاد – نێوەندیی ریزبەندیی – ئاستی باوەڕی). هەروەها شیکردنەوە و خستنەڕووی پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە کە بریتییە لە (سپێرمان – پیرسۆن – کندالّ تاو). پاشان شیکردنەوە و خستنەڕووی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە کە خۆی دەبینێتەوە لە شێوازی جیاوازی (non-parametric) کە نمایشی هاوکێشەی ( -Z) و (کاسکوێر) دەکات. هەروەها بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەلفاکرونباخ (Cronbach's alpha) بۆ دەرهێنانی جێگیریی ئامرازی توێژینەوەی پراکتیکی.

**دوازدەیەم: سنووری توێژینەوەکە**

1– **بابەت:** ناونیشانی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران).

2– **کات:** ئەم توێژینەوەیە لە ساڵی خوێندنی (2020 – 2021) وەك بەشێك لە پێداویستیی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر ئامادەکراوە.

3– **شوێن:** ئەم توێژینەوەیە لەهەرێمی کوردستان – عیراق، پارێزگای سلێمانی ئامادە کراوە.

4– **مرۆیی:** سنووری مرۆیی توێژینەوە بریتییە لە میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام).

**سیازدەیەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە**

**1– ڕۆڵ (Role):** ئەو ڕۆڵەی کە میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەیگێڕن، لە ڕوومالّی میدیایی هەواڵدا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە.

**2– ڕۆژنامەگەریی مۆبایل (Mobile journalism):** بریتییە لەگەیاندنی هەواڵ و ئامادەکردنی بەرهەمی میدیایی (بینراو، بیستراو و خوێنراو) لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێرە گەڕۆکەکانی وەکو (مۆبایل زیرەك، تابلێت و ئایپاد)، گەیەنەر بە تۆڕی پەیوەندیی ئاسایی لە ناردنی نامەی نووسراو و وێنە، یاخود بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێت و پرۆگرامەکانی تایبەت بە وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ و ئیمەیلەوە.

**3- بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنی (TV Production)**: بریتییە لە ئامادەسازیی مرۆیی و تەکنیکی، بەمەبەستی گۆڕینی بیرۆکەیەك یان زنجیرە بیرۆکەیەك بۆ چوارچێوەیەکی هونەریی کە رەنگ و وێنە و دەنگ و رووناکی لەخۆدەگرێت، بە ئامانجی پێشکەشکردنی ماتریالێکی میدیایی یەکانگیر و سەرنجڕاکێش بە بێنەر.

**4- هەواڵی تەلەفیزیۆنی (TV News)**: ئەو جۆرە هەواڵانەن کە تەکنیکی وێنەی جوڵاو (ڤیدیۆ) و دەنگ تیایدا بەرجەستە دەکرێت و لە شوێنی رووداوەکانەوە بە شێوەی راستەوخۆ یان تۆمارکراو رووماڵ دەکرێت و پاشان ئاراستەی جەماوەری وەرگر دەکرێت.

**5- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان (Kurdish satellite channels)**: بریتیە لەو کەناڵە ئاسمانییانەی کە بە زمانی کوردی خزمەتگوزارییە میدیاییەکان پەخش دەکەن، بە رێگەی مانگە دەستکردەکانی وەك ( Nile Sat, Hot Bird, Turk Sat, Lyng Sat) و لەلایەن کەرتی تایبەت و حزبی سیاسیی کوردییەوە خاوەندارێتی دەکرێن.

**6- میدیاکاران (Journalists)**: مەبەست لەو کەسانەی کە لە میدیای بینراوی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەشێوەیەکی پیشەیی و کردارەکی کاری رۆژنامەوانی دەکەن، بەتایبەت ئەو رۆژنامەوانانەی کە کاری رووماڵی هەواڵە تەلەفیزیۆنییەکان بەڕێوەدەبەن.

**7- کەناڵی GK**: کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان یەکێکە لە دامەزراوە میدیاییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە بارەگای سەرەکی لەشاری سلێمانییە لە هەرێمی کوردستان، بە پلەی یەکەم گرنگی دەدات بە پەخشکردنی هەواڵ. لە رۆژی (11)ی سیپتەمبەری ساڵی 1991، وەك یەکەم کەناڵی کوردیی ناوخۆیی دوای راپەڕین دەستی بە پەخش کردووە، دواتر لە رۆژی (1)ی یونیوی ساڵی 2008 ، پەخشی ئاسمانیی کەناڵی گەلی کوردستان بەهەردوو شێوەزاری (سۆرانی، کورمانجی) دەستپێکرد. ئێستاش پەخشی کەناڵەکە لەسەر هێڵی نایلسات بە فریکوێنسی 11636 / V 27500 H بەردەوامە.

**8- کەناڵی پەیام**: کەناڵێکی ئاسمانیی هەواڵی سیاسییە و لە ساڵی 2008-دا لەلایەن کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانەوە دامەزراوە کە ئێستا ناوی ئەو لایەنە سیاسییە گۆڕاوە بۆ "کۆمەڵی دادگەری". نووسینگەی سەرەکی ئەم کەناڵە لە شاری سلێمانییە لە هەرێمی کوردستان و گرنگی دەدات بە رووماڵی رووداوە گەرمەکان. ئەم کەناڵە بەشێکە لە تۆڕی میدیایی کۆمەڵ و ئێستاش پەخشی کەناڵەکە لەسەر هێڵی نایلسات بە فریکوێنسی 11354 S 27500 / V بەردەوامە.

# بەشی دووەم: تیۆرینامەی توێژینەوەکە

**- دەروازە -**

لەم بەشەدا چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە لە سێ پاردا پۆلێنکراوە، پاری یەکەم تایبەتە بە گۆڕوای سەربەخۆی توێژینەوەکە کە بریتییە لە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و بابەتەکانی پەیوەست بە پێناسەی چەمکی ئەو ڕۆژنامەگەرییە و سەرهەڵدان و پێشکەوتنی و تایبەتمەندێتییەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و پرۆگرام و بەرهەمەکانی و دواتر لایەنە باش و خراپەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل خراونەتەڕوو. پاشان لە پاری دووەمدا باس لە بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی وەکو گۆڕاوی شوێنکەوتە کراوە و ئەم بابەتانە ڕوونکراونەتەوە: ناساندنی بەرهەمهێنان لە تەلەفیزیۆندا، پێناسەی هەواڵی تەلەفیزیۆنی، بەهاو سەرچاوەکانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی، دواتر قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی. پاری سێیەمی ئەم بەشەش تایبەتە بە تیۆرە میدیاییە بەکارهێنراوەکان لە توێژینەوەکەدا، کە بریتین لە تیۆرەکانی "حەتمییەی تەکنەلۆجی" و تیۆری شیکردنەوەی چێوەگرتنی میدیایی.

## یەکەم: ڕۆژنامەگەریی مۆبایل

### پاری یەکەم: پێناسەی چەمکی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل

لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەوە، ڕۆژنامەگەریی مۆبایل (MOJO) بۆتە ئامرازێك بۆ کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی هونەرە ڕۆژنامەوانییە جۆراوجۆرەکان، بەشێوەیەك دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە نوێیەوە، هەواڵێکی وێنەیی و ڤیدیۆیی ئامادە بەرهەمبهێنرێت و دواتر هەر لە ڕێگەی مۆبایلەوە ئاڕاستەی کەناڵە میدیاییەکان بکرێت.

لەبارەی پێناسەی چەمکی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە، سەرچاوە زانستییە نوێیەکانی بواری میدیا و کۆمۆنیکەیشن لە چەند گۆشەنیگایەکەوە ئاماژە بە هێڵە گشتی و ئەرك و کرۆکی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە دەکەن، ئەمە جگە لە پەیوستکردنی بە بواری پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیای مۆبایل و پەیوەندیی و ڕێکارەکان بۆ خێرا بەرهەمهێنانی ماددەی میدیایی بینراو.

بەهۆی تازەیی چەمکی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە، پسپۆڕانی بواری میدیا لە چوارچێوەی داڕشتنی پێناسەیەکی گشتگیردا هاوڕا نین، بەڵام لە هێڵە گشتی و ئەرکەکانیدا تاڕادەیەکی زۆر هاوبەشن، بۆیە بەشێك لە سەرچاوە زانستییەکان، ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بەو شێوەیە پێناسە دەکەن کە "جۆرە کارێکی ڕۆژنامەگەرییە لە چوارچێوەی ڕەهەندەکانی میدیای نوێدا دروستبووە، بەمەبەستی گێڕانەوەی چیرۆکی ڕۆژنامەوانی، کە تیایدا ئامێری مۆبایلی زیرەکی گەیەنراو بە تۆڕی ئینتەرنێت بەکاردەهێنرێت، بۆ کۆکردنەوە و داڕشتنی هەواڵ و دواتر بڵاوکردنەوەی" (رضوان، 2016: 89).

هاوکات بەشێکی دیکە لە پێناسەکانی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە، پەیوەست دەکرێت بە سروشتی رووماڵی هەواڵەکان و پێیانوایە، جۆرێکی نوێی کاری رۆژنامەگەرییە کە رۆڵی هەیە لە بەرهەمهێنانی ناوەرۆکی میدیاییدا، بەتایبەت رووماڵی هەواڵە بەپەلە و هەستیارەکان. لە رێگەی ئامێری مۆبایلی زیرەکەوە دەتوانرێت ڤیدیۆ و وێنە و دەنگ و تێکست تۆمار بکرێت و هەر بەو ئامێرەش هەواڵ یاخود راپۆرت و چیرۆکە هەواڵێکی لێ ئامادە بکرێت. هەرچەندە تاڕادەیەك لە رووی کوالێتییەوە بەرهەمی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە نزمە، بەڵام لەلایەن دامەزراوە میدیاییە دیارەکانی جیهانەوە گرنگی پێ دەدرێت، هاوشێوەی کەناڵە ئاسمانییەکانی (BBC، CNN، Aljazeera) (Salih, 2017: 54).

لەلایەکی دیکەوە، تیمی توێژەرانی بەشداربوو لە کۆنگرەی خوێندنی رۆژنامەگەریی کە لە باشووری ئەفریقادا بەڕێوەچوو، بەو چەشنە پێناسەی (MOJO) دەکەن، ئەو رۆژنامەگەرییە کە "مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنرێت بۆ تۆمارکردنی وێنە و دەنگ و ڤیدیۆ و تێکست، دواتر بڵاوکردنەوەی هەر لە رێگەی مۆبایلەوە" (السنجري، 2019: 78).

لە گۆشەنیگای تەکنیکی و تایبەتمەندێتیشەوە، بەم جۆرە ئاماژە بە پێناسەی ئەم رۆژنامەگەرییە دەکرێت: "هونەرێکی نوێی کۆکردنەوە و پەخشکردنی هەواڵە لە شێوەی مەڵتی میدیادا، کە دەتوانرێت خۆی لەگەڵ تەکنەلۆجیاکانی میدیا نوێ و کلاسیکدا بگونجێنێت و بەشدار بێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامە بینراو و بیستراو و خوێنراوەکاندا، بە تێچوون و ستافێکی مرۆیی کەمەوە. ئەمە جگە لەگواستنەوەی رووداوەکان بەشێوەی راستەوخۆ لە رێگەی خزمەتگوزاریی (Wi-Fi و 4G)ەوە"(Bui et al, 2019: 11).

بەشێکی دیکە لە توێژەران وایدەبینن، رۆژنامەگەریی مۆبایل بریتییە لە ئاڕاستەیەکی نوێی پرۆسەی رووماڵکردن و کۆکردنەوەی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی، بە بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك یان تاپلێت یاخود ئایپاد. پێشبینیش دەکرێت ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە ببێت بە کارێکی رۆژنامەوانیی باو لە جیهاندا (بن زكة و حنون، 2020: 454).

هەر لەو چوارچێوەیەدا، رۆژنامەگەریی مۆبایل یەکێکە لە خێراترین گەشەسەندنەکانی بواری رۆژنامەوانی کە ئاوێتەیەکە لەنێوان کاری رۆژنامەوانیی گەڕۆك و تەکنەلۆجیای نوێی گەیاندندا، کە لە رێگەیەوە رۆژنامەوان دەتوانێت بە مۆبایلی زیرەك هەواڵ کۆبکاتەوە و وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ تۆمار بکات و پاشان وەکو هەواڵێکی تێرو تەسەل و لە رێگەی تۆڕەکانی پەیوەندیی یاخود هێڵی ئینتەرنێتەوە بڵاویبکاتەوە (Salzmann et al, 2020: 3).

لەدوای خستنەڕووی ژمارەیەك پێناسەی تایبەت بە چەمکی رۆژنامەگەری مۆبایل لە زۆربەی لایەنەکانیەوە، لای توێژەر روونبۆتەوە کە هەر سەرچاوەیەکی زانستی لەسەر بنەمای تایبەتمەندێتی و ئەرکەکانی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییەوە پێناسەیان بۆ داڕشتووە، بەڵام زۆربەیان جەخت لەسەر بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك دەکەنەوە، بەو واتایەی زۆرترین فۆکس خراوەتە سەر ئامرازی (tool) رۆژنامەگەرییەکە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت کە بیرۆکەی رۆژنامەگەریی مۆبایل زادەی گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆجیای گەیاندن و پەیوەندیکردنە لە رووی پرۆسەی پیشەسازیی هەواڵ و بڵاوکردنەوەیەوە.

ئەنجام، توێژەر دەگاتە پێناسەیەکی کردارەکیی بۆ رۆژنامەگەریی مۆبایل و وایدەبینێت، "بریتییە لە جۆرێکی نوێی کاری رۆژنامەگەریی، کە تایبەتمەندێتییە تەکنیکییەکانی مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنرێت، بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی میدیایی، پەیوەست بە کۆکردنەوە و داڕشتن و نمایشکردنی هەواڵ و هونەرەکانی دیکەی رۆژنامەوانی و ئاراستەکردنی بۆ جەماوەری وەرگر".

## پاری دووەم: سەرهەڵدان و پێشکەوتنی رۆژنامەگەریی مۆبایل

سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی مۆبایل، پەیوەستە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای دروستکردنی مۆبایلی زیرەك ( smart phones) لە جیهاندا، بەشێوەیەك لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوودا، مۆبایل لەلایەن هاووڵاتیانی ئاساییەوە تەنها بەکاردەهێنرا بەمەبەستی پەیوەندیکردن و تۆمارکردنی وێنە و ناردنی نامە لە شێوەی تێکست، بەڵام دواتر لەگەڵ گەشەسەندنی زیاتری مۆبایل لە رووی تەکنیکییەوە، بەکاربردنی ئەو ئامرازە گۆڕدرا و بوو بە ئامرازێکی نوێی میدیایی لەپاش رۆژنامە و ئێزگە و تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێتەوە.

مێژووی سەرهەڵدان و بەکارهێنانی مۆبایل وەکو ئامرازێك بۆ کاری میدیایی، ناکۆکی لە ساڵ و چۆنێتی سەرهەڵدانیدا هەیە. بەشێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، بۆ یەکمجار رۆژی (7)ی یەنایەری ساڵی 1995، مۆبایلی گەڕۆك لە بواری گواستنەوەی هەواڵ و فۆتۆجۆرنالیستیدا بەکارهێنرا، کاتێك میدیاکارێکی گۆڤاری (Times)ی بەریتانی بەناوی (Cey Gilbert)، کورتە هەواڵێکی هاوپێچ بەچەند وێنەیەك ئامادەکرد، لەبارەی سەرگوشتەی گەشتەکەی لە شاری لەندەنەوە بۆ واشنتۆن، دواتر لەناو فڕۆکەوە و لە رێگەی مۆبایلەوە، هەواڵ و وێنەکانی بۆ بارەگای گۆڤارەکە گواستەوە، بۆیە بە یەکەم میدیا لە جیهاندا دادەنرێت کە مۆبایلی وەکو سەرچاوەی ئامادەکردنی هەواڵ و گواستنەوەی وێنە بەکارهێنابێت (ئیسماعیل، 2014: 197).

بەشێکی دیکە لە توێژەران، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم رۆژنامەگەرییە، دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی 2003 و لەسەروبەندی دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادی عیراق، کاتێك مۆبایل وەکو ئامرازێك بۆ گواستنەوەی هەواڵ و رووداوەکانی جەنگ لە ناوچەکەدا بەکارهێنرا. دواتر لە رۆژی (17)ی فبرایەری ساڵی 2004، رۆژنامەی (نیویۆرك تایمز)ی ئەمریکی بۆ یەکەمجار وێنەی تۆمارکراو بەمۆبایل لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکەدا بڵاوکردەوە، هەرچەندە وێنەکە بۆ رووداوێکی ئاسایی بوو (وێنەی واژۆکردنی گرێبەستی هەردوو کۆمپانیای پەیوەندیکردن ETNE و سینگیولار)، بەڵام بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی رۆژنامەگەریی مۆبایلدا (Marrouch, 2014).

لەو چوارچێوەیەدا، زنجیرە تەقینەوەکانی شاری مەدریدی پایتەختی ئیسپانیا و زریانی تسۆنامی لە ئیندۆنوسیا کە لە ساڵی 2004 روویاندا، لە رێگەی مۆبایلەوە وێنەی رووداوەکان تۆمارکران، پاشان لە ساڵی 2005 و لە رووماڵکردنی تەقینەوەکانی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیادا، مۆبایل وەکو ئامرازێك بۆ بەرهەمی میدیایی لەلایەن رۆژنامەوانەوە بەکارهێنرا (أبراهيم و حسين، 2019: 126). هەندێك سەرچاوەی زانستیی دیکە، سەرهەڵدانی رۆژنامەگەریی مۆبایل

دەبەستنەوە بە چەمك و بەکارهێنانی لە بواری رووماڵکردنی هەواڵدا. بەشێوەیەك لە رووی چەمکەوە، لەساڵی 2005ەوە مۆبایل لەبواری میدیادا بەکاردەهێنرێت. لەبواری رۆژنامەگەریی هەواڵیشدا، یەکەمجار لەشاری (فورت مایرز)ی ویلایەتی فلۆریدا ئەم رۆژنامەگەرییە سەریهەڵدا. ئێستاش ئەم چەمکە لەزنجیرە رۆژنامەکانی (گانیت) لەئەمریکا بەکاردەهێنرێت (Karhunen Panu, 2017: 11).

لە سەرەتای بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکدا وەکو ئامرازێك بۆ کاری میدیایی، تەنها دەتوانرا تەکنیکی نووسینی تێکست و تۆمارکردنی وێنەی کوالێتی نزم و پاشان گواستنەوەی بکرێت، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای مۆبایل و گۆڕانکارییە خێراکانی بواری میدیای نوێدا، رۆژنامەگەریی مۆبایل پەیدابوو، کە ئێستا بۆتە ئامرازێك کە دەتوانرێت لە میدیای (بینراو، بیستراو و خوێنراو)دا رۆڵی هەبێت و ببێت بە ئامرازێکی یەکانگیر بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵ و وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ (Blankenship, 2016: 19). لە ساڵی 2008 و لەماوەی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا، مۆبایل وەکو ئامرازێکی میدیایی کارا و کاریگەر دەرکەوت، کاتێك (باراك ئۆباما) وەکو کاندیدی دیموکراتەکان لە رێگەی مۆبایلی جۆری (بلاك بێری)یەوە، لە پەیوەندی و هەماهەنگیدا بوو لەگەڵ سەرۆکی تیمەکانی بانگەشەی هەڵبژاردندا لە تەواوی ویلایەتەکانی ئەمریکادا، بەجۆرێك توانی لە رێگەی ئەو ئامێرە بچووکەوە، کاروبارە میدیاییەکانی بە وردی بەڕێوەبەرێت و دواتر سەرکەوتن بەسەر (جۆن مەکین)ی رکابەرەکەیدا بهێنێت (الدعمي، 2019: 417).

لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری تەکنەلۆجیای مۆبایلی گەڕۆك و داهێنانی مۆبایلی زیرەکدا (نەوەی چوارەمی مۆبایلی گەڕۆك) لەلایەن کۆمپانیا زەبەلاحەکانەوە، لە ساڵی 2010دا رۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) لە یەکەم لاپەڕەیدا چیرۆکە هەواڵێکی وێنەیی بڵاوکردەوە کە سەرگوشتەی سەربازێکی ئەمریکایی لە سەربازگەکانی ئەفغانستان دەگێڕایەوە و دەنگدانەوەیەکی گەورەی میدیایی دروستکرد، نەك بەهۆی ناوەڕۆکی وێنەکانەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی (دیمون وینتر)ی فۆتۆگرافەر لە رێگەی مۆبایلی زیرەکەوە وێنەکانی تۆمار کردبوو (أبراهيم و حسين، 2019: 126).

لەساڵی 2012یشدا، (ناتالیا ئێیلافا) پەیامنێری کەناڵی تەلەفیزیۆنیی (BBC)، خەڵاتی رۆژنامەوانیی بیانی پێبەخشرا، بەهۆی ئامادەکردنی فیلمێکی دیکۆمێنتاری لە رێگەی مۆبایلی ئایفۆنەوە، لەبارەی سیاسەتی حکومەتی ئۆزپاکستان لە "پاکژکردنەوەی ژنان بە نهێنی"، کە ماوەی فیلمەکە 25 خولەك بوو. دواتر لەگەڵ پێشخستنی تەکنیکی کامێرا و دەنگ لە مۆبایلی زیرەکدا و زیادبوونی ژمارەی پرۆگرامەکان، رۆژنامەگەریی مۆبایل بووە کارێکی رۆژنامەوانیی باو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا (صغير، 2018: 9).

بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانرێت سەرهەڵدان و پێشکەوتنی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە جیهاندا بۆ سێ قۆناغی سەرەکی پۆلێن بکرێت: (Canavilhas, 2021: 8)

– **قۆناغی یەکەم:** لەم قۆناغەدا کە سەرەتای دەرکەوتنی مۆبایلە لەدوای ساڵی 2005ەوە دەستپێدەکات، مۆبایلی گەڕۆك وەکو ئامرازێك بەکارهێنرا، بەمەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی کورتەنامە SMS و نامەی مۆڵتی میدیا SMM.

– **قۆناغی دووەم:** لەم قۆناغەدا کە لەساڵی 2012ەوە دەستپێدەکات، خزمەتگوزارییەکانی (3G) و (4G) بۆ تۆڕەکانی پەیوەندیکردن پەیدا بوو، کە پاڵشتیی تەکنیکیی (مۆبایلی زیرەك و تابلێت و ئایپاد)یان کرد. ئەمە جگە لە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای دروستکردنی مۆبایلی شاشە گەورە و زیادکردنی توانای هارد. بەشێوەیەك لەم قۆناغەدا بەکاربەر توانی بگات بە هەواڵ و ناوەڕۆکە میدیاییەکان لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە. هاوکات توانرا بە مۆبایلی زیرەك هونەرە میدیاییەکان بە کوالێتی (HD و 4k) بەرهەم بهێنرێت و هەر لە ڕێگەی ئەم ئامێرەوە بڵاوبکرێتەوە.

– **قۆناغی سێیەم:** لەناوەڕاستی دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەوە (2015)، ئەو قۆناغە دەستیپێکردووە، کە قۆناغی باڵادەستیی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلە و لە گۆڕەپانی میدیادا ئامادەیی خۆی سەپاندووە. پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە، نووسینگەی کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان پەراوێزبخات و کاری تیمی ڕووماڵکردن کۆتایی بێت و تەنها کەسێك بە مۆبایلێکی زیرەکەوە، کارەکان بەڕێوەبەرێت.

## پاری سێیەم: تایبەتمەندێتییەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل

ڕۆژنامەگەریی مۆبایل کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی هەیە کە بەراورد بە ئامرازە تەکنەلۆجییەکانی دیکەی تایبەت بە بەرهەمهێنانی هەواڵ، جیاوازی لە شێوە و ناوەڕۆکیدا هەیە، بۆیە توێژەر بەشێکی زۆری ئەو تایبەتمەندێتییانە دەخاتەڕوو:

**1– تێچووی کەم (Lower costs):** تێچووی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە ڕووی داراییەوە، زۆر کەمترە بەراورد بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی دیکەی تایبەت بە بەرهەمهێنانی هەواڵ، بە جۆرێك بوونی مۆبایلێکی زیرەك لەگەڵ هەندێك پاشکۆ و کەرەستەی دیکەی وەکو (ستاندی دەستی، مایکی دەرەکی، هێتفۆن و هاوێنەی دەرەکی)، کەمتر لە هەزار دۆلاری ئەمریکی تێچووەکەیەتی، ئەمەش فاکتەرێکە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری ڕۆژنامەوانان بتوانن بە ئاسانی ئەو کەرەستانە بەدەستبخەن و کاروبارە میدیاییەکانیان رایی بکەن (أبراهیم و حسین، 2019: 128).

**2– ئاسانی جوڵەپێکردن (Ease of movement):** ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بە سروشتی خۆی پێویستی بە کەرەستەی زۆر و قەبە نییە کە بخوازێت لە ڕێگەی زیاتر لە کەسێکەوە بەکاربهێنرێت. بۆیە جوڵەی میدیاکاری ڕۆژنامەگەریی مۆبایل، ئاسان و خێرایە (لاریا و مرعي، 2017: 4).

**3– خێرایی (Immediate):** ئەم ژانرە نوێیەی بواری کاری میدیایی کە خۆی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیای نوێی گەیاندندا گونجاندووە، توانیویەتی ڕەگەزی (کات) بۆ ڕووماڵکردن و بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنی بگێڕێتەوە، بە جۆرێك پرۆسەی تۆمارکردنی وێنە و ڤیدیۆ و گواستنەوەی لە ڕێگەی هێڵی ئینتەرنێتەوە، بەخێرایی لە ڕێگەی مۆبایلەوە بەڕێوەدەچێت (رضوان، 2016: 92).

**4- ئاوێتەبوون (Interactive)**: ڕۆژنامەگەری مۆبایل لەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییانەیە کە زۆرترین ئاوێتەبوونی لەگەڵ جەماوەری وەرگردا هەیە، بە واتایەکی دیکە بریتییە لە ڕۆژنامەگەریی مۆلتی میدیا کە لە زۆربەی بلاتفۆرمە ئەلیکترۆنییەکاندا بوونی هەیە، نموونەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پڕۆگرامەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن و بەیەکگەیشتن، بەشێوەیەك لەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییەدا، وەرگر پێگەی پاسیف (ناکارای) نییە و بەپێچەوانەوە وەرگرێکی ئاکتیڤە، کە ئەمە لە میدیای کلاسیکدا پێچەوانەیە. سەرەنجام ئاست و ڕادەی ئاوێتەبوونی (MOJO) لەگەڵ جەماوەری بەرفراواندا بەرز و کارایە (بن صغیر، 2020: 776).

**5- پارێزراوی (Safety)**: ڕۆژنامەگەریی مۆبایل سەلامەتیی زیاتر بۆ میدیاکاران دەستبەر دەکات، بەجۆرێك ئەو میدیاکارانەی کە مۆبایلی زیرەك لەناو خەڵك و شوێنە قەرەباڵغەکاندا بەکاردەهێنن، وریاتر و سەلامەتترن، بەراورد بەوانەی کە کەرەستە و ئامێری گەورە و قورس و قەبە بەکاردەهێنن (الزلب و مطهر، 2012: 62).

**6- تۆمارکردنی وێنە و ڤیدیۆ بە کوالێتی 4K (high Quality)**: لەئێستادا کۆمپانیاکانی دروستکردنی مۆبایلی زیرەك لە کێبڕکێدان بۆ پێشخستنی تەکنەلۆجیای بەکارهاتوو لە کامێرای مۆبایلەکاندا، بەشێوەیەك بەشی زۆری نەوەکانی ئێستای مۆبایل بە هەردوو سیستمی (IOS و Android)، دەتوانرێت بە کوالێتی (4K) وێنە و ڤیدیۆ تۆمار بکرێت. ئەو کۆمپانیانە بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە لە چەند ساڵی داهاتوودا کوالێتی (8K) لەنێو کامێرای مۆبایلی زیرەکدا بەردەست دەخەن (کیحول، 2018: 121).

**7- پەخشی ڕاستەوخۆ (live stream)**: لە ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا، تەکنەلۆجیای پەخشی ڕاستەوخۆ بە ئاسانترین شێواز و کەمترین تێچوو (تەنها بوونی هێڵی ئینتەرنێت) دەستەبەر دەکرێت، ئەویش لە ڕێگەی کارپێکردنی پرۆگرامەکانی تایبەت بە پەخشی ڕاستەوخۆ لەناو مۆبایلە زیرەکەکاندا. ئەمە لەکاتێکدا گواستنەوەی پەخشی ڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی ئامێری (SNG)، جگە لەوەی لە ڕووی تەکنیکییەوە کارێکی ئاڵۆزە، هاوکات تێچووی دارایی لەسەر دامەزراوە میدیاییەکان زۆرە (الصعیدي، 2020: 2175).

**8- هەمەچەشنیی پڕۆگرامەکان (Multiple application)**: بوونی ژمارەیەکی زۆری پڕۆگرامی تایبەت بە بەرهەمهێنانی وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ و مۆنتاج، وایکردووە کە ناوەڕۆکی بەرهەمی میدیایی لە ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا بە وردی و هەمەچەشنیی ئامادە بکرێت (سامیة، 2018: 60).

لە چوارچێوەی خستنەڕووی کۆمەڵێك تایبەتمەندێتیی گشتیی پەیوەست بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل، توێژەر بە پشتبەستن بە ئەزموونی کاری میدیایی و مەیدانی لەو بوارەدا و لە بازنەی تێڕوانین و گۆشەنیگای زانستییەوە، کۆمەڵێك زانیاری سەربار دەکات و وایدەبینێت، تێچووی دارایی ئامادەکردنی هەواڵ یان هەر جۆرە هونەرێکی دیکەی ڕۆژنامەوانیی لە تەلەفیزیۆندا بەشێوە کلاسیکییەکەی و لە ڕێگەی کاری تیمەوە (ڕیپۆرتەر، کامێرامان، کارمەندی دەنگ و ڕێکخەری ڕووناکی)، زۆر زیاترە بەراورد بەو بەرهەمە تەلەفیزیۆنییەی کە تەنها لەلایەن میدیاکارێکەوە و لە ڕێگەی مۆبایلەوە

ئامادە دەکرێت. بۆ نموونە، بۆ ئامادەکردن و رووماڵکردنی هەواڵێك، دەبێت کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان توانای مرۆیی لانیکەم سێ میدیاکاری خۆی بەگەڕبخات، بەڵام (MOJO) هەم قەبارەی توانای مرۆیی کەمکردۆتەوە، هەمیش تێچووی ئەو سێ میدیاکارەی بۆ تەنها میدیاکارێك دابەزاندووە.

هاوکات لەبارەی ئاسانی جوڵەپێکردنی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییەوە، توێژەر تێبینی دەکات، ئەم تایبەتمەندێتییە وایکردووە ئەو میدیاکارانەی کە لە رێگەی مۆبایلی زیرەکەوە بەرهەمی تەلەفیزیۆنی ئامادە دەکەن، دەتوانن زۆر بە ئاسانی و بە خێراییەکی زیاترەوە رووماڵی رووداوەکان بکەن و بگەن بە شوێنە ئەستەمەکان و لە کێشەی بارگرانی و گواستنەوەی ئامێری قورس رزگاریان بێت، وەك ئەوەی لە کاری تیمدا زۆربەی کات گرفتە.

دەربارەی رادەی سەلامەتیی رۆژنامەگەریی مۆبایل، توێژەر چاودێریی ئەو پرسەی کردووە و ئەو تێگەیشتنەی لەلا روونبۆتەوە، کە لەکاتی دروستبوونی ئاڵۆزی و پشێوی لە رووماڵکردنی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکاندا، ئەو میدیاکارانەی کە لە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە رووماڵ دەکەن، زۆر بە ئاسانی و سەلامەتتر لەو گرژییانەدا دەرباز دەبن. چونکە لەو کاتانەی کە پیشەی میدیاکار لە شوێنی رووداوەکانەوە دەکەوێتە مەترسییەوە و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە هەوڵی دەستبەسەر کردنی دەدرێت، میدیاکاری رۆژنامەگەریی مۆبایل تەنها بە شاردنەوەی مۆبایلەکەی بە سەلامەتی لەو بارودۆخە دەرباز دەبێت، بەڵام ئەم رەوشە بۆ کاری تیم سەلامەت نییە.

دوا تێبینی توێژەر سەبارەت بە تایبەتمەندێتییەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل، بریتییە لە بەردەستبوونی کەرەستەی تەکنیکی و ئەلیکترۆنی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە. ئێستا چەمکێك لەناو (MOJO)دا پەیدا بووە بە ناوی "شۆڕشی ئەپەکان" وەك گوزارشتێك بۆ فەراهەمبوونی سەدان پڕۆگرامی تایبەت بەم رۆژنامەگەرییە پەیوەست بە بەرهەمهێنانی ماتریاڵی میدیایی. بۆ نموونە میدیاکار دەتوانێت بە تەنها کردنەوەی پڕۆگرامی بە بازاڕکردن (store) لە سیستمی (IOS) و (play) لە سیستمی (Android)دا، دەیان پڕۆگرام بۆ وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ و کاری مۆنتاجکردن بە خێرایی بەدەستبخات. ئەمە لەکاتێکدا نرخی تەنها پڕۆگرامێکی وەك (Final Cut Pro) بۆ مۆنتاجکردن بە کۆمپیوتەری جۆری (Mac) بریتییە لە 300 دۆلاری ئەمریکی. ئەمە جگە لەوەی نرخی ستاندێکی مۆبایل تەنها 20 دۆلارە، لە بەرامبەردا نرخی ستاندی کامێرای سەرشان نزیکەی 130 دۆلارە.

## پاری چوارەم: پڕۆگرام و بەرهەمەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل

### 1- پڕۆگرامەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل

لەم ساڵانەی دواییدا و بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای مۆبایلی زیرەك و تەوژمی بەرفراوانی ئەوەی پێی دەوترێت "شۆڕشی ئەپەکان" App Revolution، سەدان پڕۆگرام لە بواری رۆژنامەگەریی مۆبایل بەردەست بوون کە بەشێکیان بە خۆڕاییە و بەشێکی دیکەشی پێویستە بکڕدرێن، لەو چوارچێوەیەدا لە هەردوو سیستمی (IOS و

Android)دا چەندین پرۆگرام هەن کە بۆ ڕۆژنامەگەریی مۆبایل سوودیان هەیە و دەتوانرێت بە داگرتنیان لەسەر سکرینی مۆبایل، کرداری وێنەگرتن و تۆمارکردنی ڤیدیۆ و مۆنتاجکردن بە دەیان فلتەر، لەگەڵ پرۆگرامی تایبەت بە دەستکاریکردنی ڤیدیۆ و وێنە و دەنگ و...تد ئەنجام بدرێت.

لە رووی چەمکەوە، پرۆگرامەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل بریتییە لەو پرۆگرامانەی کە بەشێکیان لەگەڵ سیستمی تایبەت بە مۆبایلەکە دابەزێنراوە (Install)، بەشێکیشیان لە رێگەی داگرتن لە هەردوو پرۆگرامی بە بازاڕکردن (store) لە سیستمی (IOS) و (play) لە سیستمی (Android). بەشێك لەو پرۆگرامانەش پێویستیان بە گەیاندنی تۆڕی ئینتەرنێتە و بەشێکیشان بەبێ ئەو هێڵە کار دەکات. ئەم پرۆگرامانە بەکاردەهێنرێت بۆ (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گەڕان بەدوای هەواڵ و زانیاری و دارشتنی، تەماشاکردنی وێنە و ڤیدیۆ، دەنگ، تۆمارکردنی وێنە و ڤیدیۆ، مۆنتاجکردن، نووسینی تێکست، پەخشی راستەوخۆ و بازاڕکردن...تد) (التوام، 2018: 583).

پرۆگرامەکانی تایبەت بە بواری رۆژنامەگەریی مۆبایل (MOJO) فراوان و فرەچەشنن، بۆ نموونە تەنیا لە بواری تۆمارکردنی ڤیدیۆ و دەستکاریکردنیاندا، سەدان پرۆگرام بۆ هەردوو سیستمی (IOS و Android) بەردەستن، بۆیە توێژەر کۆمەڵێك لەو پرۆگرامانەی (MOJO) لە هەردوو سیستمی کارپێکردنی مۆبایل زیرەك دەخاتەڕوو، کە سەرچاوە زانستییەکان و میدیاکارانی شارەزا لە رۆژنامەگەریی مۆبایل جەختیان لەسەر دەکەنەوە، لەگەڵ ناساندنی سوود و تایبەتمەندێتی و شێوەی کارکردنی ئەو پرۆگرامانە.

1- **پرۆگرامەکانی دەستکاریکردنی وێنە** picture Editing: (LEWIS, 2020)

– **پرۆگرامی (Pro camera)**: تایبەتە بە تۆمارکردنی وێنەی فۆتۆگراف بە کوالێتی بەرز و بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ، لەگەڵ دەستەبەرکردنی چەندین جۆر فلتەری تایبەت بە وێنە. ئەم پرۆگرامە لەسەر سیستمی (IOS)دا کار دەکات و بە خۆڕایی نییە.

– **پرۆگرامی (snap seed)**: ئەم پرۆگرامە تایبەتە بە دەستکاریکردنی وێنە و گۆڕانکاریکردن، بە هەردوو سیستمی (IOS) و (Android) کار دەکات. تایبەتمەندێتی زیادکردنی (فلتەر، کاریگەریی رەنگ، نووسین و کۆمێنتی فۆتۆگرافەر)ی لەگەڵدایە و بە خۆڕایی بەردەستە.

– **پرۆگرامی (Proshot)**: بە هەردوو سیستمەکە کار دەکات و رۆژنامەوان دەتوانێت خزمەتگوزارییەکانی (خێرایی شەتەر و هاوێنە، هەستیاری کامێرا بۆ رووناکی) دەستبەر بکات و بە خۆڕایی بەردەست نییە.

– **پرۆگرامی (Vsco)**: بەهەمان شێوە بە هەردوو سیستمەکە کار دەکات، بۆ فۆتۆگرافەرە پیشەییەکان بە یەکێك لەباشترین پرۆگرامەکان دادەنرێت و بەشێوەی خۆڕایی لە بازاڕی ئەپەکاندا بەردەستە.

هاوكات ناوەندی میدیایی كەناڵی (ئەلجەزیرە) بۆ راهێنان و پێشخستن، دوو پرۆگرام لە بواری دەستكاریكردنی وێنە بۆ رۆژنامەگەریی مۆبایل دیاری دەكات كە بریتین لە: (camera++) بۆ سیستمی (IOS) و پرۆگرامی ( photo shop Express) بۆ سیستمی كارپێكردنی (IOS و Android) (لاريا و مرعی، 2017: 11).

2- **پرۆگرامەكانی تۆماركردنی ڤیدیۆ** (video Recording): (عەبدولڕحمان، 2020: 32–33)

– **پرۆگرامی (Filmic Pro)**: رۆژنامەوانان دەتوانن ئەم پرۆگرامە بە هەردوو سیستمی (IOS) و (Android) كار پێبكەن، یەكێكە لە پرۆگرامە پێشكەوتووەكان كە دەتوانرێت كار لەسەر (خێرایی شەتەر، كرانەوەی هاوێنە و هەستیاری رووناكیی كامێرا) بكرێت و بە خۆڕایی بەردەست نییە.

– **پرۆگرامی (open camera)**: تایبەتە بە تۆماركردنی ڤیدیۆ بە كوالێتی بەرز، خاوەنی ژمارەیەك فلتەری بەهێزە و تەنها بۆ سیستمی (Android) كار دەكات و بە خۆڕایی بەردەستە.

– **پرۆگرامی (Cinema 4k)**: بەهەمان شێوە كاركردنی لەگەڵ سیستمی (Android)دا دەبێت و یەكێكە لەو پرۆگرامانەی كە پێویستی بە شارەزایی رۆژنامەوان هەیە لە وێنەگرتنی ڤیدیۆییدا و بە خۆڕایی كارا نییە.

– **پرۆگرامی (DSLR Camera Pro)**: پرۆگرامێكی زۆر بەهێزی بواری ریكۆردی ڤیدیۆییە و بەشێكی سیستمی (DSLR)ی لە خۆیدا كۆكردۆتەوە، بەوەش تا ئاستێكی باش تایبەتمەندێتیی كامێرا پرۆفیشناڵەكانی بواری ریكۆردكردنی ڤیدیۆ بۆ بەكاربەرانی دەستەبەر كردووە. بەشێك لە تایبەتمەندێتییەكانی ئەم پرۆگرامە بەخۆڕایی نییە و بۆ هەردوو سیستمی (IOS) و (Android) بەردەستە.

3- **پرۆگرامەكانی مۆنتاجكردن** (Editing): (mojo-manual, 2021)

– **پرۆگرامی (Luma Fusion)**: ئەم پرۆگرامە لەسەر ئەو مۆبایلە زیرەكانە كار دەكات كە سیستمەكەیان (IOS)، چەندین تایبەتمەندێتی گرنگ لەم پرۆگرامەدا بەردەستخراوە كە ئاسانكاریی بۆ میدیاكاران دەكات لە كاری مۆنتاجكردنی كلیپی ڤیدیۆیی و زیادكردنی فلتەر و لابردن و زیادكردنی دەنگ و وێنە. ئەم پرۆگرامە بە خۆڕایی كارا نییە.

– **پرۆگرامی (Kine Master)**: ئەم پرۆگرامە لە هەردوو سیستمەكەدا كار دەكات و چەندین خزمەتگوزاریی بۆ میدیاكاران دابینكردووە، لەوانە: (دانانی تێكست "كاپشن"، جێگیركردنی لۆگۆ، لكاندنی دەنگی دەرەكی بە ڤیدیۆ كلیپ)، لەگەڵ بەردەستخستنی چەندین ئیفێكتی دەنگی و وێنەیی. بەشێك لە ئۆپشنەكانی ئەم پرۆگرامە بە خۆڕایی نییە.

– **پرۆگرامی (Power Director)**: ئەم پرۆگرامە بە جێگرەوەی پرۆگرامی (Kine Master) دادەنرێت کە لەسەر سیستمی کارپێکردنی (Android) کار دەکات، بەڵام بۆ ئەوەی ڤیدیۆی مۆنتاجکراو بەبێ لۆگۆی کۆمپانیای بەرهەمهێنی پرۆگرامەکە دابەزێنرێت، دەبێت بڕێك پارە بخرێتە سەر ژمارە حیسابی کۆمپانیاکەوە.

– **پرۆگرامی (Motion Alight)**: ئەم پرۆگرامە لەسەر سیستمی (Android) کار دەکات، تایبەتە بەو رۆژنامەوانانەی کە کاری (موشن گرافیك) ئەنجام دەدەن و بە خۆڕایی نییە.

– **پرۆگرامی (iMovie)**: ئەم پرۆگرامە لەسەر سیستمی (IOS) کار دەکات و لەتوانایدایە بە کوالێتی (4K) ڤیدیۆ مۆنتاج بکرێت، ئەمە جگە لە دانانی کاپشن و زیادکردنی تۆماری دەنگی. ئەم پرۆگرامە بەخۆڕایی بەردەستە.

4- **پرۆگرامەکانی تۆمارکردن و مۆنتاجکردنی دەنگ** (Audio Editing): (لاریا و مرعي، 2017: 14)

– **پرۆگرامی (Voice Recorder)**: ئەم پرۆگرامە لەسەر سیستمی (IOS) کار دەکات و لەتوانایدایە دەنگ بۆ ماوەیەکی درێژ بە هەستیاری تۆمار بکات و پاشان بیگۆڕێت بۆ شێوە فایلی دیکە و بەرز و نزمی لە لەرە دەنگیەکانیشدا بکرێت. بەڵام ئەم پرۆگرامە بە پارەیە و خۆڕایی نییە.

– **پرۆگرامی (PCM Recorder)**: ئەم پرۆگرامە بە هەردوو سیستمەکە کار دەکات و تۆماری جۆری (PCM)ی تایبەت بە مایکی ناوەکی بەکاردێت، ئەمە جگە لەوەی بە کوالێتی بەرز و بە هەردوو جۆری (WAVE و PCM) فایلی دەنگیی بەردەست دەخات.

– **پرۆگرامی (Rec Forge Lite)**: ئەم پرۆگرامە گونجێنراوە لەگەڵ سیستمی (Android) و دەتوانێت بە کوالێتی بەرز دەنگ تۆمار بکات.

5- **پرۆگرامەکانی پەخشی راستەوخۆ** (live stream): (مبارك، 2018: 171)

– **پرۆگرامی (periscope)**: ئەم پرۆگرامە لەسەر هەردوو سیستمەکە بە خۆڕایی کار دەکات و لە رێگەی هێڵی ئینتەرنێتەوە پەخشی راستەوخۆ بڵاودەکاتەوە، بە تایبەتمەندێتی دیاریکردنی شوێنی جوگراف (GPS). لەم پرۆگرامەدا دەتوانرێت شێوەی بینین لە گشتییەوە بۆ تایبەت دیاری بکرێت و لەپێش دەستپێکردنی پەخشەکەش، ناونیشان یان کاپشنی بابەتی پەخشکراو بنووسرێت. ئەمە جگە لەوەی لەم پرۆگرامەدا داتای تایبەت بە ژمارەی بینەر و لایك و کۆمێنتەکان ئاشکرا بکرێت، هەروەها دەتوانرێت بۆ ماوەی 24 کاتژمێر پەخشی راستەوخۆ بەبێ بچڕان جێبەجێبکرێت. هەروەها توانای کۆنێکتی هەیە لەگەڵ سیستمی برۆدکاستینگی تەلەفیزیۆنەکاندا و بە خۆڕایی بەردەستە.

– **پرۆگرامی (U stream)**: لە هەردوو سیستمەکەدا بە خۆڕایی کار دەکات و خاوەنی تایبەتمەندێتی دیاریکردنی چوارچێوەیە بۆ ڤیدیۆی پەخشەکە و توانای تۆمارکردنی پەخشە راستەوخۆکەشی هەیە، بەڵام ناتوانرێت شوێنی جوگراف

دیاری بکرێت. لەم پرۆگرامەدا دەتوانرێت پەخشی راستەوخۆ لە رێگەی هەردوو ماڵپەڕی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک و تویتەرەوە بکرێت.

– **پرۆگرامی (Bambuser):** ئەم پرۆگرامە بە هەردوو سیستمی (IOS) و (Android) کار دەکات و رێگە دەدات لە هەرسێ ماڵپەڕی (فەیسبووک، تویتەر و مای سپەیس)ەوە پەخشی راستەوخۆ بڵاوبکرێتەوە، جگە لەوەی خزمەتگوزاریی چاتکردن لە ماوەی پەخشەکەدا دەستبەر دەکات.

توێژەر بە گەڕان لەناو هەردوو پرۆگرامی (play و store) تایبەت بە گەڕان و بازاڕکردن بۆ پرۆگرامەکان، تێبینی دەکات، سەدان پرۆگرام هەن کە هاوشێوەی پرۆگرامە ئاماژە بۆ کراوەکان سوودیان هەیە لەبواری بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنیدا لە رێگەی مۆبایلی زیرەکەوە. هاوکات لەدوای پشکنینی بەشێکی زۆری ئەو پرۆگرامانە، دەرکەوت کە زۆربەی پرۆگرامەکانی تایبەت بە (MOJO) لە سیستمی (Android)دا بە خۆڕایین و هیچ مەرجێك لەبارەی دانان و بڵاوکردنەوەی لۆگۆی پرۆگرام بەسەر بەکاربەردا ناسەپێنێت، پێچەوانەی سیستمی (IOS) کە زۆربەی پرۆگرامەکانی بە خۆڕایی نین یاخود سەرجەم تایبەتمەندێتی و خزمەتگوزارییەکانی بەخۆڕایی چالاك نین.

### 2- بەرهەمەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل

رۆژنامەگەریی مۆبایل بەردەوام لە کێبڕکێدایە لەگەڵ ئامراز و تەکنەلۆجیاکانی دیکەی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی هونەرە میدیاییەکان. بەجۆرێك ئەگەر لە دەستپێکی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی مۆبایلی زیرەکدا، ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە تەنها بۆ گواستنەوەی وێنەی کوالێتی نزم و نووسینی تێکست بەکاربهێنرایە، ئەوە لەسەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەوە (MOJO) بۆتە ئامرازێکی سادە و خێرا لە بەرهەمهێنانی زۆربەی هونەرە رۆژنامەوانییەکانی وەك (هەواڵ، راپۆرت، چیرۆکە هەواڵ، چاوپێکەوتن، فیچەر، فیلمی دیکۆمێنتاریو..تد).

بەگوێرەی سەرچاوە و توێژینەوە زانستییەکان، لە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە دەتوانرێت ئەم جۆرە هونەرە رۆژنامەوانییانە بەرهەمبهێنرێت:

**– بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەی هەواڵ:**

رۆژنامەگەریی مۆبایل یەکێکە لە ئامرازە گرنگ و و هاوچەرخەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی، بەشێوەیەك هەر میدیاکارێك کە خاوەنی مۆبایلێکی زیرەك بێت، وەك ئەوە وایە ستۆدیۆیەکی بچوك لە گیرفانیدا بێت، چونکە لە رێگەی ئەو مۆبایلەوە دەتوانرێت وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ تۆمار بکرێت و تێکستی هەواڵ و رووداوەکانیش بنووسرێت و چاوپێکەوتن و دیدار ئەنجامبدرێت. دواتر هەر بەم ئامێرە کاری مۆنتاجکردن بکرێت و لە سەکۆ کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبکرێتەوە یان رەوانەی دامەزراوە میدیاییەکان بکرێت لەهەر کات و شوێنێکدا بێت (Perreault & Stanfield, 2019: 16). هاوکات پێشبینی دەکرێت لە 10 ساڵی داهاتوودا، رۆژنامەگەریی مۆبایل ببێت بە رۆژنامەگەرییەکی باو و

بەربڵاو، بەمەبەستی ئامادەکردن و کۆکردنەوە و بەرهەمهێنانی هەواڵ هەم بۆ میدیا کلاسیکییەکان (خوێنراو، بیستراو و بینراو)، هەمیش بۆ میدیا دیجیتاڵییەکان، بە جۆرێك لەگەڵ خێرابوونی پرۆسەی پڕکردنەوەی پێویستییەکانی وەرگر لە پێدانی زانیاریدا، ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە ببێت بەو ئامرازەی کە ئەو ڕۆڵە ببینێت (بريك، 2020: 3619).

**– ئامادەکردنی ڕاپۆرت:**

مۆبایلی زیرەك توانای تۆمارکردنی وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ و ئەنجامدانی کاری مۆنتاجکردنی هەیە، بۆیە میدیاکار بە ئاسانی دەتوانێت کلیپە جیاوازەکانی ڕاپۆرتی تەلەفیزیۆنی و ئێزگەیی ئامادە بکات و ڕەوانەی دەزگا میدیاییەکەی بکات. ئەمە جگە لەوەی لەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییەدا دەتوانرێت بە کۆمەڵێك کەرەستەی قەبارە بچوك و بەردەست (ستاند، هیتفۆن و مایکی دەرەوە) لە هەموو شوێنێك لێدوانی ڕۆژنامەوانیی بەرهەمبهێنرێت و دواتر بکرێت بە ڕاپۆرتێکی تەلەفیزیۆنی بە کوالیتێکی بەرز (قيطة، 2018: 244).

لەو چوارچێوەیەدا و لە ساڵی 2019دا، میدیاکارێکی میسری بەناوی "مستەفا دەرویش" ڕاپۆرتە هەواڵێکی بەناوی "لو الخدمة هتتحسن.. ماشي" لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە ئامادە کرد، دواتر لەلایەن دامەزراوەی تۆمسۆن و بە هاوبەشیی لەگەڵ کۆمپانیای (mojo fest)، خەڵاتی پێ بەخشرا. ئەم ڕاپۆرتە لە ڕێگەی مۆبایلی جۆری (iPhone 5s)ەوە وێنەکانی تۆمار کراوە و بە پرۆگرامی (iMovie)یش مۆنتاجکراوە (NADER, 2019).

**– بەرهەمهێنانی چیرۆکە هەواڵ:**

مۆبایلی زیرەك یەکێکە لەو ئامرازانەی کە لەلایەن ڕۆژنامەوانانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ گێڕانەوەی چیرۆکە هەواڵە سەرنجڕاکێشەکان و تۆمارکردن و پیشاندانی چیرۆکی وێنەیی بەشێوەیەکی سیسماتیك. بەشێوەیەك ئامادەکردنی چیرۆکە هەواڵ لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە و پاشان بڵاوکردنەوەی لە کەناڵە میدیایی و بەتایبەت سەکۆ کۆمەڵایەتییەکان، بووە بە پیشەیەکی باو و تایبەتمەند.

بەشێك لە توێژینەوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، هونەری چیرۆکە هەواڵ لە ڕۆژنامەگەری مۆبایلدا، شێواز و ستراکچەری نوێی لە ڕووی ناوەڕۆك و فۆرمەوە بەرهەمهێناوە، کە پێی دەوترێت "دراما مۆبایل". ئەم جۆرە هونەرە ڕۆژنامەوانییە بریتییە لە گێڕانەوەی چیرۆکە هەواڵێکی ڤیدیۆیی یەکانگیر و سەرنجڕاکێش کە ماوەکەی لە خولەکێك زیاتر نییە و جگە لەوەی بەشی زۆریان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێتەوە، بەڵام لە کەناڵە ئاسمانییە بەناوبانگەکانیشدا گرنگی بە بڵاوکردنەوەی دەدرێت. کەناڵی ئاسمانیی (BBC)یش یەکێکە لەو کەناڵانەی کە گرنگی بەم هونەرە میدیاییە دەدات و بەرهەمی "دراما مۆبایل" پەخش دەکات (قطب، 2014).

**- سازدانی چاوپێکەوتن:**

بە گوێرەی راپۆرتێکی پەیمانگەی رۆیتەرز بۆ توێژینەوەی میدیایی، ئەو کەسانەی کە دیدار و چاوپێکەوتن لە بەردەم مۆبایلدا ئەنجام دەدەن، هەست بە ئارامی و دڵەڕاوکێی کەمتر دەکەن، بەراورد بە قسەکردن لە بەردەم کامێرای گەورەی تەلەفیزیۆنی و کاری تیمدا. ئەمەش گوزارشتە لەوەی رۆژنامەگەریی مۆبایل ئامرازێکی گونجاو و ئاسانە بۆ سازکردنی چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانی بە خۆئامادەکردنێکی کەمی میدیاکاران (شاهین، 2018: 149).

**- بەرهەمهێنانی فیلمی دیکۆمێنتاری:**

ساڵانە نزیکەی 30 فێستیڤاڵی تایبەت بە فیلمی دیکۆمێنتاری لە رێگەی مۆبایلەوە لە سەرتاسەری جیهان بەڕێوەدەچێت. بەوپێیەی لە رێگەی مۆبایلی زیرەکەوە، دەتوانرێت فیلمی دیکۆمێنتاری بەرهەمبهێنرێت و کێبڕکێی فیستیڤاڵە گەورەکانی جیهان بکات، هاوشێوەی "هۆلیود" و "کان"، نموونەی فیلمی "Olive"، کە ناوبانگێکی گەورەی لە جیهاندا پەیدا کرد و توانی بگاتە لیستی فیلمەکانی هۆلیود (شنینو، 2018).

**- ئامادەکردنی وێنە و ڤیدیۆ بۆ سۆشیال میدیا:**

لەگەڵ پەیدابوونی رۆژنامەگەریی مۆبایل و گەشەسەندنی کامێرای مۆبایلی زیرەک، بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ و وێنە لە رێگەی مۆبایلەوە و دواتر بڵاوکردنەوەی لە ماڵپەڕ و سەکۆکانی سۆشیال میدیادا تەشەنەی سەندووە و لە ئێستادا (70٪)ی ئە ڤیدیۆ و وێنانەی کە لە سەکۆ کۆمەڵایەتی و ماڵپەڕەکانی وەك "YouTube"دا بڵاودەکرێنەوە، لە رێگەی مۆبایلی زیرەکەوە تۆمارکراون. بەوپێیەی بە ئاسانی و بە تێچوو و شارەزاییەکی کەمەوە و لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کلیپی ڤیدیۆیی مۆنتاجکراو بەرهەمدەهێنرێت (Malyarov, 2017).

**- دروستکردنی گرافیك Graphic:**

بریتییە لە نمایشکردنی وێنە و تێکست بەشێوەیەکی جوڵاو. بۆ نموونە لە رێگەی پرۆگرامی "Alight Motion"ەوە دەتوانرێت بە مۆبایلی زیرەك گرافیکی وێنەیی بەرهەمبهێنرێت (قندیل، 2019).

لە دوای خستنەڕووی جۆری بەرهەمەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە بواری میدیادا، توێژەر هەندێك تێگەیشتن و تێڕاوانینی زانستیی لە چوارچێوەی ئەو پرسەدا سەربار دەکات و وایدەبینێت، ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بۆتە ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی زۆربەی هونەرە رۆژنامەوانییەکان، نەك تەنها لە بواری بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنیدا، بەڵکو رۆژنامەگەریی مۆبایل و مۆبایلی زیرەك بۆتە ئامرازێك بۆ بەرهەمهێنانی دەنگ و تەواوی لایەن و هونەرە رۆژنامەوانییەکان لە میدیای بیستراودا، ئامرازێکیشە بۆ تۆمارکردنی وێنە و نووسینی تێکست و ناردن و دیزاینکردن لە میدیای خوێنراودا. کە تا ئەم رۆژگارە، ئەستەمە ئامرازێکی رۆژنامەگەریی ئەم فرە چەشنییە لە پیشەسازیی میدیاییدا فەرهەم بکات.

## پاری پێنجەم: لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل ( Pros and cons MOJO )

هاوشێوەی جۆرەکانی دیکەی رۆژنامەگەریی، توێژەرانی بواری میدیا لایەنە باش و خراپەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل-یان دیاری کردووە، لەسەر رۆشنایی سروشت و تایبەتمەندێتییە تەکنیکییەکانی ئامرازی مۆبایلی زیرەك.

**- لایەنە باشەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل:** (بریك، 2020: 3617)

1- دەتوانرێت وردەکاریی چیرۆکی هەواڵەکان لە مەیدانی رووداوەکانەوە راستەوخۆ و بە خێرایی بڵاوبکرێنەوە.

2- هەڵگرتنی کەرەستەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل سوك و ئاسانە و بە تەنها کەسێك ئەنجام دەدرێت، بەشێوەیەك ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە پێویستیی بە تیمێك نییە بۆ هەڵگرتنی ئامێری کێش قورس کە گواستنەوەیان کارێکی زەحمەتە.

3- لەم جۆرە رۆژنامەگەرییەدا، میدیاکار دەتوانێت بە ئاسانی وێنە لەو جێگایانە تۆمار بکات کە بۆ تیمی کامێرا کارێکی زۆر ئەستەمە. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە رۆژنامەگەریی مۆبایلدا هەموو ئەرکەکان لە تەنها مۆبایلێکی بچووکدا چڕ بۆتەوە.

4- رۆژنامەگەریی مۆبایل پێویستی بە بودجەیەکی کەمە بۆ کڕین و دابینکردنی کەرەستەکانی.

5- لەهەموو شوێنکدا (MOJO) بوونی هەیە و بۆتە ئامرازێك بۆ دەستکەوتنی زۆرترین هەواڵ و زانیاری و وێنە و ڤیدیۆی خامی میدیایی بۆ کەناڵەکان، بەتایبەت هەواڵ و رووداوە کتوپڕەکان.

6- هاوشێوەی میدیاکارە پیشەییەکان، هاووڵاتیانیش دەتوانن پیادەی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بکەن، بۆیە زۆرکات (MOJO) بۆشایی نێوان میدیاکاران و هاووڵاتیانی ئاسایی کەم دەکاتەوە، ئەمەش بۆتە هاندانێك بۆ گەشەسەندنی هۆشیاریی میدیایی لای جەماوەر.

هەر لە چوارچێوەی لایەنە ئەرنییەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایلدا، توێژەر لە رێگەی شیکردنەوە و راڤەکردنی سروشتی کاری ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە، دوو خاڵی دیکە سەربار دەکات کە بریتییە لە:

**- فراوانکردنی مەعریفەی میدیایی میدیاکاران:** ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە، میدیاکارانی لە مومارەسەکردنی تەنها کارێکی میدیایی دیاریکراودا دەرباز کردووە و مەعریفەی پراکتیکییانی فراوان کردووە. بۆ نموونە، پێشتر پەیامنێران و هەواڵسازانی کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان، تەنها کاری دیاریکراوی خۆیان جێبەجێکردووە، بەڵام رۆژنامەگەریی مۆبایل دەرگای ئاشنابوون و مومارەسەکردنی چەندین کاری میدیایی دیکەی لە بەردەمیاندا واڵا کردووە. لەوانە: (کاری کامێرامانی، مۆنتاجکردن و کاری تەکنیکی هونەرەکانی بەرهەمهێنان لە میدیای بینراودا... تد).

– **ڕووماڵکردنی ڕووداو و دیاردە پەراوێزخراوەکان:** چیتر ڕووداوە بچووکەکان نابن بە قوربانیی ڕووداوە گەورە و دیارەکان. میدیای کلاسیك هەمیشە ڕووماڵی ڕووداوە گەورەکانی لەلا مەبەست بووە و کەمتر دەپەرژایە سەر ڕووداوە بچووکەکان، بەڵام ئێستا کامێرای مۆبایلی زیرەك تەنها ڕووداوە گەورە و دیارەکان تۆمار ناکات و بەهۆی بەربڵاویی بەکارهێنانیەوە، فۆکس دەخرێتە سەر ڕووداو و دیاردە بچووکەکان کە پێش پەیدابوونی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە تاڕادەیەك پەراوێزخرابوون.

**- لایەنە خراپەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل:**

1– نزمی کوالێتی بەرهەمی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل (وێنە و ڤیدیۆ)، یەکێکە لە کێشەکانی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سنووردارییی هاوێنەی کامێرای مۆبایلی زیرەك و نەبوونی ئەزموون و شارەزایی بەکارهێنانی (Karhunen, 2017: 27).

2– وێڕای پێشکەوتنی تەکنەلۆجیای دروستکردنی مۆبایلی زیرەك، بەڵام هێشتا بەرگەگرتنی وزەی "پاتری" مۆبایل بۆ ماوەیەکی درێژ، یەکێکە لە کێشەکانی بەردەم (MOJO)دا (بریك، 2020: 3618).

3– بەهۆی ئەوەی بەشێکی بەرچاو لە هاووڵاتیانی ئاسایی لە ڕێگەی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییەوە، هەواڵ و زانیاریی ڕەوانەی کەناڵە میدیاییەکان دەکەن، بۆیە زۆربەی کات کێشەی ناهاوسەنگی و شێواندنی ڕاستییەکان و پابەندنەبوون بە ئیتیك و یاسای ڕۆژنامەوانییەوە دروست دەبێت (Vansevenant, 2018).

4– زۆرکات ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان بەم ڕۆژنامەگەرییە بەشێوەی پەخشی ڕاستەوخۆ، مەترسی بۆ ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ دروست دەکات و لە ڕووی ئەمنییەوە کێشەیان بۆ دروست دەبێت (BURUM, 2016: 54).

هاوکات، توێژەر لەگۆشەنیگای ئەزموونی کاری مەیدانی لە میدیای بینراودا، دوو خاڵی دیکە وەکو لایەنی نەرێنیی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل (MOJO) سەربار دەکات کە بریتین لە:

– **ناپرۆفیشناڵی لە ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا:** بەهۆی نوێی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە و کەمی ژمارەی ڕاهێنەر و میدیاکاری شارەزا لەم بوارەدا، بەشێك لە بەرهەمی میدیایی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەسەر ئاستی کوالێتیی ناوەڕۆك وفۆرمەوە لاوازە و بە ناپرۆفیشناڵی (MOJO) بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە: ڕووماڵی ئەو هەواڵانەی کە بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا کراون، ناچنە قاڵبێکی هونەریی یەکانگیری بەرهەمی میدیاییەوە.

– **پێویستیی بە ژووری زیرەکی هەواڵ هەیە:** وەك لە توێژینەوەکانی پێشووی پەیوەست بە توێژینەوەی ئێستادا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە پێویستی بە ژووری زیرەکی هەواڵ هەیە، ئەم چەشنە لە ژووری هەواڵ جیاوازە لە ژووری هەواڵی کلاسیك و لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتانی عەرەبیشدا، تاڕادەیەك نامۆیە و شارەزایی بوون تێیدا کەمە.

## دووەم: بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی

### پاری یەکەم: ناساندنی بەرهەمهێنان لە تەلەفیزیۆندا

پرۆسەی بەرهەمهێنان لە تەلەفیزیۆندا، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پڕ زەحمەتییە، ئەو پرۆگرام و خزمەتگوزارییانەی کە لە سکرینی تەلەفیزیۆنەوە دەبینرێن، لە ئەنجامی کاری چەندین تیمە کە لە ڕێگەی تەکنەلۆجیاوە بە گروپ هەوڵ دەدەن ماتریاڵێکی سەرکەوتوو پێشکەش بکەن، ئینجا ئەو ماتریاڵە هەواڵ و گەشتی هەواڵ بێت، یان پرۆگرامی چاوپێکەوتن و ستۆری، یاخود فیلمی دیکۆمێنتاری و دراما و هونەرە رۆژنامەوانییەکانی دیکە.

ئاڵۆزی کاری بەرهەمهێنان لە تەلەفیزیۆندا، لای بینەری ئاسایی دیار نییە و هەستی پێناکات، بەڵام لە بنەڕەتدا ئەو بەرهەمهێنانە پیشەییە چ لەناو ستۆدیۆ بێت یان لە دەرەوە، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەشێوەیەك تیمەکانی بەشدار ئاوێتەی کەرەستە و تەکنەلۆجیا ئەلیکترۆنییەکان دەبن لەپێناوی سەرکەوتنی پرۆسەکەدا، بۆیە پێویستە بزانرێت ئەو ئامێر و کەرەستانە چین و کێن ئەوانەی وەکو تیم بەشدارن لە بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆندا (زيتل، 2004: 1).

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، هەموو ئەو بەرنامانەی کە دەچنە قاڵبی خزمەتگوزاریی تەلەفیزیۆنەوەو پەخش دەکرێن و لە سەرەتاوە بە بیرۆکەیەك دەستپێدەکات و پاشان دەبێت بە بەرنامەیەکی سەرنجڕاکێش کە ئامادەیە بۆ پەخشکردن لە تەلەفیزیۆندا، بریتییە لە بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنی. ئەم پرۆسەیەش بەئاسانی ئامادەی پەخشکردن ناکرێت، بەڵکو لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی گشتگیردا کۆدەکرێتەوە و لە کۆمەڵێك هەنگاوی یەك لەدوا یەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو و ڕێکخراودا پێکدێت، بەئامانجی جێبەجێکردنی بەشێوازی جیاواز کە بتوانێت بیرۆکەکە بکات بە بەرنامەیەکی تەلەفیزیۆنی مەبەستدار (شلبي، 2008: 27).

بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنی بەو جۆرەش پێناسە دەکرێت، "پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، ئامانجێتی بیرۆکەکان بگوڕێت بۆ کۆمەڵێك وێنە و دەنگ و ڕێکخستنی لە چوارچێوەیەکی هونەریدا، بە ئامانجی گەیاندن و کاریگەریی خستنەسەر جەماوەری بینەر. ئەم پرۆسەیەش پێویستی بە شارەزایی هەیە لە بوارەکانی (کارگێڕی، پلاندانان، ژمێریاری و ئەندازیاریی دەنگ، وێنە و ڕووناکی، ماکیاج، نواندن، بە بازاڕکردن و توێژینەوە)" (يعقوب، 2012: 403).

هاوکات، بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنی لە ماوەی هەنگاوەکانیدا بە قۆناغی بەرهەمهێنانی بیرۆکە جیاوازەکان دەستپێدەکات و پشت بە کۆمەڵێك بڕیار و پێشنیاری جۆراوجۆر دەبەستێت، بۆ دەستپێکردنی قۆناغی ئامادەسازیی لە ڕێگەی گرتنەبەری کۆمەڵێك ڕێوشوێنەوە دەبێت، پاشان لەکۆتاییدا دەبێتە ماتریاڵێکی تەلەفیزیۆنی بۆ بینەران. هەموو ئەو هەنگاوانەش لەژێر سەرپەرشتیی کەسێکدا دەبێت کە پێی دەڵێن بەرهەمهێن یان بەرهەمهێنەر (جەلال، 2018: 79– 80).

بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنی، پێویستە ئاماژە بە هەنگاو و قۆناغەکانی ئامادەکردنی بیرۆکەیەك بۆ ماتریاڵێکی بینراوی میدیایی بکرێت، بۆیە ئەو پرۆسەیە بەو چەشنە دەناسرێت کە گۆڕینی بیرۆکەیەکی ماناداره بۆ پرۆگرامێکی تەلەفیزیۆنیی بەهادار، لە ڕێگەی سەرپەرشتیکردنی هەموو قۆناغەکانی ئامادەسازیی پێش بەرهەمهێنان و بە تێپەڕبوون بە وێنەگرتن و دیاریکردنی کات و بودجە و هەماهەنگی و پاشان قۆناغی مۆنتاج و هەڵسەنگاندن و پەخشکردنی (الشميمري، 2010: 228).

بە خستنەڕو و شیکردنەوەی پێناسەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنی لە چەند گۆشەنیگایەکەوە، ئەو تێگەیشتنە لای توێژەر گەڵاڵە دەبێت کە بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنی پشت بە دوو بنەمای سەرەکی دەبەستێت کە بریتین لە: (گۆڕینی بیرۆکە بۆ ماتریاڵێکی بینراو، ئامادەسازیی مرۆیی و تەکنیکی و لۆجستی). بۆیە توێژەر بەو جۆرە پێناسەی کردارەکی بۆ بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆنی دەکات کە بریتییە لە "ئامادەسازیی مرۆیی و تەکنیکی، بەمەبەستی گۆڕینی بیرۆکەیەك یان زنجیرە بیرۆکەیەك بۆ چوارچێوەیەکی هونەری کە ڕەنگ و وێنە و دەنگ و ڕووناکی لە خۆدەگرێت، بە ئامانجی پێشکەشکردنی ماتریاڵێکی بینراوی میدیایی یەکانگیر و سەرنجڕاکێش بە بینەر. ئەم پرۆسەیەش کارێکی ئاڵۆزە و چەندین کەس وەکو تیم لە پشتی کامێراوە بەشدارن".

### پاری دووەم: پێناسەی هەواڵی تەلەفیزیۆنی

هەواڵ بە یەکێك لە هونەر و ئەرکە گرنگ و سەرەکییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی و میدیایی دادەنرێت کە لە ڕێگەیەوە زانیاری میدیایی ئاڕاستەی جەماوەری وەرگر دەکرێت و ئاگادار دەکرێتەوە لەوەی چی و چۆن و کەی لە کوێ و بۆچی و بە چ کاریگەرییەك ئەو فاکتە ڕوویداوە، سەرەنجام ئەرکی لە پێشینەی میدیای "کلاسیك و نوێ" بریتییە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی هەواڵ بە جەماوەرەکەیان. هەرچەندە زیاتر لە دوو سەدەیە هەواڵ وەکو چەمکێکی میدیایی و تیۆری هەیە، بەڵام هەمیشە جێگای مشتومڕ بووە بۆ دیاریکردنی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئەم هونەرە ڕۆژنامەوانییە، بۆیە بەردەوام پێناسەی هەواڵ بەپێی بارودۆخ و قۆناغەکانی گەشەسەندنی میدیا نوێکراوەتەوە و لەگەڵ سروشتی ئامرازە میدیاییەکان و سەردەمدا گونجێنراوە.

لە ڕووی چەمکەوە، هەواڵ بریتییە لە هەر ڕووداوێکی ئاسایی و لەناکاو، کە سەرنجی خەڵك ڕابکێشێت و کاریگەرییان لەسەر بکات، یان هەر فاکتێکی نوێ لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاراستەی جەماوەری وەرگر بکرێت (العوض، 2019: 87). لەبارەی پێناسەی هەواڵی تەلەفیزیۆنییەوە، توێژەران و پسپۆڕانی بواری میدیا پێیانوایە، هەواڵ لە میدیای خوێنراو و بیستراو و بینراودا، هەمان ئەرك و پەیامی هەیە کە بریتییە لە پێدانی زانیاریی دروست و نوێ و ورووژێنەر، بەڵام سروشت و ئاستی کاریگەریی ئامرازەکانی میدیا، شێوە و ڕادەی وەرگرتنی هەواڵ لای وەرگر دەگۆڕێت، بۆیە هەمیشە هەواڵی تەلەفیزیۆنی بەهۆی بوونی وێنەی جوڵاو و دەنگەوە، ڕادەی کاریگەری و گەیشتنی بە وەرگر خێراتر و زیاترە لەو هەواڵانەی کە میدیای خوێنراو و بیستراو ئاڕاستەی جەماوەری دەکەن (العبد، 2007: 21).

هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە بنەمای کاری کەناڵە ئاسمانی و لۆکاڵییەکان دادەنرێت و بەوە ناسراوە کە بریتییە لە کۆمەڵێك گرتەی یەك لەدوا یەکی هاوتەریب بە کۆمێنتی دەنگیی کە لە رێگەی سەرچاوەکانی هەواڵەوە کۆدەکرێتەوە. پێویستیی بە تەکنەلۆجیای بەرهەمهێنان هەیە و لە ماوەیەکی دیاریکراودا وەکو ماتریاڵێکی بینراو پێشکەش دەکرێت و دەبێتە جێگەی سەرنجی و گرنگیپێدانی وەرگر (الكعبي، 2020: 13). لەلایەکی دیکەوە، رێبەری CBS بەو جۆرە پێناسەی هەواڵی تەلەفیزیۆنی دەکات، بریتییە لە نمایشکردنی کۆمەڵێك وێنەی راستەقینەی رووداوێك، کە ئەرکی سەرەکی گەیاندن و پیشاندانی رووداوەکەیە بە بینەر (بن زطة، 2014: 88).

هاوکات لە رووی تەکنیکی و لۆجستییەوە، هەواڵی تەلەفیزیۆنی بریتییە لە هەواڵێکی وێنەیی کە لە شوێنی رووداوەکانەوە لەلایەن (پەیامنێر، کامێرامان، ئەندازیاری دەنگ و بەرپرسی رووناکی)یەوە بەرهەم دەهێنرێت. لە رووی ناوەڕۆکیشەوە لە زنجیرەیەك وێنەی جوڵاوی رێکخراو پێکدێت کە بە گرتە ناودەبرێت و هەریەکەیان پەیام و ئامانجێکی دیاریکراو بە بینەر دەگەیەنێت (معوض، 2010: 215).

هەرچەندە لە دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمەوە، میدیای نوێ وەك سەکۆیەکی کۆمەڵایەتی – میدیایی هاوچەرخ دەرکەوت و بە خێرایی ئاوێتەی خواستەکانی وەرگر بوو لە پێدانی زانیاری و بەشداریکردنی تاك و کۆمەڵ لە پرۆسەی پیشەسازیی هەواڵ و پەیامی میدیاییدا، بەڵام تائێستاش ئامرازی تەلەفیزیۆن بە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ دادەنرێت، بەو پێیەی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بەوە پێناسە دەکرێت کە وردەکاریی رووداوەکان دەخاتە نێو ماڵەکانەوە و بە کارلێکە وێنەیی و دەنگیەکانەوە، وەرگر بە تەواوی لایەنەکانی رووداوەکە ئاشنا دەکات (Visnovsky et al, 2018: 42).

لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەوە، گۆڕانکاریی ریشەیی لە ئەرك و ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی و شێوەی ئاڕاستەکردنی بە بینەری تەلەفیزیۆندا هاتووە، بەتایبەت لەدوای گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای بەرهەمهێنان و پەخشی ڤیدیۆیی. بە شێوەیەك پەیدابوونی تەکنەلۆجیای نوێی پەخشی راستەوخۆی تەلەفیزیۆنی، ئەو پێناسەیەی بەسەر هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا سەپاند، کە هەواڵی تەلەفیزیۆنی بریتییە لە "خودی رووداوەکە" (FRAZAO & BRASIL, 2013: 113).

بە شیکردنەوەی ئەو کۆمەڵە پێناسەیەی کە بۆ هەواڵی تەلەفیزیۆنی دیاریکراوە، دەردەکەوێت کە بوونی وێنەی جوڵاو تێکەڵ بە دەنگ، خەسڵەتی سەرەکی هەواڵی تەلەفیزیۆنییە، هەر ئەوەش وایکردووە کە هەواڵی ئەم ئامرازە میدیاییە بەوە ناوبنرێت کە ئاست و رێژەی راستگۆیی هاوسەنگیی زیاترە لە هەواڵی ئامرازەکانی دیکە، بەوپێیەی وێنەی جوڵاوی رووداوەکان و وردەکارییەکەی وەکو خۆی لە پێش چاوی بینەری وەرگرە. بۆیە توێژەر دەگاتە پێناسەیەکی کردارەکی بۆ هەواڵی تەلەفیزیۆنی و پێیوایە، بریتییە لە پیشاندان و خستنەڕووی زنجیرەك وێنەی جوڵاو و دەنگی رێکخراو پەیوەست بە رووداوێکی دیاریکراو، بەمەبەستی پێدانی زانیاری و کاریگەریی خستنەسەر بینەر. بە رەچاوکردنی بەها و پێوەر و تەکنیکی نووسین بۆ وێنە.

## پاری سێیەم: بەهاکانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی

کۆکردنەوەی زانیاری و داتا لە چوارچێوەی پرۆسەی نووسینی هەواڵدا وەکو پەیامێکی میدیایی، لەسەر چەند بنەما و پرەنسیپێکی سەرەکی بنیاد دەنرێت کە یەکێکیان بریتییە لە بەهاکانی هەواڵ، بەو مانایەی کۆمەڵە بەهایەك هەن کە دەبنە بنەما بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی هەواڵ بە وەرگر. ئەو بەهایانەش لە کەناڵێکی میدیاییەوە بۆ کەناڵێکی دیکە و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە. ئەمە جگە لە خوێندنەوەی جیاواز لە دەروازەی دەروونزانی و کۆمەڵناسی و ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، بەهاکان و هۆکارەکانی بژاردەکردنی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بۆ دوو دەستەی سەرەکی پۆلێن دەکرێت: (العبد، 2007: 75)

– **بەها سەرەکییەکانی هەواڵ:** بریتییە لەو بەهایانەی کە پێویستە لەهەر هەواڵێکدا هەبێت، بەشێوەیەك بەبێ بوونی ئەو بەهایانە، رووداوەکان نابن بە هەواڵ، لەوانە: (نوێی، هەنووکەیی و گرنگی).

– **بەهای وردەکاریی هەواڵ:** ئەم جۆرە بەهایانەی هەواڵی تەلەفیزیۆنی پەیوەستە بە وردەکاریی زیاتری ناوەڕۆکی رووداوەکانەوە، بەو مانایەی هەندێك بەهای هەواڵ هەن کە لەلایەن کەناڵەکانەوە پێشینەی بڵاوکردنەوەی پێ دەدەن لە بەرامبەر هەندێك هەواڵی دیکەدا، لەوانە: (نزیکی، قەبارەی رووداوەکان، نامۆیی، ناوبانگی و ململانێ). سەرچاوە زانستییەکان ژمارەیەك بەهای هەواڵی تەلەفیزیۆنییان دیاریکردووە کە زۆربەیان بریتییە لە بەهای خودی هەواڵی رۆژنامەوانی و توێژەر بەشێکی زۆریان دەخاتەڕوو:

### 1- بەهای نوێی (هەنووکەیی) Timeliness Value

گرنگیدان بە بەهای کات یەکێکە لە پێوەرە سەرەکییەکان لە دیاریکردن و بژارکردنی هەواڵە جیاوازەکاندا، بەتایبەت لەماوەی سێ دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا گرنگیدان بە ململانێی دەستپێشخەری لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە رووماڵکردنی رووداوەکاندا، بوو بە یەکێك لە ئەرکە پیشەییەکانی کاری رۆژنامەوانی. لەدوای سەرهەڵدانی کەناڵە ئاسمانییەکانیش، پێوەری کات خاڵی سەرکەوتن و کێبڕکێی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی هەواڵ و پەخشکردنی رووداوەکانە. بەشێوەیەك هەر هەواڵێکی تەلەفیزیۆنی لەماوەی پێنج خولەکدا رووی دابێت، ئەوە کاریگەرییەکەی تەنها پێنج خولەك دەمێنێتەوە، بەو پێیەی کات لەهەواڵی تەلەفیزیۆنیدا زوو بەسەر دەچێت (Boyd, 2001: 20).

هاوکات، لەبارەی بەهای کاتەوە بۆ هەواڵ، نووسەری فەرەنسی "ئەندریۆ گاید" Andreo Gide باشترین و کاریگەرترین هەواڵ پەیوەست دەکات بە کاتی روودانی و بەو جۆرە ئاماژە بە پێناسەی هەواڵ دەکات: "هەر زانیارییەك کە لە بری ئەمڕۆ، سبەینێ جەماوەر لێی بەئاگا بوو، ئەوە بەهاکەی لەدەست دەدات" (جادين، 2018: 40). لەدوای زیادبوونی ژمارەی کەناڵە ئاسمانییەکان و سەرهەڵدانی کەناڵی تایبەتمەند بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی هەواڵ و

توندبوونی کێبڕکێی میدیای کلاسیك لەگەڵ میدیای نوێدا، دروشمی بەشێك لە کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن پەیوەست کراوە بە پابەندبوون بە بەهای کاتەوە، بۆ نموونە دروشمی "گەرمتر لە هەواڵ"، "ببە بە یەکەم first get it"، "سات بە سات moment by moment".

## 2- بەهای گرنگی Importance Value

بڵاوکردنەوەی هەواڵێك لەبارەی رووداوی پێکدادانی دوو شەمەندۆفێرەوە گرنگترە لە رووداوی دوو ئۆتۆمبێل، بۆیە هێندەی ئەنجام و کاردانەوەی هەواڵەکان گرنگە، ئەوەندە خودی هەواڵەکە گرنگ نییە، بۆ نموونە هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسێکی نوێی کۆمپیوتەر بریتییە لە هەواڵێکی ئاسایی، بەڵام کاتێك بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە سێکتەرەکانی بانك و بازرگانی و هێڵەکانی پەیوەندیکردن دەکەونە مەترسییەوە، دەبێت بە هەواڵێکی گرنگ (جواد، 2001: 49). هەر سەبارەت بەم بەهایە، هاوکێشەیەکی ماتماتیکی بۆ دیاریکردنی هەواڵی تەلەفیزیۆنی لەسەر بنەمای گرنگیی دانراوە کە بریتییە لە: هەواڵی تەلەفیزیۆنی = واقیع لە جیهانی راستەقینەدا + بڕی گرنگیی پرسەکە + قەبارەی هەڵەی زمانەوانی + ئاستی پیشەیی میدیایی لە داڕشتنی هەواڵەکەدا (العبد، 2007: 77).

## 3- بەهای نزیکی Proximity Value

بەهای نزیکی بریتییە لە مەودای نزیکیی جەماوەر لە کەسەکان و شوێن و بابەت و پرسەکانی ئاماژەبۆکراو لەناو هەواڵەکەدا. بەو مانایەی ئەو رووداوانەی کە نزیکن لە بینەرانەوە نزیکیی (جوگرافی، دەروونی، هاوسۆزی)، بۆ ئەوان گرنگن و ویستی وەرگرتنی زانیارییان لەبارەیەوە هەیە، بۆیە لەلایەن کەناڵە تەلەفیزیۆنی و ئامرازەکانی دیکەی میدیاوە، گرنگی بەو جۆرە هەواڵانە دەدرێت کە لە جەماوەری وەرگرەوە نزیکە (ماکدوغال، 2000: 93).

هاوکات، هەمیشە ئەو هەواڵانەی کە لە شوێنی جوگرافی دەرچوونی رۆژنامەکەوە یان ئێزگە یان کەناڵی تەلەفیزیۆنیەکەوە روو دەدەن، لای وەرگر گرنگی زیاتری هەیە، سەرەنجام هەواڵە لۆکاڵییەکان بە تامەزرۆوە بینەر چاوەڕێی بینینی دەکات (یعقوب، 2012: 428).

## 4- بەهای کاریگەریی Impact Value

ئەو هەواڵانەی کە چاوەڕوان دەکرێت کاریگەریی بەهێز و راستەوخۆی لەسەر بینەر هەبێت، چانسی بڵاوکردنەوەیان زیاترە لە هەواڵەکانی دیکە. ئەو رووداوانەی کە پێشبینی دەکرێت کاریگەریی لەسەر زۆرترین بینەر بکات، بە هەواڵێکی گرنگ دادەنرێت. ئەم جۆرە هەستەش لەبارەی ئەگەری کاریگەریی خستنەسەر زۆرترین بینەری وەرگر، دەبێت لای میدیاکار و سازێنەری هەواڵ بەهێز بێت (عبد الفتاح، 2016: 118). هەندێك لە توێژەرانی میدیایی ئەم بەهایە بە "ئەنجام" consequence ناوزەندی دەکەن، بەو مانایەی هەواڵ چ ئەنجامێکی باش یان خراپ لەسەر جەماوەر بەجێدەهێڵێت (السید و الشریف، 2005: 54).

## 5- بەهای نامۆیی Unusualness Value

هەمیشە بینەری وەرگر عەودالّی ئەو هەوالآنەن کە دەبنە مایەی وروژاندن و گەلآلەکردنی پرسیار، بەو واتایەی ئەو هەوالآنەی کە لە کۆمەڵگەکاندا بە جۆرێك لە جۆرەکان نامۆن و تاڕادەیەك دوورن لە لۆژیکی مرۆڤەوە، سەرنجڕاکێشن و هەواداری زۆری هەیە بۆ بینینیان یان بیستن و خوێندنەوەیان. ئەو بڕگە بەناوبانگەشی کە دەوترێت: "کاتێك سەگێك گاز لە پیاوێك دەگرێت نابێت بەهەواڵ، بەڵام ئەگەر پیاوەکە گازی لە سەگەکە گرت، ئەوە هەواڵە" لەسەر ڕۆشنایی ئەم بەهایە سەرچاوەی گرتووە (العبد، 2007: 80).

بەشێك لە سەرچاوە زانستییەکانی دیکە، ئەو جۆرە هەوالآنەی کە بەهای نامۆییان تێدایە، بە هەواڵی نائاسایی "Untypicality News" ناوی دەبەن، بەو پێیەی ئەو هەوالآنەی کە نائاساییـن و ڕووداوی نۆرمەڵی ڕۆژانە نین، لە ئەجێندای پەخشی کەناڵە میدیاییەکاندا، لە پێشەوەی جۆرەکانی دیکەی هەواڵ و ڕووداوەکانەوەن. هەندێك جاریش بەم جۆرە بەهایەی هەواڵ دەوترێت بەهای وروژاندن "Interesting" (البطة، 2015: 65).

## 6- بەهای ململانێ Conflict Value

ژیانی مرۆڤایەتی پڕە لە ململانێ، کە مۆرکێکی دراماتیکی بە ژیان دەبەخشێت، بۆیە دەبێت هەواڵی ڕۆژنامەوانیش پێویستییەکانی وەرگر لەو گۆشەنیگایەوە پڕ بکاتەوە. ململانێ یەکێکە لە پرسە گرنگەکان لای مرۆڤ، بۆ نموونە هەواڵی هەڵگیرسانی جەنگ و شۆڕش و کودەتاکان کە لەسەر بنەمای ململانێ دروست دەبەن، لای جەماوەری وەرگر جێگەی بایەخە. ئەمە جگە لەوەی ڕوومالّی هەڵبژاردنە سیاسییەکان، هەمیشە لەو چەشنە هەوالآنەن کە وەرگر دەیەوێت لێی بە ئاگابێت (أبو زید، 2011: 96).

## 7- بەهای ناوبانگی Prominence Value

ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگە و دەوڵەتەکاندا کەسانی ناسراون و ناوبانگیان هەیە و زۆرکات خەسڵەتی ئەستێرە دەدرێنە پاڵ ناوەکانیان، لای جەماوەر جێگەی گرنگیپێدانن و ویستیان هەیە کە ئاگاداری ژیانیان بن. بۆیە ئەو هەوالآنەی تایبەتن بە ژیانی گۆرانیبێژ یان هونەرمەند یاخود وەرزشەوانێکی بەناوبانگ، پڕ بینەرترین هەواڵن (خضور، 2000: 95).

توێژەرانی بواری میدیا و بەشێکی دیکە لە سەرچاوە زانستییەکان، ئاماژەیان بە چەندین جۆری دیکەی بەهای هەواڵی تەلەفیزیۆنییان داوە کە گرنگترینیان بریتییە لە: (بەهای مەزنی، بەهای بایەخە مرۆڤایەتییەکان، بەهای بابەتیبوون، بەهای بەردەوامی، بەهای پێشکەوتن و سەرکەوتن، بەهای ڕوونی، بەهای ڕاست و دروستی، سێکس، بەهای زمانی هەواڵ)، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا توێژەر مەبەستێتی بە کورتی بەرچاو ڕوونییەك لەبارەی گرنگترین بەهاکانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بخاتەڕوو.

## پاری چوارەم: سەرچاوەکانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی

بۆ دەستکەوتن و کۆکردنەوەی زانیاری و ماددەی خاوی هەواڵ، دەزگا میدیاییەکان لەسەر ئاستی جیهانی و لۆکاڵی، پشت بە ژمارەیەك سەرچاوەی فەرمی و نا فەرمی دەبەستن کە لە ڕێگەیەوە ڕۆژانە هەواڵی وێنەیی یان ڤیدیۆیی یاخود دەق وەردەگرن و دواتر لە چوارچێوەی پڕۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵی بینراودا، خزمەتگوزاریی هەواڵ پێشکەش بە بینەران دەکەن.

سەرچاوەکانی هەواڵ بریتییە لەو ئامرازەی کە لە ڕێگەیەوە کەناڵە میدیاییەکان هەواڵیان دەستدەکەوێت، ئەوەش یەکێکە لە پێکهاتەکانی پڕۆسەی کۆمۆنیکەیشن، ئەو سەرچاوانەش دەکرێت بریتی بن لە کەسایەتییەکی فەرمی یاخود میللی، یان زۆربەی کات ئاژانسەکانی دەنگوباس، تۆڕە نێودەوڵەتییەکانی زانیاری و ئێزگە و ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆن و وەزارەت و دامەزراوەکان دەبن بە سەرچاوەی گرنگی هەواڵ. بەڵام دەبێت جەخت لەو ڕاستییە بکرێتەوە کە سەرچاوەی سەرەکی لە دەستکەوتنی هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا بریتییە لە (پەیامنێران و نێردراوان) کە لە شوێنی ڕووداوەکانەوە هەواڵ و زانیارییەکانیان دەستدەکەوێت یاخود لە ڕێگەی شایەتحاڵ و سەرچاوە فەرمییەکانیانەوە (جادین، 2018: 28). زۆربەی توێژەرانی بواری میدیا و کۆمۆنیکەیشن، سەرچاوەکانی دەستکەوتنی هەواڵی (خوێنراو و بیستراو و بینراو) بۆ دوو بەشی سەرەکی پۆلێن دەکەن کە لای بەشێکیان بریتییە لە سەرچاوە ناوخۆیی (لۆکاڵی) و دەرەکییەکان، بەشێکی دیکەش ئەو دابەشکارییە بۆ سەرچاوەی هەواڵی وێنەیی و سەرچاوەکانی هەواڵی بێ وێنە (خوێنراو) پۆلێن دەکەن. بەڵام لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، هەردوو پۆلێنکردنەکە جیاوازییان نییە و هەمان واتایان هەیە.

1- **سەرچاوە ناوخۆییەکان Internal Sources**: بریتییە لەو سەرچاوانەی کە دەزگا میدیاییەکان لە ڕێگەی دەستەی نووسینی کەناڵەکەوە هەواڵیان دەستدەکەوێت وەك: پەیامنێر و نێردراوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان، هەریەك لەوانیش خاوەنی سەرچاوەی تایبەت بە خۆیانن کە لە ڕێگەیانەوە زانیارییان دەستدەکەوێت. بۆیە دەزگا میدیاییەکان بۆ دەستکەوتن و کۆکردنەوەی زۆرترین هەواڵ و زانیاری، تۆڕێکی فراوان لە پەیامنێر و نێردراون پێکدەهێنن و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڵاویان دەکەنەوە، بۆ ئەوەی لە شوێنی ڕووداوەکانەوە هەواڵەکان بگوازنەوە، ئەمەش بۆتە هۆی پەیداکردنی ناوبانگ بۆ ئەو کەناڵانەی کە زۆترین پەیامنێر و نێردراویان لە جیهاندا هەیە (معوض و عبد العزیز، 2007: 74).

2- **سەرچاوە دەرەکییەکان External Sources**: مەبەستی لێی ئەو دەستە و دامەزراوانەیە کە خزمەتگوزاریی هەواڵ پێشکەش بە دەزگا میدیاییەکان دەکەن، وەك: ئاژانسەکانی دەنگوباس، ڕۆژنامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، ئێزگە و تەلەفیزیۆنە لۆکاڵی و جیهانییەکان، ئینتەرنێت و دیجیتاڵ میدیا و سۆشیال میدیا (الأمین، 2013: 134). هاوکات، توێژەر گرنگترین ئەو سەرچاوانە دەخاتەڕوو کە بە بەردەوامی بوونەتە هۆکاری دەستخستنی هەواڵ و زانیاری لەلایەن کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکانەوە و سەرچاوە زانستییەکانی بواری میدیاش، جەختیان لەسەر دەکەنەوە.

- **پەیامنێر و نێردراوان**

1- **پەیامنێری دەرەکی External Correspondent**: بریتین لەو پەیامنێرانەی کە رووماڵی هەواڵ و رووداوەکان لە دەرەوەی وڵات دەکەن. سێ جۆر پەیامنێری دەرەکیش هەیە: (المشاقبة، 2018: 36)

– **پەیامنێری هەمیشەیی**: بەشێوەیەکی هەمیشەیی کاری رووماڵی هەواڵ و رووداوەکان دەکات بۆ کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی لە وڵاتێکی دیاریکراودا. ئەم جۆرە پەیامنێرانە لەدوای مانەوە و کارکردنیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە وڵاتێکی بیانیدا، دەبن بە خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەند لە زانیاری لەبارەی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی تایبەت بەو وڵاتە و لە رێگەی پەیوەندییەکانیانەوە، چەندین سەرچاوەی فەرمی و نافەرمی بۆ خۆیان و کەناڵەکەیان پەیدا دەکەن.

– **پەیامنێری گەرۆك**: کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان پەیامنێرێك دەستنیشان دەکەن، بۆ ئەوەی رووماڵی ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو بکات کە چەند وڵاتێك لە خۆدەگرێت. ئەرکی سەرەکی ئەم جۆرە پەیامنێرە دەرەکییە بریتییە لە رووماڵی ئەو رووداوانەی کە لە ژمارەیەك وڵاتی کیشوەرێکدا روو دەدەن و پایتەختی یەکێك لەو وڵاتانەش دەکات بە بارەگای سەرەکی کارەکانی.

– **پەیامنێری کاتیی**: بەمەبەستی رووماڵکردنی رووداوێکی دیاریکراو لە وڵاتێکدا، کەناڵەکان کەسێك لە دەستەی نووسین دەستنیشان دەکەن، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی کاتی سەردانی ئەو وڵاتە بکات و زانیاری و هەواڵ بگەیەنێتە کەناڵەکەی. زۆرکات بەم جۆرە پەیامنێرە دەوترێت "نێردراو".

2- **پەیامنێری ناوخۆیی Internal Correspondent**: ئەم جۆرە پەیامنێرە لە ناوخۆی وڵاتدا رووماڵی هەواڵەکان دەکات و دەینێرێت بۆ بارەگای سەرەکی کەناڵەکەی. کەناڵە میدیاییەکان لە زۆربەی شارەکاندا پەیامنێری تایبەت بە خۆیان بڵاودەکەنەوە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تێچوو و خەرجی پەیامنێری ناوخۆیی کەمترە بەراورد بە پەیامنێری دەرەکی.

- **ئاژانسەکانی دەنگوباس**

ئەو دامەزراوانەن کە ئەرکی سەرەکییان بریتییە لە کۆکردنەوەی هەواڵ و دابەشکردنی بەسەر ئەو دامەزراوە میدیاییانەی کە خزمەتگوزاریی هەواڵ پێشکەش دەکەن. ئەو پاڵپشتییەی ئاژانسەکان بۆ کەناڵە میدیاییەکان بە خۆڕایی نییە و بەپێی شێوە و سروشتی پێدانی هەواڵ و وێنە و ڤیدیۆ و پەخشی راستەوخۆی رووداوەکان، گرێبەست دەکرێت.

هەرچەندە زۆربەی وڵاتانی جیهان خاوەنی ئاژانسی دەنگوباسی تایبەت بە خۆیانن، بەڵام لەسەر ئاستی جیهاندا ژمارەیەکی دیاریکراو ئاژانسی دەنگوباسی ناسراو و کاریگەر هەن کە بەشێکی زۆری دەزگا میدیاییەکان (خوێنراو، بیستراو و بینراو) رۆژانە پشتیان پێ دەبەستن و هەواڵ و زانیارییان لێ وەردەگرن. هۆکاری گرنگیی خزمەتگوزارییەکانی

ئەو ئاژانسانەش بۆ ئەوە دەگرێتەوە، خاوەنی تۆڕێکی فراوانی تیمی رووماڵی هەواڵن (پەیامنێر، کامێرامان، ئەندازیاری دەنگ، دیکۆریست، رێکخەری رووناکی و ستۆدیۆی گەڕۆک "ژووری هەواڵی زیرەك" و رووماڵی تەواوی رووداوەکانی جیهان دەکەن (معوض و عبدالكريم، 2007: 29). بەپێی پێگەی جوگراف و ئاستی رووماڵی رووداوەکان، توێژەران بواری میدیا و ماس میدیا، ئاژانسەکانی دەنگوباس بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکەن: (الهيتي، 2008: 48)

1- **ئاژانسە نیشتمانییەکان National Agencies**: کاری سەرەکی ئەم جۆرە ئاژانسانە بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری و رووماڵی هەواڵ لە سنووری ئەو وڵاتەی کە لێیەتی و دواتر گواستنەوەیان لە شێوەی خزمەتگوزاریی میدیایی ئامادەکراو بۆ دەرەوەی وڵات.

2- **ئاژانسە هەرێمایەتییەکان Regional Agencies**: لە بنەڕەتدا هەر ئاژانسی نیشتمانین، بەڵام دواتر بوون بە سەنتەری ئاڵوگۆڕی هەواڵ و زانیاری لە نێوان ژمارەیەك دەوڵەتی دراوسێی نزیك لە یەك.

3- **ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان International Agencies**: ئەم جۆرە ئاژانسانە لە گشت وڵاتانی جیهاندا تیمی کۆکردنەوە و ئامادەکردنی هەواڵ و هونەرەکانی دیکەی رۆژنامەوانییان هەیە و رۆژانە خزمەتگوزارییەکانیان بەسەر دەزگا میدیاییەکانی هەموو وڵاتانی جیهان دابەش دەکەن. ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان هەواڵ و راپۆرت و رێپۆرتاژ و ڤیتی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و پەخشی راستەوخۆ) ئامادە دەکەن و دەینێرن بۆ دەزگا میدیاییەکان. لەسەر ئاستی جیهانیش، پێنج ئاژانسی نێودەوڵەتیی بەناوبانگ هەن، کە بەهۆی رووماڵی تەواوی رووداوەکانی جیهانەوە، بەشێکی زۆری دامەزراوە میدیاییەکان، گرێبەسی وەرگرتنی خزمەتگوزارییە میدیاییەکانیان لەگەڵیاندا واژۆ کردووە. ئەو ئاژانسانەش بریتین لە: (ئیبراهیم و رەحمان، 2010: 33)

- ئاژانسی دەنگوباسی ئەسۆشێتد پرێس (AP): لەساڵی 1848 لە ئەمریکا دامەزراوە.

- ئاژانسی دەنگوباسی یونایتد پرێس ئینتەرناشیوناڵ (UP1): لە ساڵی 1958 لە ئەمریکا دامەزراوە.

- ئاژانسی رۆیتەرز (Reuters): لە ساڵی 1851 لە بەریتانیا دامەزراوە.

- ئاژانسی دەنگوباسی فرانس پرێس (AFP): لە ساڵی 1835 لە فەرەنسا دامەزراوە.

- ئاژانسی تاس (TASS): لە ساڵی 1904 لە روسیا دامەزراوە.

**- رۆژنامە لۆکاڵی و بیانییەکان**

رۆژنامە لۆکاڵی و بیانییەکان سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵن، ئەوەیش بە روونی لە کەناڵە ئاسمانییە عەرەبی و بیانییەکاندا دەبینرێت کە پرۆگرامی تایبەت بە خستنەڕو و نمایشکردنی هەواڵ و زانیاریی رۆژنامەکان پەخش دەکەن، هاوشێوەی پرۆگرامەکانی (وتەی رۆژنامەکان و جیهانی رۆژنامەنووسی) و چەندین ناوی دیکە. بەو جۆرەش بەشێکی زۆر

له ڕۆژنامە ناوخۆیی و بیانییەکان دەبن بە ماددەی خاوی هەواڵ بۆ کەناڵە ئاسمانی و تەلەفیزیۆنە ئەرزییەکان. بۆ نموونە بڵاوبوونەوەی هەواڵێکی تایبەت بە گەندەڵی لە بانکێکی حکومی لە ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵیدا، خێرا کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان هەواڵ و چیرۆکەهەواڵی تەلەفیزیۆنی لەبارەیەوە ئامادە دەکەن (اللحام و صلاح، 2015: 185).

### - ئێزگە لۆکاڵی و نێودەوڵەتییەکان

لە ڕێگەی بەدواداچوون بۆ هەواڵ و زانیارییەکان، کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان سوودیان لە هەواڵی ئێزگە لۆکاڵی و نێودەوڵەتییەکان بینیوە، لەکاتێکدا گەشتی هەواڵ لە زۆربەی ئێزگە هەواڵەییەکاندا هەموو 30 خولەك جارێکە، کەناڵەکان دەتوانن زانیاریی کورت و خێرایان دەستبکەوێت و کاریان لەسەر بکات. بەڕادەیەك بەشی زۆری هەواڵی ئێزگە باوەڕپێکراوەکان، لێدوان و ڕوونکردنەوەی دەنگیی بەرپرس و لایەنی پەیوەندیدار بە ڕووداوەکان پەخش دەکەن، ئەمەش لای کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان هەم ڕاستگۆیی زیاترە، هەمیش بەرچاوو ڕوونیان دەکات لە چۆنێتی ئامادەکردنی هەواڵێکی ڤیدیۆیی (شلبي، 2008: 56).

### - ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا

بەهۆی فراوانیی بەکارهێنانی لەسەر ئاستی جیهان و هاوکات خەسڵەتی خێرایی لە بڵاوکردنەوەدا، تۆڕی جانجاڵۆکەی ئینتەرنێت بووە بە سەرچاوەیەك لەسەرچاوەکانی پێدانی زانیاریی بە دامەزراوە میدیاییەکان و لەنێویدا کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان. لە ڕێگەی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی کەناڵ و ڕۆژنامە و گۆڤار و ئێزگە و دیجیتاڵ میدیا بەشێوەیەکی گشتی، کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان سوودی زۆریان لە دەستکەوتنی زانیاری و وردەکاریی هەواڵ و ڕووداوەکان وەرگرتووە. ئەمە جگە لە ماڵپەڕ و سەکۆکانی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی Social Media وەك: (فەیسبووك، تویتەر، یوتیوب، ئنستاگرام...تد)، بوونەتە یەکێك لە سەرچاوەکانی هەواڵ بۆ میدیای خوێنراو، بیستراو و بینراو. هەرچەندە لە زۆربەی سەرچاوە زانستییەکاندا، ئاماژە بەو شەش سەرچاوە گرنگەی دەستکەوتنی هەواڵ بۆ کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان کراوە، بەڵام لە هەندێك سەرچاوە و توێژینەوەدا، گوزارشت لە چەند سەرچاوەیەکی لاوەکی دیکە دەکرێت کە بریتین لە: (کۆنگرە و کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکان، ڕاگەیەنراوی وەزارەت و دەزگا گشتییەکان، دۆست و هاوڕێ و کەسایەتییە ناودارەکان، ئاهەنگ و مەراسیمەکان، گۆڤاری تایبەت) (الکعبي، 2020: 14).

بە گەڕان و کنەی توێژەر بە نێو سەرچاوە زانستییە نوێیەکانی تایبەت بە بواری میدیادا، ئەو تێبینییەی لەلا گەڵاڵە بوو، کە لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەوە، سۆشیال میدیا بە هەموو جۆرەکانیەوە بۆتە سەرچاوەی گرنگی دامەزراوە میدیاییەکان بەشێوەیەکی گشتی و کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان بەتایبەتی. هۆکاری ئەو پشتبەستنەی کەناڵە میدیاییەکانیش بۆ سۆشیال میدیا دەگەڕێتەوە بۆ خێرا ئاوێتەبوونی جەماوەر بەم جۆرە میدیاییانە و بڵاوکردنەوەی زانیاری و سەرەداو و وێنە و ڤیدیۆ لەلایەن هاووڵاتیانی ئاساییەوە لەو سەکۆ کۆمەڵایەتییانەدا.

## پاری پێنجەم: قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی

بەراورد بە میدیای خوێنراو و بیستراو، پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵ لە میدیای بینراودا کارێکی زەحمەت و ئاڵۆزە، هۆکارەکەش بۆ سروشتی کارکردن لەم ئامرازە میدیاییەدا دەگەڕێتەوە کە هەمیشە دەبێت میدیاکار وێنەی ڤیدیۆیی لە یاد بێت و بۆ وێنە بنووسێت، بۆیە بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی پێویستی بە کاری تیم و مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆجیاکانی تایبەت بەم ئامرازە میدیاییەوە هەیە.

بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی، بەپێی سروشتی کەناڵەکان دەگۆڕێت، بەوپێیەی بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵێکی تەلەفیزیۆنی تایبەتمەند بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی هەواڵ بە درێژایی 24 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا (7/24)، جیاوازە لە کەناڵێکی دیکە کە تەنها چەند گەشتێکی هەواڵی هەیە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم پرۆسەی بەرهەمهێنانە بۆ چەند قۆناغێك پۆلێن دەکرێت کە بریتین لە قۆناغەکانی: پێش بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنان و قۆناغی دوای بەرهەمهێنان (بشری، 2017: 188– 189).

### 1- قۆناغی پێش بەرهەمهێنان (ئامادەکاریی) Pre-Production

کاتێك لە ڕێگەی سەرچاوەی هەواڵی کەناڵ تەلەفیزیۆنییەکانەوە، زانیارییەك دەدرێت بە کەناڵەکە، دەستەی نووسەران ئەو زانیارییە ئاراستەی پەیامنێر و نێردراوان دەکات، بۆ ئەوەی هەواڵێکی وێنەیی لێ بەرهەمبهێنرێت. لەم قۆناغەدا دەبێت پەیامنێر سکرێپتی (ئەجێندا) تایبەت بە چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارە لۆجستی و مەیدانییەکان ئامادە بکات و ئەم ڕێکارانە لەخۆبگرێت: (کۆکردنەوەی زانیاری، دیاریکردنی شوێنی تۆمارکردنی وێنە، دەستنیشانکردنی کەسانی پەیوەندیدار بە پرسەکە، دیاریکردنی کاتی چاوپێکەوتن، وەرگرتنی مۆڵەتی وێنەگرتن لە لایەنە ئەمنییەکانەوە، ڕاوێژ بە تیمی وێنەگرتن) (Acholoun, 2014: 10). لە قۆناغی پێش بەرهەمهێناندا، ڕاوێژ و کۆبوونەوەی میدیاکار (پەیامنێر) لەگەڵ تیمی وێنەگرتن (کامێرامان، ئەندازیاری دەنگ، ڕێکخەری ڕووناکی و شۆفێر) گرنگە، بەشێوەیەك دەبێت پەیامنێر گشت وردەکاریی چۆنێتی ڕوومالّی هەواڵەکە بۆ ئەو تیمە ڕوونبکاتەوە و لە کارکردنی ئامێرە تەکنیکییەکانیش دڵنیابێتەوە (العمرو، 2015: 67).

لە بەشێکی دیکەی سەرچاوە زانستییەکاندا، ئەم قۆناغە بە قۆناغی گەڕان و کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی زانیاری و داتاکان ناو دەبرێت، بە شێوەیەك میدیاکاران لە کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکاندا لە ڕێگەی سەرچاوەکانی (بزوێنەری گەڕان لە ئینتەرنێت، سۆشیال میدیا، ئاژانسەکان) و سەرچاوەکانی دیکە دەست بە کۆکردنەوەی زانیاری بۆ هەواڵەکە دەکات و هەگبەی مەعریفی لەبارەی ڕووداوەکەوە دەوڵەمەند دەکات.

## 2- قۆناغی بەرهەمهێنان (وێنەگرتن و مۆنتاجکردن) Production

لەم قۆناغەدا، کاری مەیدانی دەستپێدەکات و وێنەی شوێنی رووداوەکە و تۆمارکردنی چاوپێکەوتن جێبەجێدەکرێت. گرنگە پەیامنێران لە قۆناغی وێنەگرتندا هەماهەنگییەکی باشی لەگەڵ کامێراماندا هەبێت و ریزبەندیی تۆمارکردنی وێنەکان لەبەرچاو بگرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی پرۆسەی مۆنتاجکردندا ئەو ریزبەندییە تێکەڵ نەبێت و بەزوویی بەرهەمبهێنرێت (عرقوب، 2019: 20). قۆناغی وێنەگرتن، هەستیارترین قۆناغی بەرهەمهێنانی هەواڵە و پێویست دەکات سەرۆکی تیم (میدیاکار) لە تۆمارکردنی وێنەی رووداوەکان و دروستیی تۆمارکردنی دەنگ و بالانسی رووناکیی دیمەنەکان دڵنیا بێت و هەر لە مەیداندا پێداچوونەوەیان بۆ بکات و بۆچوونی کۆتایی دەربرێت ( BBC NEWS Arabic، 2010). هاوکات لەم قۆناغەدا کە هەندێك کات بە قۆناغی جێبەجێکردنیش ناو دەبرێت، دەبێت میدیاکار لەگەڵ مۆنتێردا ئامادەبێت لە پرۆسەی مامەڵەکردن لەگەڵ کلیپە ڤیدیۆییەکاندا و هەر خودی میدیاکارەکە بڕیار بدات لەبارەی چۆنێتی ریزبەندکردنی کلیپەکان و لابردنی هەندێك دیمەن و گرتەی ناپێویست. بەڵام پێویستە دەستکاریکردنی ڤیدیۆ و دەنگ و لێدوانی کەسایەتییەکان بەجۆرێك بێت، کاریگەریی لەسەر بەهای زانیارییەکانی ناو هەواڵەکە نەکات. ئەمە جگە لەوەی هەندێکجار هەواڵەکە پێویستی بە نەخشە و گرافیك هەیە و پێویستە میدیاکار لە رێگەی بەشی دیزاینەوە ئامادەیان بکات (جادین، 2018: 45).

## 3- قۆناغی دوای بەرهەمهێنان post-production

لەم قۆناغەدا پێویستە چاودێریی پرۆسەکانی پەخشکردن و بەبازاڕکردن (Broadcasting and Marketing) بکرێت. بەو واتایەی تەواوی هونەرە بەرهەمهێنراوەکانی تەلەفیزیۆن بەم پرۆسەیەدا تێدەپەڕن و دەبێت لەدوای کۆتاییهاتنی کاری مۆنتاجکردن، رێکارەکانی بەبازاڕکرنی بەرهەمەکە هەڵبسەنگێنرێت و سپۆنسەر بۆ هەواڵ لەچوارچێوەی پرۆگرامی گەشتی هەواڵدا بدۆزرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی چاودێری چۆنێتی پەخشکردنەکەی بکرێت و تێبینییەکان تۆمار بکرێن (بومشطة، 2019: 232). گرنگی ئەم قۆناغە لەوەدایە، میدیاکار دەتوانێت فیدباگی ناوەوە و دەرەوەی کەناڵەکە وەربگرێت، بەشێوەیەك هەموو ئەو گرفت و رێگرییانەی کە لەقۆناغەکانی پێش بەرهەمهێنان و بەرهەمهێناندا روبەڕووی دەبێتەوە، رووندەبێتەوە. دواتر رێکارەکانی بەبازاڕکردن و پەخشکردن و دەنگدانەوەی لەناو وەرگردا لەچواچێوەی فیدباگدا ئاشکرا دەبێت (الشيمري، 2010: 230).

بەخستنەڕووی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵ لە تەلەفیزیۆندا، توێژەر تێبینی دەکات، کە ئەو رێکارانە تەنها گونجاوە لەگەڵ ئەو جۆرە زانیاری و هەواڵانەی کە دەچنە چێوارچێوەی هەواڵە ساردەکانەوە (ئەو جۆرە هەواڵانەی کە کتوپڕ روو نادەن و بەهای هەنووکەییان تاڕادەیەك زۆر کەمە)، چونکە هەواڵە گەرم و کتوپڕەکان پێویستیی بە دەستوبردیی تیمی وێنەگرتن هەیە و بەهۆی خێراگەیاندنی زانیارییەکان بە بینەر، بەشێکی زۆری ئەو رێکارانەی تایبەت بە بەرهەمهێنان پیادە ناکرێت (ئەمە ئەگەر رووداوەکان بە پەخشی راستەوخۆش نەگوازرێنەوە). بۆ نموونە ئامادەکردنی رووماڵی

هەواڵێك لەبارەی گڕگرتنی هۆتێلێکەوە، ناتوانرێت ڕێوشوێنەکانی پێش بەرهەمهێنان و تەنانەت بەشێك لە وردەکارییەکانی قۆناغی وێنەگرتنیش جێبەجێ بکرێت، چونکە گەیاندنی زانیاریی لەسەر ڕووداوەکە پێویستیی بە دەستبەجێ گەیاندنی زانیارییەکان هەیە. هاوکات، بەرهەمهێنانی جۆرێکی دیکەی هەواڵی تەلەفیزیۆنی هەیە، کە پێویستی بە کاری مەیدانی نییە و بە هەواڵی (In-House) ناو دەبرێت، کە بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ڕووداوێك لە ناو ژووری هەواڵ و پاشان پەنابردن بۆ وێنەی ئەرشیف و نەخشە یاخود گرافیك و ئینفۆگرافیك و پاشان پەخشکردنی.

## سێیەم: تیۆری میدیایی بەکارهێنراو لە توێژینەوەکەدا

### - تیۆری شیکردنەوەی چێوەگرتنی میدیایی Frame Analysis Theory

توێژەر پشت بە تیۆری شیکردنەوەی چێوەگرتنی میدیایی وەکو تیۆری دووەمی توێژینەوەکە دەبەستێت، کە هاوکار دەبێت لە زانین و دەرخستنی چۆنێتی لە چێوەگرتنی ئەو هەواڵانەی کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ئامادە دەکرێن و دواتر ئاراستەی جەماوەر دەکرێت.

### - پێناسە و قۆناغەکانی پەرەسەندنی:

ئەم تیۆرە کە هەندێك لە سەرچاوە زانستییەکانی دیکە، بە تیۆری شیکردنەوەی چێوەگرتنی هەواڵ ناوی دەبن، بە یەکێك لە گرنگترین تیۆرەکان هەژمار دەکرێت کە بەشێوەیەکی کارا هەوڵ دەدات بە هەڵسەنگاندن و پێوانەکردنی ناوەڕۆکی پەیامەکانی میدیا لە توێژینەوەکاندا، هاوکات لێکدانەوەیەکی دانسقە سەبارەت بە ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیا لە پێکهێنانی بیروڕا و ئاڕاستە فکرییەکانی تایبەت بە پرسە دیارەکانی نێو کۆمەڵگەدا پێشکەش دەکات و هەوڵ دەدات پەیوەندیی نێوان فیدباگی ناسکاریی و ویژدانیی جەماوەر بەرامبەر بەو پرسانە دیاری بکات (العرامین، 2020: 11).

بیرۆکەی چەمکی چێوە (الاطار، Frames ) دەگەڕێتەوە بۆ کۆششە مەعریفییەکانی زانای کۆمەڵناس ئیرفنگ گۆفمان Goffman لە ساڵی 1974دا، وەك ئامرازێك وەسفی کرد کە تاکەکانی کۆمەڵگە دەتوانن بەو ئامرازە درك و پێناسە و وەسفی ڕووداوەکان یان زانیارییەکان دیاری بکەن، گۆفمان دەڵێ: "ئەو کاتەی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان درکیان پێدەکرێت، ئەنجامی کۆمەڵێك پێشبینین کە هۆیەکانی ماس میدیا بونیادیان ناوە و دەبنە هۆی پێکهێنانی دیدی گشتی بەرامبەر هەر بابەت و پرسێك کە پێشکەشی جەماوەر دەکرێت" (بالنافز وأخرون، 2017: 100).

هەریەك لە کلاوسۆن "Clawson" و نێڵسۆن ئۆکسلی "Nelson Oxley" پێناسەی چێوەگرتنیان کردووە کە پرۆسەیەکە لە ڕێگەیەوە سەرچاوە میدیاییەکان پرس و بابەتە سیاسییەکان یان مشتومڕە گشتییەکان لە بارەیانەوە دیاری و سستماتیك دەکات، وەلێ ناوەڕۆکی چێوە میدیاییەکان کاریگەرییان لەسەر دیدی گشتی جەماوەرەوە هەیە بە ڕێگەی چڕبوونەوەی لەسەر کۆمەڵێك بەهای دیاریکراو یان ئەو بیرو بۆچوونانەی کە پلەیەکی بەرز لە ڕوونییان پێ دەبەخشرێت و پەیوەستن بە پرس و کێشەکان زیاتر لەو چێوە جێگرەوانەی دیکە (هەمان سەرچاوەی پێشوو، 102).

هاوکات، تیۆری شیکاریی چێوەگرتنی میدیایی لێکدانەوەیەکی زانستی و سیستماتیککراو لە کاریگەرییەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ سەر تاکەکانی کۆمەڵگە پێشکەش دەکات سەرەڕای جیاوازییان. بیرمەندانی ئەم تیۆرییە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە پەیامی ڕاگەیاندن واتایەکی بێ مەغزایە ئەگەر لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی واتاداریدا کارتێك لە هەست و قایلکردنی جەماوەر دانەنرێت، بە ئەندازەیەك کۆی ئەو ڕووداو و پرسە چارەنووسسازانەی کە بابەتی ڕۆژانەی پەیامەکانی ڕاگەیاندنن گرنگ بێت بۆیان (مکاوي و السید، 2006: 349).

- **جۆرەکانی چێوەگرتنی میدیایی:** (الكساسبة، 2019: 17)

1- **چێوەگرتنی دیاریکراو بە پرسێك** Episodic Frames: لە ڕێگەیەوە فۆکس دەخرێتە سەر پرسێك و لایەن و ڕەهەندەکانی بۆ جەماوەر روون دەکرێتەوە، کە لە بنەڕەتدا بریتییە لە ڕووداوێکی پەیوەست بە واقیعێکی بینراو، سەرئەنجام چێوەگرتنەکە لە پێشکەشکردنی ڕەگەزەکانی ئەو ڕووداوە و کاردانەوەکانی چڕ دەبێتەوە. هاوشێوەی ڕووداو و کاردانەوەکانی بڵاوبوونەوەی پەتای ئەنفلۆنزای باڵندە.

2- **چێوەگرتنی گشتی** Thematic Frames: ڕووداوەکان لە سیاق و شیکردنەوەی گشتیی ئەبستراك پێشان دەدات و پەیوەستی دەکات بە پێوەرە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانەوە، کە گرنگی گەورەی هەیە بۆ تێگەیشتن لە کێشەکان و پێشکەشکردنی چارەسەر و باوەڕپێهێنان لەسەر ئاستی دوور.

3- **چێوەرگرتنی ستراتیژی** Strategic Frame: ڕووداوەکان لە گۆشەنیگایەکی ستراتیژییەوە دەبینێت، بۆ ئەوەی لە داڕشتنێکی دیاریکراودا جێگیری بکات و ڕاڤەی کێشەکان بکات، بەمەبەستی گەیشتن بە تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ ژینگەی دەوروبەر. ئەم چێوەگرتنەش لەگەڵ ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکاندا گونجاوە. کە فۆکس دەخاتە سەر ژمارەیەك بەها لەوانە:

- پرنسیپی سەرکەوتن و دوڕاندن، پێشکەوتن و دواکەوتن، ڕاپەڕین و داڕمان.
- زمانی شەڕ و ململانێ و کێبڕکێ نیشتمانیی و نێودەوڵەتییەکان.
- پرنسیپی هەژموون و هێز و سەرچاوەکانی و سیمای کەسایەتییەکان.
- پێشکەشکردنی دەستکەوتە مەزنەکان، یان ڕەخنە گەورەکان.

هەندێك کات بەم جۆرە چێوەگرتنە دەوترێت "چێوەگرتنی یاری" Game Frame، کە بە زۆری لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و کێبڕکێی نێوان کاندیدەکان بەکاردەهێنرێت. توێژەرانی بواری تیۆری شیکردنەوەی چێوەگرتنی میدیایی کۆکن لەبارەی ئەوەی ئەم چێوەگرتنە لە سەروبەندی رووماڵی میدیایی بەکاردەهێنرێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەمکە ستراتیژییەکانی وەك: (دۆڕاندن، دەستکەوت، هەل و گرەوەکان).

4- **چێوەگرتنی بایەخدانە مرۆڤایەتییەکان** Human Interests Frame: ڕووداوەکان لە گۆشەنیگای کاریگەرییە مرۆڤایەتی و سۆزی گشتییەوە دەبینێت، بۆ ئەوەی پەیامەکان لە جۆرە قاڵب و چیرۆکێکی دراماتیکی و هەستی سۆزدارییەوە دابڕێژرێت.

5- **چێوەگرتنی ئەنجامە ئابوورییەکان** Economic Consequences Frame: ئەم جۆرە چێوەگرتنە فاکتەکان دەخاتە سیاقی ئەنجامە ئابوورییەکانەوە کە بەهۆی ڕووداوەکانەوە بەرهەم هاتوون و ئاماژە بە کاریگەرییەکانی ئێستا،

یان پێشبینیکراوەکان لەسەر تاك و دەوڵەت و دامەزراوەکان دەکات، بە جۆرێك هەڵسورێنەری گەیاندن (Communicator) ئەنجامە مادییەکان بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی پەیامە میدیاییەکان لەسەر جەماوەر کاراتر بکات و زیاتر پەیوەستیان بکات بە بەرژەوەندییەکانیانەوە. بۆ نموونە، چێوەگرتنی رووداوی فرۆشتنی کۆمپانیایەکی کەرتی گشتی بریتییە لە: چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی ئێستا، دۆزینەوەی هەلی کاری نوێ بۆ گەنجان و ..تد).

6- **چێوەگرتنی ململانێ** Conflict Frame: نمایشکردنی رووداوەکان لە چوارچێوەی کێبڕکێ کە هەڵگری مۆرکی ململانێی توند بێت. سەرئەنجام لەپێناوی دەرخستن و زەقکردنەوەی ململانێکان، پەیامە میدیاییەکان رەگەزی گرنگ لە دەستدەدەن، بەشێوەیەك چاودێری بەرژەوەندییەکان لە پێش چاودێریکردنی ئامانجەکان دەکرێت، هاوکات زۆربەی کات پەیامەکان بە پێوەری دۆڕاو و براوە دەپێورێت، میدیاکارانیش زیادەڕۆیی زۆر دەکەن بۆ ئەوەی رووداوەکان لە چێوەبگرن. ئەم جۆرە چێوەگرتنە بەربڵاوترینە لە رووماڵکردنی هەواڵەکاندا، کە جەخت لەسەر رەگەزی ململانێی نێوان تاکەکان، کۆمەڵ و دامەزراوەکان دەکات و زۆرکاتیش لە رووماڵی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بەکاردەهێنرێت.

7- **چێوەگرتنی بەرپرسیارێتی** Responsibility Frame: لەم جۆرە چێوەگرتنەدا بابەت و کێشەکان بە شێوازێك پێشکەش دەکرێن، کە بەرپرسیارێتی ئەو بابەت و رووداوانە پەیوەست دەکرێن بە هەر تاك و کۆمەڵێکەوە، هەروەها بەرپرسیارێتی هۆکاری کێشە و چارەسەرەکان پێشکەش دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسوڕێنەری گەیاندن پەیامەکان بەو چەشنە ئامادە دەکات کە وەڵامی پرسیاری "کێ بەپرسیارە لە؟ بدرێتەوە. تاك و دامەزراوە و دەوڵەتەکان پەیوەندیدارن بەوەی بزانن بەرپرسیاری رووداوەکە کێیە و دیاری بکەن، ئیتر دامەزراوەیەك بێت یان یاسایەك یاخود رفتارێك یان حکومەتێکی دیاریکراو.

8- **چێوەگرتنی پرنسیپە مۆراڵییەکان** Morality Frame: نمایشکردنی فاکتەکان لە سیاقی بەها و مۆراڵی کۆمەڵگەدا، بە جۆرێك گرنگی بە بیر و باوەڕ و پرنسیپە باوەکانی لای جەماوەری وەرگر دەدات، هەڵسورێنەری گەیاندن راستەوخۆ وەڵامی رووداوەکان لە بەرژەوەندیی مۆراڵی کۆمەڵگە دەداتەوە، بە شێوەیەك پەنا بۆ بەکارهێنانی ئەو کۆنتێشن و بەڵگە ئاینییانە دەبات کە پاڵپشتی لەو فاکت و سەرچاوانە دەکات کە جەخت لەو جۆرە چێوەگرتنە دەکات. بە روونی چێوەگرتنی بابەت و رووداوەکان دەخاتە سیاقێکی بیر و باوەڕییەوە، یان چوارچێوەیەکی مۆراڵی. هاوکات وەك ئەوەی "لیڤن Levin" ئاماژەی بۆ دەکات، چێوەگرتنی میدیایی چوار ئەرکی سەرەکی هەیە کە بریتییە لە: (دیاریکردنی شوناس (بۆ کۆمەڵ و نەیارەکان)، دیاریکردنی کێشە، چارەسەری کێشە، وروژاندنی پاڵنەرەکان لە پێناوی چارەسەری کێشەکان بەگوێرەی چارەسەرە پێشنیازکراوەکان).

- **گریمانەکاتی تیۆری شیکردنەوەی چێوەگرتنی میدیایی:** (خطاطبة، 2020: 8)

1- شێوازی پێشکەشکردن و خستنەڕووی زانیارییەکان لە رێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە، کاریگەرییان هەیە لەسەر وەڵامدانەوە و کاردانەوەی جەماوەر بەرامبەر بە ناوەڕۆکی دەقەکان. بەگوێرەی پێناسەی "Entman" بۆ چێوەگرتن،

راڤەکردن و شیکردنەوەی پەیامە میدیاییەکان دەبێتە هۆی دەرخستن و زەقکردنی هەندێك زانیاری لەلایەن هەڵسوڕێنەری گەیاندنەوە، هەروەها دوورخستنەوەی هەندێکی دیکە، بەشێوەیەك ئەگەر جەماوەر تەبەنی ئەو چێوەگرتنەی بکات، ئەوە کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانی لەبارەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان دەبێت.

2– ڕووداوەکان بە تەنها هیچ واتا و مانایەکیان نییە، ئەگەر نەخرێنە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، ئەوەیش لە ڕێگەی فۆکس خستنەسەر بەشێك لە لایەنەکانی بابەتەکە و پەراوێزخستنی بەشێکی دیکە.

3– دانانی پەیامی میدیایی لە چێوەیەکی دیاریکراودا، کاریگەری جیاوازی دەبێت لەسەر جەماوەری وەرگردا، لەکاتێکدا ئەگەر ئەو لە چێوەدانی پەیامانە لە چوارچێوەی جیاوازدا سازێنرابێت. بۆیە سازاندنی پەیامی میدیایی لە چوارچێوەی گونجاودا سەرنجڕاکێشتر دەبێت بەلای وەرگردا).

**- جێبەجێکردنی ئەم تیۆرە لەسەر توێژینەوەکە :**

لەدوای خستنەڕووی وردەکاریی تیۆری شیکردنەوەی چێوەگرتنی میدیایی، توێژەر ئەو تێگەیشتنەی لەلا گەڵاڵە دەبێت، کە هەڵسوڕێنەری گەیاندن "Communicator" و میدیاکار لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامی میدیاییدا، بریتییە لە خاڵی یەکلاکەرەوە بۆ لە چێوەدانانی زانیاری و ماتریاڵە میدیاییەکان لە پێش گەیاندنی بە جەماوەری وەرگر. دیارە ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێك بنەما و گۆڕاوی تایبەت بە سیاسەت و ئایدۆلۆجیا و ئاراستەی کەناڵ و بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و فشارە هەمەجۆرەکان. سەرئەنجام هەمیشە پێوەر و بەهای هەواڵ و پەیامی میدیایی لە کەناڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە و هەر یەکەیان لەلایەن ستافی هەڵسورێنەری گەیاندنەوە لە چێوەدەگیرێت.

هاوکات، ئەم تیۆرە سوود بە لایەنی شیکاریی توێژینەوەی ئێستا دەبەخشێت، لە زانینی ناوەڕۆکی ئەو هەواڵانەی کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) ئامادە دەکرێن. هاوکات بۆ دەرخستنی ئاستی دروستیی رەهەند و شیکردنەوەکانی ئەم تیۆرە، توێژەر یەکێك لە گریمانەکانی وەك گریمانەی توێژینەوەکەی دەخاتە ڕێکاری تاقیکردنەوەوە و دواتر لە ڕێگەی ئەنجامەکانی چەند بڕگەیەکی توێژینەوەی شیکارییەوە، سەلماندنی بۆ دەکرێت.

## - کۆتایی -

ڕۆژنامەگەریی مۆبایل وەکو شێوازێکی هاوچەرخی کاری ڕۆژنامەوانی، بۆتە ئامرازێکی ئاسان و خێرا بۆ بەرهەمهێنانی هونەرە ڕۆژنامەوانییە جۆراوجۆرەکان و لە ڕێگەی دەیان پڕۆگرامی تایبەت بەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییەوە، دەتوانرێت بەرهەمێکی بینراو بەهەموو قۆناغەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و تۆمارکردنی ڤیدیۆ و دەنگ و دواتر وەك ماددەیەکی مۆنتاجکراو ئامادە بکرێت. ئەمە جگە لەوەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بووە بە ئامرازێکی بەردەست بۆ رووماڵکردنی پەخشی ڕاستەوخۆی ڕووداو و هەواڵە لەناکاو و ئاساییەکان لای میدیاکاران و تەنانەت هاووڵاتیی ڕۆژنامەوان و هاووڵاتی ئاسایی.

لەلایەکی دیکەوە، گەشەسەندنی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل (MOJO) تاڕادەیەکی زۆر خێرا بووە و تەنها بە سێ قۆناغ بووە بە ڕۆژنامەگەرییەکی بەربڵاو لەسەر ئاستی جیهاندا، هۆکاری ئەو خێراییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشکەوتنە تەکنیکییەکانی تایبەت بە دروستکردنی مۆبایلی زیرەك ساڵانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ئەنجام کوالێتی کار و بەرهەمی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلیش دەچێتە قۆناغێکی نوێوە.

هەر لە چوارچێوەی پرسی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا، توێژەران لەسەر ئەو زانیارییانە کۆکن کە ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییەش بەدەر نییە لە کێشە و لایەنی نەرێنی و میدیاکاران گرفتیان لەگەڵ کوالێتی بەرهەمی بینراوی مۆبایلی زیرەك هەیە و زۆرکاتیش سنووردارییی وزەی "پاتری" مۆبایل دەبێتەهۆی ئەوەی سوود لەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە نەبینرێت لەو کارە ڕۆژنامەوانییانەی کە کاتی زۆری پێویستە.

هاوکات، لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەوە، گۆڕانکاریی ریشەیی لە ئەرك و ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی و شێوەی ئاراستەکردنی بە بینەری وەرگر لە ئامرازی تەلەفیزیۆندا هاتۆتەکایەوە، بەتایبەت لەدوای گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای بەرهەمهێنان و پەخشی ڤیدیۆیی. بە شێوەیەك پەیدابوونی تەکنەلۆجیای نوێی پەخشی ڕاستەوخۆی تەلەفیزیۆنی، ئەو پێناسەیەی بەسەر هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا سەپاند، کە هەواڵی تەلەفیزیۆنی بریتییە لە "خودی ڕووداوەکە".

# بەشی سێیەم: هەواڵە بەرهەمهێنراوەکان بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

## ئەنجامەکانی ڕووپێوی شیکاری

**- دەروازە -**

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا ئەنجامی توێژینەوەی شیکاریی دەخرێتەڕوو، کە توێژەر بۆ دوو دەستە پۆلێنی کردووە، یەکەمیان ئەنجامەکانی تایبەت بە دەستە ناوەڕۆکییەکانی تایبەت بە هەواڵی بەرهەمهێنراو بە ڕۆژناگەریی مۆبایل لە گەشت و کورتەی هەواڵی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)دا، ئەویش لە ڕێگەی خستنەڕووی جۆری بابەتەکان و ئەو سەرچاوانەی کە بۆ ئامادەکردنی هەواڵەکان پشتیان پێبەستراوە، لەگەڵ دەرخستنی ئاراستە و ئەرکی گواستنەوە و پەخشکردنی هەواڵەکان و خستنەڕووی تەوەرەکانی جێگیربوون.

هاوکات لە دەستە ڕواڵەتییەکاندا، توێژەر هەوڵ دەدات شێوازی خستنەڕووی هەواڵەکان ئاشکرا بکات و ئەو هۆکارە زەقکراوانە بخاتەڕوو کە لە هەواڵەکانی بەرهەمهێنراو بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەو دوو کەناڵە ئاسمانییەدا گرنگیپێدراوە. هەروەها خستنەڕووی هاوسەنگی و شێوازی ڕووماڵکردن و ئەو شێوەزارەی کە لە هەواڵەکاندا بەکارهاتووە.

## پاری یەکەم: ڕێکاری دابەشکاریی سامپڵی ڕووپێوی شیکاری

**خشتەی ژمارە (2)**

کۆی ژمارەی گەشتی هەواڵ و کورتەی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) لەماوەی سێ مانگدا (90) ڕۆژ لە ڕێکەوتی (2021/1/1 بۆ 2021/4/1)

| کەناڵ / بابەت | GK | | پەیام | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| گەشتی هەواڵ | 990 | 61 | 360 | 100 | 1.350 | 68 |
| کورتەی هەواڵ | 630 | 39 | 0 | 0 | 630 | 32 |
| کۆی گشتی | 1620 | 100 | 360 | 100 | 1980 | 100 |

– بەپێی خشتەی ژمارە (4) دەردەکەوێت کە لە کۆی گەشت و کورتەی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) لە ماوەی دیاریکراودا، (1980) هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵ پەخشکراون. لە ڕیزبەندییەکەشدا کەناڵی (GK) بەراورد بە کەناڵی (پەیام)، بە پلەی یەکەم دێت کە لەو ماوەیەدا (990) گەشتی هەواڵ و (630) کورتەی هەواڵی هەبووە، کە (42) هەواڵ لە گەشت و کورتەی هەواڵەکانی (GK) لە ماوەی (90) ڕۆژدا لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە پەخشکراون و لە کۆی گەشتی هەواڵەکانی کەناڵی (پەیام)یش، (34) هەواڵ بەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییە ئامادەو پەخشکراون.

**خشتەی ژمارە (3)**

کۆی ژمارەی گەشتی هەواڵ و کورتەی هەواڵ لە هەردوو کەناڵەکە بەشێوەی خولەك و چرکە

| کەناڵ / هەواڵ | GK | پەیام | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| خولەك | 49,500 | 12.150 | 61.650 |
| چرکە | 2970000 | 729000 | 3699000 |

– بەپێی خشتەی ژمارە (5) ئەوە ڕووندەبێتەوە کە کۆی ئەو گەشت و کورتە هەواڵانەی کە لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)دا لە ماوەی (90) ڕۆژدا پەخشکراون، بریتییە لە (61.650) خولەك و (3.699.000) چرکە، کە بەپێی ئەنجامەکان دەردەکەوێت ژمارەکان لە بەرژەوەندیی کەناڵی (GK)ە کە زۆرترین خولەك و چرکەی بەرکەوتووە بەراورد بە کەناڵی (پەیام). ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کەناڵی (GK) ڕۆژانە لە (24 کاتژمێر)دا زۆترین هەواڵ پەخش دەکات.

## پاری دووەم: شیکاریی دەستە ناوەڕۆکییەکان:

### 1- بابەت

**خشتەی ژمارە (4)**

ئەو بابەتانەی کە بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵەکانی (GK) و (پەیام) لە سێ مانگدا بەرهەمهێنراون

سامپڵ: 76

| کەناڵ / بابەت | GK | | پەیام | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| سیاسی | 5 | 11.9 | 2 | 5.9 | 7 | 9.2 |
| کۆمەڵایەتی | 0 | 0 | 2 | 5.9 | 2 | 2.6 |
| ئابووری و خزمەتگوزاریی | 13 | 31 | 14 | 41.2 | 27 | 35.5 |
| ڕۆشنبیری و هونەری | 6 | 14.3 | 2 | 5.9 | 8 | 10.5 |
| ئاینی | 2 | 4.8 | 1 | 2.9 | 3 | 3.9 |
| ئەمنی و سەربازی | 1 | 2.4 | 1 | 2.9 | 2 | 2.6 |
| تەندروستی | 3 | 7.1 | 4 | 11.8 | 7 | 9.2 |
| وەرزشی | 5 | 11.9 | 0 | 0 | 5 | 6.6 |
| ڕووداو و تاوان | 7 | 16.7 | 8 | 23.5 | 15 | 19.7 |
| **کۆی گشتی** | 42 | 100 | 34 | 100 | 76 | 100 |

- بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (6) دەردەکەوێت، لە نێو بابەتی ئەو هەواڵانەی کە بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەهەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) لەماوەی سێ مانگدا پەخشکراون، هەواڵ (ئابووری و خزمەتگوزارییەکان) بەڕێژەی (35.5٪) بە پلەی یەکەم دێت بەراورد بە بابەتەکانی دیکە.

- هۆکاری گرنگیپێدانی ئەو کەناڵانە بە هەواڵ و ڕووداوە ئابووری و خزمەتگوزارییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ماوەی وەرگرتنی سامپڵی هەواڵەکاندا، هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی دارایی و ئابووریی توند تێدەپەڕی کە هەم کاردانەوەی لەسەر سێکتەرە ئابوورییەکان هەبوو، هەمیش پرۆژە خزمەتگوزارییەکان. بۆیە خاڵی لەیەکچوون لەنێوان هەردوو کەناڵەکەدا هەیە لە خستنەڕووی ئەو جۆرە بابەتی هەواڵە کە لە پێشەوەی هەموو بابەتەکانی دیکەوەیانە. هاوکات لە ڕیزبەندیی دووەمیشدا بەهەمان شێوە لە یەکچوون لەنێوانیاندا هەیە و کەناڵی (GK) بەڕێژەی (16.7٪) و کەناڵی (پەیام) بەڕێژەی (23.5٪) گرنگییان بە پرسی (ڕووداو و تاوان) داوە.

**2- سەرچاوە:**

**خشتەی ژمارە (5)**

ئەو سەرچاوانەی کە بۆ هەواڵەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە هەردوو کەناڵەکەدا وەرگیراون

سامپڵ: 76

| کەناڵ / سەرچاوە | GK | | پەیام | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| بەرپرسی حکومی و حزبی | 26 | 61.9 | 21 | 61.8 | 47 | 61.8 |
| شایەتحاڵ | 4 | 9.5 | 4 | 11.8 | 8 | 10.5 |
| پەیامنێر یان نێردراو | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| میدیا ناوخۆییەکان | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| میدیا جیهانییەکان | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ئاژانسەکانی دەنگوباس | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| زانیاریی تایبەت | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| هاووڵاتیی ئاسایی | 12 | 28.6 | 9 | 26.4 | 21 | 27.6 |
| **کۆی گشتی** | 42 | 100 | 34 | 100 | 76 | 100 |

- بەگوێرەی خشتەی ژمارە (7) دەردەکەوێت، لەکۆی سەرچاوەی زانیاری هەواڵ جۆراوجۆرەکانی ئەو دوو کەناڵە، سەرچاوەی (بەرپرسی حکومی یان حزبی) بەرێژەی (61.8٪) بە پلەی یەکەم دێت بەراورد بە سەرچاوەکانی دیکەی هەواڵ.

- ئەو خشتەیە ئەوە دەردەخات کە سەرچاوەی (بەرپرسانی حکومی یان حزبی)، بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ بۆ ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییە، بەتایبەت بۆ بابەتی هەواڵی ئابووری و خزمەتگوزارییەکان کە لە خشتەی ژمارە (6)دا لە پلەی یەکەمی بابەتی هەواڵە بڵاوکراوەکانی ئەو دوو کەناڵە بوو. بە جۆرێك لە یەکچوون لەو پرسەدا لەنێوان هەردوو کەناڵەدا هەیە، کە تەنها پۆینتێك جیاوازییان هەیە لە پشتبەستن بەو جۆرە سەرچاوەیەی هەواڵ. ئەمە جگە لەوەی هەردوو کەناڵەکە لە پلەی دووەمی سەرچاوەکانیشدا تاڕادەیەکی زۆر لە یەکتر نزیکن و هەردووڵا بەرێژەی (28.6٪) و (26.4٪) پشتیان بە هاووڵاتی ئاسایی بەستووە بۆ وەرگرتنی زانیاری. هاوکات تێبینی دەکرێت هەردوو کەناڵەکە بەهیچ جۆرێك سوودیان لە سەرچاوەکانی (پەیامنێر یان نێردراو، میدیا ناوخۆییەکان، میدیا جیهانییەکان، ئاژانسەکانی دەنگوباس و زانیاریی تایبەت) وەرنەگرتووە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی ئەو کەناڵانە تەنها سەرچاوەی هەواڵەکانیان لەچەند سەرچاوەیەکی دیاریکراو سنووردار کردووە و ئەوانەی دیکەیان پەراوێزخستووە.

### 3- ئەرك

**خشتەی ژمارە (6)**

ئەركی گواستنەوە و پەخشكردنی هەواڵەكانی ئەو دوو كەناڵە لە ماوەی سێ مانگدا

سامپڵ: 76

| كەناڵ / ئەرك | GK | | پەیام | | كۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| رووماڵی رووداو | 7 | 16.7 | 9 | 26.5 | 16 | 21.1 |
| پێدانی زانیاری | 15 | 35.7 | 8 | 23.5 | 23 | 30.3 |
| هۆشیاری و رۆشنبیری | 7 | 16.7 | 3 | 8.8 | 10 | 13.2 |
| هاندان و ئاراستەكردن | 4 | 9.5 | 13 | 38.2 | 17 | 22.4 |
| بانگەشە و ریكلام | 9 | 21.4 | 1 | 2.9 | 10 | 13.2 |
| **كۆی گشتی** | 42 | 100 | 34 | 100 | 76 | 100 |

- لە ئەنجامەكانی خشتەی ژمارە (8)دا ئەوە رووندەبێتەوە، (پێدانی زانیاریی) وەكو ئەركی گواستنەوە و پەخشكردنی هەواڵی ئەو دوو كەناڵە بەرێژەی (30.3٪) بەپلەی یەكەم دێت.

- هەر بەگوێرەی ئەنجامەكانی ئەم خشتەیە دەردەكەوێت كە جیاوازی لە نێوان كەناڵەكانی (GK) و (پەیام)دا هەیە لە ئەركی پەخشكردنی هەواڵەكانیاندا، بە شێوەیەك ئەركی (پێدانی زانیاری) لە كەناڵی (GK)دا بەپلەی یەكەم دێت بەرێژەی (35.7٪)، بەڵام لەپلەی یەكەمی كەناڵی (پەیام)دا و بەرێژەی (38.2٪) ئەركەكەی بریتییە لە (هاندان و ئاراستەكردن)، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە كەناڵی (پەیام) وەكو كەناڵی ئاسمانیی لایەنێكی ئۆپۆزسیۆن، مەبەستێتی ئەركی سەرەكی هەواڵەكانی بریتی بێت لە هاندان و ئاراستەكردنی رای گشتی، ئەمەش لە ئەجێندای سیاسی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكاندا ئامانجێكی ئاساییە و باوە. بەپێچەوانەوە، پلەی دووەمی گرنگییەكانی كەناڵی (GK) لەسەر ئاستی ئەرك و بەرێژەی (21.4٪) خۆی دەبینێتەوە لە (بانگەشە و ریكلام) ئەم ئەركەش بۆ لایەنی دەسەڵاتدار (بەشدار لە دەسەڵات) ئەركێكی مەبەستدارە، بەڵام تێبینی دەكرێت لە پلەی دووەمی كەناڵی (پەیام)دا و بەرێژەی (26.5٪) ئەركی هەواڵەكانی (تۆماركردنی رووداو)ە.

## 4- ئاراسته

**خشتەی ژمارە (7)**

ئاڕاستەی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

سامپڵ: 76

| ئاراسته / کەناڵ | GK | | پەیام | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| ئەرێنی | 37 | 88.1 | 15 | 44.1 | 52 | 68.4 |
| نەرێنی | 5 | 11.9 | 19 | 55.9 | 24 | 31.6 |
| **کۆی گشتی** | 42 | 100 | 34 | 100 | 76 | 100 |

- بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (9) دەردەکەوێت، بەشی زۆری هەواڵە پەخشکراوەکانی ئەو دوو کەناڵە لە ماوەی دیاریکراودا ئاڕاستەی (ئەرێنی)یان هەبووە و بەرێژەی (68.4٪) لە پلەی یەکەمدایە بەراورد بە ئاڕاستەی نەرێنی.

- ئەنجامی ئەم خشتەیە ئەوە دەردەخات، کە بەرێژەی (88.1٪) ئاڕاستەی هەواڵ ئامادەکراوەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵی ئاسمانیی (GK) لەو ماوە دیاریکراوە بە ئەرێنی خراونەتەڕوو، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەم کەناڵە سەر بە حزبێکە کە لایەنێکی سەرەکیی پێکهێنەری حکومەتی هەرێمە و سەرەنجام بە ئەرێنییەوە دەڕوانێتە هەواڵ و ڕووداوەکان. بەپێچەوانەوە کەناڵی (پەیام) کە سەر بە لایەنێکی سیاسیی ئۆپۆزسیۆنە، بەرێژەی (55.9٪) بەشێکی زۆری ئاڕاستەی هەواڵەکانی بە نەرێنی پەخشکردووە. وەك ئاماژەیەك بە نارەزایی بوونیان بەرامبەر بە ڕووداو و پرسەکان و گەیاندنی ئەو ئاڕاستە حزبییە بە جەماوەری وەرگر.

### 5– تەوەرەکانی جێگیربوون

**خشتەی ژمارە (8)**

تەوەرەکانی جێگربوون لە هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

سامپڵ: 76

| کەناڵ / برگە | GK | | پەیام | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| ڕووداو | 23 | 54.7 | 22 | 64.7 | 45 | 59.2 |
| کەسایەتی | 6 | 14.3 | 4 | 11.8 | 10 | 13.2 |
| لایەن | 5 | 11.9 | 2 | 5.9 | 7 | 9.2 |
| بیروڕا | 6 | 14.3 | 6 | 17.6 | 12 | 15.8 |
| دیکە | 2 | 4.8 | 0 | 0 | 2 | 2.6 |
| **کۆی گشتی** | 42 | 100 | 34 | 100 | 76 | 100 |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (10)دا روون دەبێتەوە، کە تەوەری سەرەکی زۆرینەی هەواڵەکانی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە (ڕووداو)ن و لە ریزبەندیی تەوەرەکانی جێگیربووندا بەرێژەی (59.2٪) لە پلەی یەکەمدایە بەراورد بە تەوەرەکانی دیکەی جێگیربوون.

– هەر لە ئەنجامەکانی ئەم خشتەیەدا تێبینی دەکرێت کە خاڵی هاوبەش لەنێوان هەردوو کەناڵی (GK) و (پەیام)دا بەدیدەکرێت لەم پرسەدا و یەکەمیان بەرێژەی (54.7٪) و دووەمیان بەرێژەی (64.7٪) تەوەرەکانی جێگیربوونی هەواڵەکانیان لەو ماوەیەدا بریتییە لە (ڕووداو). هاوکات لە ریزبەندیی پلەی دووەمیشدا هەردوو کەناڵە بەرێژەکانی (14.3٪) و (17.6٪) لەیەکچوون لەنێوانیاندا هەیە و تەوەری (بیرو را) لە هەواڵەکانیاندا جێگیر بووە.

### پاری سێیەم: شیکاری دەستە ڕواڵەتییەکان:

### 6- شێوازی خستنەڕوو

**خشتەی ژمارە (9)**

شێوازی خستنەڕووی هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

سامپڵ: 76

| کەناڵ / بڕگە | GK | | پەیام | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| پەیوەندیی هۆکار و ئەنجام | 25 | 59.5 | 18 | 52.9 | 43 | 56.6 |
| ئامار و ژمارە | 9 | 21.4 | 12 | 35.3 | 21 | 27.6 |
| شایەتحاڵ | 3 | 7.2 | 1 | 2.9 | 4 | 5.3 |
| بەڵگەنامەی فەرمی | 1 | 2.4 | 3 | 8.8 | 4 | 5.3 |
| دیکە | 4 | 9.5 | 0 | 0 | 4 | 5.3 |
| **کۆی گشتی** | 42 | 100 | 34 | 100 | 76 | 100 |

– لە ئەنجامی خشتەی ژمارە (11)دا ئەوە ڕووندەبێتەوە، لە شێوازی خستنەڕووی هەواڵەکاندا لەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەدا، (پەیوەندیی هۆکار و ئەنجام)ی ڕووداوەکان بەپلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (56.6٪).

– ئەم ئەنجامە ئەوەش دەردەخات کە خاڵی لەیەکچوون لە نێوان هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکەدا هەیە لە شێوازی خستنەڕووی هەواڵەکانیان لە ماوەی وەرگرتنی سامپڵی توێژینەوەکەدا، بەشێوەیەك کەناڵی (GK) بەڕێژەی (59.5٪) و کەناڵی (پەیام) بەڕێژەی (52.9٪) لە شێوازی خستنەڕووی (پەیوەندیی هۆکار و ئەنجام)دا لە پلەی یەکەمی کۆی شێوازەکانی دیکەیانەوەیە. هاوکات لە پلەی دووەمیشدا بەهەمان شێوە لەیەکچوون لەنێوان هەردوو کەناڵەکەدا هەیە و شێوازی خستنەڕووی (ئامار و ژمارە) لە هەواڵەکانیاندا بەدیدەکرێت.

### 7- هۆکارە زەقکراوەکان

**خشتەی ژمارە (10)**

هۆکارە زەقکراوەکان لە هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

سامپڵ: 76

| کەناڵ / برگە | GK | | پەیام | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| ڤیدیۆ | 38 | 90.5 | 30 | 88.2 | 68 | 89.5 |
| وێنە | 4 | 9.5 | 3 | 8.8 | 7 | 9.2 |
| نەخشە یان هێڵکاری | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| خشتە یان چوارچێوە | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| گرافیك | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ڤیدیۆ واڵ | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ڤیدیۆ پۆدکاست | 0 | 0 | 1 | 2.9 | 1 | 1.3 |
| **کۆی گشتی** | 42 | 100 | 34 | 100 | 76 | 100 |

- بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (12) دەردەکەوێت، لەنێو هۆکارە زەقکراوەکانی هەواڵدا لەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەدا، (ڤیدیۆ) بە ڕێژەی (89.5٪) لە پلەی یەکەمدایە بەراورد بەهۆکارەکانی دیکە.

- ئەو خشتەیە ئەوە دەردەخات کە لەیەکچوونێکی نزیك لە نێوان کەناڵی (GK) بەرێژەی (89.5٪) و کەناڵی (پەیام) بەرێژەی (88.2٪)دا هەیە لە پشتبەستن بە (ڤیدیۆ) بۆ زەقکردنەوە و دەرخستنی ئەو هەواڵانەی کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە بەرهەمهێنراوە. هەروەها لەبارەی پلەی دووەمی ڕیزبەندیی هەردوو کەناڵەکەش کە بریتییە لە (وێنە). ئەمەش ئاماژەی بەوەی ئەو دوو کەناڵە کوردییە هۆکارە زەقکراوەکانی دیکەی دەرخستنی هەواڵیان تاڕادەیەکی زۆر پەراوێزخستووە و تەنیا گرنگییپێدانەکانیان بەپلەی یەکەم لە (ڤیدیۆ)دا چڕ کردۆتەوە. ئەمە لەکاتێکدا دەتوانرێت هۆکارەکانی دیکە لە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە نمایش بکرێت.

## 8- هاوسەنگیی ڕووماڵکردن

**خشتەی ژمارە (11)**

هاوسەنگیی ڕووماڵکردنی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

سامپڵ: 76

| کەناڵ / برگە | GK | | پەیام | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| تێڕوانینێك | 29 | 69 | 22 | 64.7 | 51 | 67.1 |
| زیاتر لە تێڕوانینیك | 13 | 31 | 12 | 35.3 | 25 | 32.9 |
| بێ تێڕوانین | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | 42 | 100 | 34 | 100 | 76 | 100 |

- لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (13)دا دەردەکەوێت، هاوسەنگیی لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەو دوو کەناڵە کوردییە تەنها لە (یەك تێڕاوانینەوە) لە پلەی یەکەمدا دێت بە ڕێژەی (67.1٪).

- ئەم ئەنجامەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، لە پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمی ڕیزبەندییەکەدا لە یەکچوونێکی نزیك لەنێوان هەردوو کەناڵەدا بەدیدەکرێت و میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییە، تەنها لە تێڕوانینێکەوە زانیارییەکانیان لەچوارچێوەی هەواڵدا بۆ بینەر گواستۆتەوە. ئەمە لەکاتێکدا بۆ پاراستنی هاوسەنگیی ڕووماڵی ڕووداو و هەواڵەکان، دەبێت زیاتر لە تێڕاونینێك بخرێنەڕوو.

## 9- شێوازی ڕووماڵکردن

### خشتەی ژمارە (12)

شێوازی ڕووماڵکردنی هەواڵ لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

سامپڵ: 76

| کەناڵ / بڕگە | GK | | پەیام | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| پەخشی ڕاستەوخۆ | 14 | 33.3 | 15 | 44.1 | 29 | 38.2 |
| تۆمارکراو | 28 | 66.7 | 19 | 55.9 | 47 | 61.8 |
| **کۆی گشتی** | 42 | 100 | 34 | 100 | 76 | 100 |

- لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (14)دا دەردەکەوێت، ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی ئامادەکراو بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەو دوو کەناڵە کوردییەدا بەپلەی یەکەم بەشێوەی تۆمارکراو بووە ئەویش بەڕێژەی (61.8٪).

- بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە دەردەکەوێت کە لە شێوازی ڕووماڵکردنی هەواڵەکاندا بە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل، لە یەکچوون لەنێوان هەردوو کەناڵەدا هەیە کە بەشێکی زۆری هەواڵەکانیان بەشێوەی (تۆمارکراو) بەخشکردووە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی تائێستا ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییە لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکانیان بە شێوەی پەخشی ڕاستەوخۆ، سوودیان لە مۆبایلی زیرەك نەبینیووە، ئەمە لەکاتێکدا پرۆسەی ئەنجامدانی پەخشی ڕاستەوخۆ بە مۆبایل، کارێکی ئاسان و بێ تێچووە و تاڕادەیەکیش بەدوورە لە گرفتی تەکنیکی بەراورد بە بەکارهێنانی ئامێری (SNG).

**10– شێوەزار**

**خشتەی ژمارە (13)**

شێوەزاری بەکارهێنراو لە هەواڵەکانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

سامپڵ: 76

| کەناڵ / بڕگە | GK | | پەیام | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ |
| کرمانجیی خواروو | 35 | 83.3 | 26 | 76.5 | 61 | 80.3 |
| کرمانجیی سەروو | 4 | 9.5 | 8 | 23.5 | 12 | 15.8 |
| هەردووکیان | 3 | 7.1 | 0 | 0 | 3 | 3.9 |
| **کۆی گشتی** | 42 | 100 | 34 | 100 | 76 | 100 |

– بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (15)دا ڕووندەبێتەوە، بەکارهێنانی شێوەزاری کرمانجیی خواروو لە هەواڵەکانی ئامادەکراو بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەو دوو کەناڵەدا بەڕێژەی (80.3٪) لە ڕیزبەندی یەکەمدایە بەراورد بە شێوەزاری کرمانجیی سەروو یاخود بەکارهێنانی هەردوو شێوەزارەکە.

– لە ئەنجامی ئەم خشتەیەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە خاڵی لەیەکچوون لە نێوان کەناڵی (GK) بەڕێژەی (83.3٪) و کەناڵی (پەیام) بەڕێژەی (76.5٪) هەیە لەبارەی بەکارهێنانی شێوەزاری (کرمانجیی خواروو) لە هەواڵەکانیاندا. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بارەگای سەرەکی هەردوو کەناڵ ئاسمانییەکە لەشاری سلێمانییە کە زۆرینەی ڕەهای دانیشتووانەکەی بەشێوەزاری کرمانجیی خواروو (سۆران)ی ئاخاوتن دەکەن. ئەمە جگە لەوەی زۆربەی دانیشتووانی باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستان) بەشێوەزاری کرمانجیی خواروو قسە دەکەن بەراورد بە کرمانجیی سەروو. هاوکات جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە لە بەکارهێنانی هەردوو شێوەزارەکە، بەجۆرێك لەکەناڵی (GK)دا ڕێژەکە بریتییە لە (7.1٪) و لە کەناڵی (پەیام)دا ڕێژەکە (0) بەو واتایەی هیچ هەواڵێکی لەو ماوە دیاریکراوەدا نەبووە کە بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل ئامادە کرابێت و هەردوو شێوەزارەکەی تیادا بەکارهێنرابێت.

## - کۆتایی -

بەپێی ئەنجامی رووپێوی شیکاری دەردەکەوێت کە بابەتی (ئابووری و خزمەتگوزاری) بەرێژەی (35.5٪) لە ریزبەندی یەکەمی ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی هەواڵەوەیە، کە لە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە لە هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (پەیام) بەرهەمهێنراون. هاوکات ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییە بە پلەی یەکەم و بەرێژەی (61.8٪) پشت بە سەرچاوەی (بەرپرسی حکومی یان حزبی) دەبەستن بۆ ئەو هەواڵانەی کە بەو جۆرە رۆژنامەگەرییە ئامادە دەکرێت.

لە ئەنجامی رووپێوی شیکاریدا روونددەبێتەوە، ئەرکی میدیایی هەردوو کەناڵەکە جیاوازە و کەناڵی (GK) بەرێژەی (30.3٪) ئەرکی هەواڵەکانی بەرهەمهێنراو بە (MOJO) لە (پێدانی زانیاری) چڕ دەبێتەوە، لەکاتێکدا ئەو ئەرکە لە کەناڵی (پەیام) بریتییە لە (هاندان و ئاراستەکردن). هەروەها ئەنجامەکانی دەریدەخات کە هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکە بە دوو ئاڕاستەی جیا ناوەڕۆکی هەواڵەکانیان دادەڕێژن، بەشێوەیەك کەناڵی (GK) لەگۆشەنیگایەکی ئەرێنییەوە هەواڵەکانیان ئاڕاستەی جەماوەری وەرگر دەکەن، بەپێچەوانەشەوە لە کەناڵی (پەیام)دا ئاڕاستەی نەرێنی بە ناوەڕۆکی هەواڵەکانیان بەدیدەکرێت.

هەر لە ئەنجامەکاندا هاتووە، (رووداو) وەکو تەوەری جێگیربوونی زۆربەی هەواڵە بەرهەمهێنراوەکان بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەدا تۆمار کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو کەناڵەکە لە شێوازی خستنەڕووی هەواڵەکانیاندا بەرێژەیەکی بەرز پشتیان بەستووە بە (پەیوەندیی هۆکار و ئەنجام)ی هەواڵەکان. ئەمە جگە لەوەی بەرێژەیەکی زۆر بەرز ئەم دوو کەناڵە تەنها بە زەقکردن و دەرخستنی (ڤیدیۆ)وە هەواڵەکانیان پەخشکردووە و هۆکارەکانی دیکەیان فەرامۆشکردووە.

ئەنجامەکانی رووپێوی شیکاریی ئەوەش روونددەکەنەوە، بەشی زۆری هەواڵەکانی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە تەنها لە تێڕوانینێکەوە ئامادەکراون و نەیانتوانیوە هاوسەنگیی لە رووماڵکردنی هەواڵەکاندا بپارێزن. هاوکات زۆرترین هەواڵیشیان بەشێوەی تۆمارکراو پەخش کراوە و کەمتر سوود لە پەخشی راستەوخۆ مۆبایلی زیرەك بینراوە. دواجار لە شێوەزارەکانی بەکارهاتوو لە پەخشکردنی هەواڵەکاندا، شێوەزاری کرمانجیی خواروو زۆرترین گرنگی پێدراوە.

# بەشی چوارەم: رۆڵی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران

## ئەنجامەکانی رووپێوی پراکتیکی

**- دەروازە -**

لەم بەشەی توێژینەوەکەدا ئەنجامەکانی توێژینەوەی پراکتیکی تایبەت بە میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (پەیام) نمایش دەکرێت. لە تەوەری یەکەمدا تایبەتمەندێتییە دیمۆگرافییەکانی بەرتوێژەران دەخرێتەڕوو، دواتر لە تەوەری دووەمدا وردەکاری و شێواز و ئاستی بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییە روونەدکرێتەوە. لەگەڵ بەکارهێنانی پرۆگرامە تەکنیکییەکانی تایبەت بەو جۆرە رۆژنامەگەرییە. لە تەوەری سێیەمیشدا تاوتوێی رۆژنامەگەریی مۆبایل دەکرێت لە بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا.

*** ئەنجامەکانی رووپێوی پراکتیکی:**

**پاری یەکەم: تەوەری تایبەتمەندێتییە دیمۆگرافییەکانی ئەندامانی سامپڵ**

**خشتەی ژمارە (14)**

رەگەزی میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

بەرتوێژەران= 71

| رەگەز | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 55 | 77.5 |
| مێ | 16 | 22.5 |
| **کۆی گشتی** | 71 | 100 |

- بەپێی خشتەی ژمارە (16) دەردەکەوێت، ژمارەی رەگەزی (نێر) لە کۆی بەرتوێژەرانی توێژینەوەی پراکتیکی کە بریتییە لە میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (پەیام) بە پلەی یەکەم دێت بەڕێژەی (77.5٪) و رەگەزی (مێ)یش بە پلەی دووەم بەڕێژەی (22.5٪). ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئامادەیی رەگەزی (نێر) لە میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە کوردییەدا بەڕێژەیەکی بەرز لە پێش رەگەزی (مێ)وەیە. سەرئەنجام روونەدبێتەوە، تائێستا میدیاکارانی مێ لەسەر ئاستی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، نەیانتوانیوە هاوشانی رەگەزی بەرامبەر، لەکاری میدیاییدا ئامادەییان هەبێت.

**خشتەی ژمارە (15)**

تەمەنی میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

بەرتوێژەران = 71

| تەمەن | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 18 – 22 ساڵ | 1 | 1.5 |
| 23 – 27 ساڵ | 16 | 22.5 |
| 28 – 32 ساڵ | 28 | 39.4 |
| 33 ساڵ و زیاتر | 26 | 36.6 |
| **کۆی گشتی** | 71 | 100 |

– بەپێی خشتەی ژمارە (17) ئەوە ڕووندەبێتەوە، تەمەنی بەرتوێژەران لە هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکەدا بە پەلەی یەکەم و بەڕێژەی (39.4٪) لەنێوان (28 – 32) ساڵدایە. ئەو نێوەندی تەمەنەش ئەوە دەردەخات کە بەشی زۆری میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) لە توێژی گەنجانن.

**خشتەی ژمارە (16)**

ئاستی خوێندنی میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

بەرتوێژەران = 71

| ئاستی زانستی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بڕوانامەی بنەڕەتی | 6 | 8.5 |
| بڕوانامەی ئامادەیی | 14 | 19.7 |
| بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆس | 45 | 63.4 |
| بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا | 6 | 8.5 |
| **کۆی گشتی** | 71 | 100 |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (18)دا ئەوە ڕووندەبێتەوە، ڕێژەی (63.4٪)ی میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆسن، ئەمەش دەرخەرێکی ئەرێنییە بۆ بەرزیی ئاستی زانستیی میدیاکارانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکە. بەوپێیەی ئاستی زانستیی میدیاکاران ڕۆڵی هەیە لە ئاسانی بەکارهێنان و بەزوویی خۆگونجاندن لەگەڵ تەکنەلۆجیا و ئامێرە نوێیەکانی بواری بەرهەمهێنان و گەیاندنی پەیامی میدیاییدا.

**خشتەی ژمارە (17)**

ئەزموونی کارکردنی میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

بەرتوێژەران = 71

| ئەزموونی کارکردنی میدیاکاران | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لە (5) ساڵ | 14 | 19.7 |
| لە (5) ساڵ بۆ کەمتر لە (10) ساڵ | 21 | 29.6 |
| لە (10) ساڵ بۆ کەمتر لە (15) ساڵ | 27 | 38 |
| (15) ساڵ و زیاتر | 9 | 12.7 |
| **کۆی گشتی** | 71 | 100 |

– بەگوێرەی خشتەی ژمارە (19) دەردەکەوێت، بەڕێژەی (38٪)ی بەرتوێژەرانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکە، ئەزموونی کارکردنیان لە (10 ساڵ بۆ کەمتر لە 15 ساڵدایە، ئەمەش ئاماژەیەکی ئاساییە بەوپێیەی بەگوێرەی ئەنجامی خشتەی ژمارە (17)، تەمەنی زۆربەی زۆری بەرتوێژەران لەنێوان (28–32) و (33 ساڵ و زیاتر) بوو. بەشێوەیەکی گشتیی ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە بەشی زۆری میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە، خاوەنی ئەزموونێکی زۆرن لەکاری میدیاییدا کە هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنانی هونەرە ڕۆژنامەوانییەکان بە کوالێتییەکی بەرز.

**خشتەی ژمارە (18)**

دامەزراوەی کارکردنی میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

بەرتوێژەران = 71

| کەناڵ | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| GK | 47 | 66.2 |
| پەیام | 24 | 33.8 |
| **کۆی گشتی** | 71 | 100 |

– بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (20) دەردەکەوێت، بەڕێژەی (66.2٪)ی بەرتوێژەران بریتییە لە میدیاکارانی کەناڵی ئاسمانیی (GK) و ڕێژەی (33.8٪)یش میدیاکارانی کەناڵی ئاسمانیی (پەیام). ئەو دابەشکارییەش لە نێوان ئەندامانی سامپڵدا بەپێی شێوازی "گەمارۆی گشتگیر" ئەنجامدراوە واتا مەبەستدار نییە. هۆکاری بەرزی ڕێژەی میدیاکارانی کەناڵی (GK)یش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو کەناڵە یەکەم میدیای بینراوی کوردییە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991وە و سنووری کارکردنی میدیایی لەناوخۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەرەوە فراوانترە بەراورد بە کەناڵی ئاسمانیی (پەیام).

**خشتەی ژمارە (19)**

پیشەی میدیاکاران لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

بەرتوێژەران = 71

| ڕێژەی سەدی | دووبارە | پیشە |
|---|---|---|
| 29.6 | 21 | پەیامنێر |
| 26.7 | 19 | هەواڵساز |
| 12.7 | 9 | کامێرامان |
| 11.4 | 8 | پێشکەشکار |
| 8.4 | 6 | پرۆدسیۆر |
| 11.2 | 8 | دیکە |
| 100 | 71 | **کۆی گشتی** |

– بەپێی خشتەی ژمارە (21) ئەوە ڕووندەبێتەوە، (پەیامنێران) بەڕێژەی (29.6٪) بە پلەی یەکەم دێن لە ریزبەندییەکەدا لەکۆی بەرتوێژەران لە هەردوو کەناڵەکەدا، هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشی زۆری ژمارەی میدیاکاران لە ژووری هەواڵی هەردوو کەناڵی ئاسمانی (GK) و (پەیام)، پێکدێن لە پەیامنێران کە ڕاستەوخۆ مامەڵ لەگەڵ بەرهەمهێنانی هەواڵ و جۆرەکانی دیکەی هونەرە ڕۆژنامەوانییەکانەوە دەکەن. سەبارەت بە برگەی (دیکە) کە لە ریزبەندی کۆتایی خشتەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە و (8) بەرتوێژ لەخۆدەگرێت، بریتین لەو میدیاکارانەی کە لە بەشی سۆشیال میدیای ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کار دەکەن و ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵ و ڤیدیۆ و وێنە بەکاردەهێنن. بەو واتایەی بەشدارن لە پرۆسەی دروستکردنی هەواڵیی تەلەفیزیۆنی لەو دوو کەناڵەدا.

## پاری دووەم: تەوەری بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل

**خشتەی ژمارە (20)**

بەرکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بۆ کاری میدیایی لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکە

بەرتوێژەران = 71

| ڕێژەی سەدی | دووبارە | بەکارهێنان |
|---|---|---|
| 70.4 | 50 | بەڵێ |
| 29.6 | 21 | نەخێر |
| 100 | 71 | **کۆی گشتی** |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (22)دا ڕووندەبێتەوە کە بە ئاستێکی بەرز و بەڕێژەی (70.4٪)ی بەرتوێژەرانی هەردوو کەناڵەکە، ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بۆ کاری میدیایی بەکاردەهێنن و ڕێژەی (21٪)ی بەرتوێژەرانیش ئەو جۆرە

ڕۆژنامەگەرییە بەکارناهێنن. ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل وەکو جۆرێکی نوێی کاری میدیایی، لای میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییە بە ئاستێکی بەرز بەکاردەهێنرێت و هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکانی بواری بەرهەمهێنانی هونەرە ڕۆژنامەوانییەکاندا، ئەو دوو دامەزراوە میدیاییە خۆیان گونجاندووە.

**خشتەی ژمارە (21)**

**هۆکار و بیانووەکانی بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانییەکە**

(تەنها یەك بۆچوون هەڵبژێردرێت)

بەرتوێژەران = 50

| بڕگە | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەهۆی ئاسانی بەکارهێنان و جوڵەپێکردنەوە، دەتوانم بگەم بە هەموو شوێنێکی ڕووداوەکان | 16 | 32 |
| پێویستیم بە کامێرامان نییە کە بەردەوام ڕێنوێنی بکەم لەوەی کام گرتە و دیمەنی ڕووداوەکەم پێویستە | 5 | 10 |
| ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە گرفتەکانی کاری تیم ڕزگاری کردووم | 9 | 18 |
| لەکاتی دروستبوونی ئاڵۆزی و پشێویدا، بە ئاسانی خۆم دەرباز دەکەم | 7 | 14 |
| بە خێرایی ڤیدیۆ و زانیاریی ڕووداوەکان دەگەیەنم بە کەناڵەکەم | 7 | 14 |
| بەراورد بە ئامێرەکانی (SNG) و (Live U)، بەکارهێنانی پەخشی ڕاستەوخۆی مۆبایل ئاسانتر و خێراترە | 6 | 12 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

– بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (23) دەردەکەوێت، بە پلەی یەکەم و بەڕێژەی لە (32٪)ی ئەو میدیاکارانەی کە لەهەردوو کەناڵی (GK) و (پەیام)دا ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بەکاردەهێنن و ژمارەیان (50) میدیاکارە، هۆکاری بەکارهێنانی ئەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییە، دەگەڕێننەوە بۆ "ئاسانی بەکارهێنان و جوڵەپێکردنەوە، کە دەتوانن بگەن بە هەموو شوێنێکی ڕووداوەکاندا". ئەم هۆکارەش لەگەڵ یەکێك لە تایبەتمەندێتییەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل یەکدەگرێتەوە، کە بریتییە لە (ئاسانیی جوڵەپێکردن).ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (نور، 2020)، (Salzmann al et, 2020)، (vryzas et al, 2019)دا یەکدەگرێتەوە کە زۆرینەی بەرتوێژەرانی توێژینەوەکان، هۆکاری بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بۆ "ئاسانی بەکارهێنان و جوڵەپێکردن" دەگەڕێننەوە. بەڵام لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (بن زکە و حنون، 2020)، (شاهین، 2018)دا یەکناگرێتەوە کە یەکەمیان بە نێوەندی ژمێرەیی (0.30) و لادانی پێوەری (1.97)، هۆکاری بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بۆ "سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ" دەگەڕێننەوە. توێژینەوەی دووەمیشیان بە نێوەندی ژمێرەیی (4.58) و لادانی پێوەری

(0.868)، هۆکاری بەکارهێنانی ئەو رۆژنامەگەرییە لای میدیاکاران بەمەبەستی "زوو دەستکەوتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ" دەگەڕێننەوە.

**خشتەی ژمارە (22)**

هۆکار و بیانووەکانی بەکارنەهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە

(تەنها یەك بۆچوون هەڵبژێردرێت)

بەرتوێژەران = 21

| بڕگە | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شارەزایی بەکارهێنانی مۆبایلم نییە بۆ کاری میدیایی | 4 | 19 |
| کەناڵەکەم رێگە بە بەکارهێنانی مۆبایل نادات بۆ رووماڵکردن | 2 | 9.5 |
| تۆمارکردنی وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ کاری کامێرامانە | 11 | 52.4 |
| کوالێتی مۆبایلەکەم نزمە | 3 | 14.3 |
| کاربەدەست و هاووڵاتیان قسە لە بەردەم مۆبایلدا ناکەن | 1 | 4.8 |
| **کۆی گشتی** | 21 | 100 |

– بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (24) دەردەکەوێت، بە پلەی یەکەم و بەرێژەی (52.4٪)ی ئەو میدیاکارانەی کە لە هەردوو کەناڵی (GK) و (پەیام)دا رۆژنامەگەریی مۆبایل بەکارناهێنن و ژمارەیان (21) بەرتوێژە، هۆکاری بەکارنەهێنانی ئەو جۆرە رۆژنامەگەرییە دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی کە "تۆمارکردنی وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ کاری کامێرامانە". ئەم هۆکارەی کە ئەو رێژە میدیاکارە ئاماژەی بۆ دەکەن، پێچەوانەی خەسڵەت و تایبەتمەندێتییەکانی میدیاکاری سەردەمی میدیای نوێیە کە زۆرکات بە میدیاکاری گشتگیر (Comprehensive journalist) ناودەبرێت کە دەبێت تاڕادەیەکی زۆر شارەزایی هەبێت لە وێنەگرتن و ڤیدیۆ و دەنگ تۆمارکردن. بۆیە ئەو ئەنجامە ئاماژەیە بەوەی ئەو رێژەیە لە میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە نایانەوێت برەو بە پیشەکانیان بدەن و بەپێچەوانەوە تەنها لەچوارچێوەی بازنەی کارە دیاریکراوەکەی خۆیاندا کار دەکەن. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (شرف، 2021) یەکناگرێتەوە، کە بەرێژەی (89.4٪)ی ئەندامانی سامپڵ، هۆکاری بەکارنەهێنان و پشتبەستنیان بەم جۆرە رۆژنامەگەرییە دەگەڕێننەوە بۆ خراپی هێڵی ئینتەرنێت. بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (شاهین، 2018)یشدا یەکناگرێتەوە کە بە نێوەندی ژمێرەیی (4.31) و لادانی پێوەری (0.988)، میدیاکاران هۆکاری بەکارنەهێنانی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە "هیچ یاسا و ئیتیکێکی رۆژنامەنووسی نییە بۆ رێکخستنی پیشەی رۆژنامەگەریی مۆبایل".

**خشتەی ژمارە (23)**

ئاستی بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانییەکە

بەرتوێژ = 50

| ئاست | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەردەوام | 16 | 32 |
| هەندێکجار | 33 | 66 |
| بەدەگمەن | 1 | 2 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

- لە ئەنجامی خشتەی ژمارە (25)دا دەردەکەوێت، بە ئاستی (هەندێکجار) و بەرێژەی (66٪) و هەروەها بە ئاستی (بەردەوام) و بەرێژەی (32٪) ئەو جۆرە رۆژنامەگەرییە لەلایەن میدیاکارانی ئەو کەناڵانەوە بەکاردەهێنرێت. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (بریك، 2020) یەکدەگرێتەوە کە بەرێژەی (82.4٪)ی بەرتوێژەرانی توێژینەوەکە (میدیاکاران) بە ئاستی (هەندیکجار)، رۆژنامەگەریی مۆبایل بەکاردەهێنن.

**خشتەی ژمارە (24)**

بەکارهێنانی سیستمی کارپێکردنی مۆبایلی زیرەك لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە

بەرتوێژەران = 50

| سیستمی کارپێکردن | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| Android | 17 | 34 |
| IOS | 21 | 42 |
| هەردووکیان | 12 | 24 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

- بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (26) رووندەبێتەوە، بەپلەی یەکەم و بەرێژەی (42٪)ی میدیاکارانی هەردوو کەناڵی (GK) و (پەیام)، سیستمی کارپێکردنی (IOS) لە مۆبایلی زیرەکدا بۆ رۆژنامەگەریی مۆبایل بەکاردەهێنن بەراورد بە بەکارهێنانی سیستمی کارپێکردنی (Android) و هەردوو جۆری سیستمەکە. ئەو ئەنجامەش ئاماژەیە بەوەی کە سیستمی کارپێکردنی (IOS) لای میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە گونجاوە بۆ جێبەجێکردنی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە میدیای بینراودا. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (Bui et al, 2019)، ( vryzas et al, 2019)دا یەکناگرێتەوە، کە یەکەمیان بەرێژەی (70٪) و دووەمیان بەرێژەی (81.3٪)ی ئەندامانی سامپڵەکانیان سیستمی کارپێکردنی (Android) بۆ کاری رۆژنامەگەریی مۆبایل بەکاردەهێنن.

**خشتەی ژمارە (25)**

ئاستی گرنگیپێدانی بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانییەکە

بەرتوێژەران = 50

| گرنگیپێدان | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەردەوام | 16 | 32 |
| هەندێکجار | 33 | 66 |
| بەدەگمەن | 1 | 2 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

– ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (27) دەریدەخات، بە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (66 %)ی میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە بە ئاستی (هەندێکجار) گرنگی بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل دەدەن. ئەمەش جەختکردنەوەیە لە ئەنجامی خشتەی ژمارە (25) کە ئاستی بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە لای ئەو میدیاکارانە بەرز بوو. بۆیە گرنگیپێدانەکەشیان بەهەمان شێوە لەئاستێکی بەرزدایە.

**خشتەی ژمارە (26)**

ئاستی متمانەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

بەرتوێژەران = 50

| متمانە | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەردەوام | 18 | 36 |
| هەندێکجار | 29 | 58 |
| بەدەگمەن | 3 | 6 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (28)دا ڕووندەبێتەوە، بەڕێژەی (58٪) و بە ئاستی (هەندێکجار) و بەڕێژەی (36٪) بە ئاستی (بەردەوام) ئەندامانی سامپڵ متمانەیان بەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە نوێیە هەیە. ئەم متمانەیەش لای ئەو میدیاکارانە گەڵاڵە بووە، کە بە پراکتیکی و لە مەیدانی کارکردنی میدیاییدا ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بەکاردەهێنن، بۆیە ئەزموونی کارکردنیان لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەگەرییە، متمانەی پێبەخشیون کە ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ دیاریکردنی ئاستی "متمانە". ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (بریك، 2020)، (شرف، 2021) یەکدەگرێتەوە کە یەکەمیان بەڕێژەی (56.8٪) و دووەمیان بەڕێژەی (50.3٪)ی بەرتوێژەرانی توێژینەوەکان، متمانەیان بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل هەیە.

**خشتەی ژمارە (27)**

کردنەوەی خولی مەشق و راهێنان بۆ میدیاکاران لەلایەن هەردوو کەناڵەکەوە لەبارەی رۆژنامەگەریی مۆبایل

بەرتوێژەران = 50

| خولی مەشق و راهێنان | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەردەوام | 2 | 4 |
| هەندێکجار | 22 | 44 |
| بەدەگمەن | 26 | 52 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

– بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (29) ئەوە رووندەبێتەوە، بە ئاستی (بەدەگمەن) و بەرێژەی (52٪)، هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) خولی مەشق و راهێنانیان لەبارەی وردەکاری و سروشتی کاری رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە بۆ میدیاکارەکانیان کردۆتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە ئاستی گرنگیپێدانی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییە بە رۆژنامەگەریی مۆبایل، تارادەیەك نزمە و تائێستا نەگەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی کە لە رێگەی خولی مەشق و راهێنانەوە، میدیاکارەکانیان بە پێشکەوتنەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆجیای نوێی بەرهەمهێنانی میدیایی هاوشێوەی رۆژنامەگەریی مۆبایل ئاشنا بکەن و برەو بە توانا و کارامەیی میدیاکارەکانیان لەوبارەیەوە بدەن. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ توێژینەوەی (vryzas.et al, 2019)دا تارادەیەك یەکدەگرێتەوە کە (61.5٪)ی میدیاکارانی سامپڵی توێژینەوە بە "کەمی" وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە.

**خشتەی ژمارە (28)**

بۆچوونی میدیاکاران لەبارەی گرنگیی بایەخپێدان بەم جۆرە رۆژنامەگەرییە لەلایەن هەردوو کەناڵەکەوە

بەرتوێژەران = 50

| برگە | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 48 | 96 |
| نەخێر | 2 | 4 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

– ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (30) دەریدەخات، بەرێژەی (96٪)ی میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییە، پێیانباشە کەناڵەکانیان گرنگی و بایەخ بە رۆژنامەگەریی مۆبایل بدەن. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە ویستیان هەیە خۆیان لەگەڵ ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە نوێیەدا بگونجێنن و هاوکات لەلایەن کەناڵەکانیشیانەوە هان بدرێن. ئەنجامی ئەم خشتەیە ئەوەش رووندەکاتەوە، هەرچەندە بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (14) ئاستی گرنگیپێدانی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە بە کردنەوەی خولی مەشق و راهێنان بۆ میدیاکارەکانیان لەبارەی

ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە تاڕادەیەك نزمە، بەڵام میدیاکارەکانیان بە گرنگی دەزانن کەناڵەکانیان بایەخ بەو ڕۆژنامەگەرییە بدەن.

**خشتەی ژمارە (29)**

دابینکردنی ستۆدیۆی تایبەت بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەلایەن هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)

بەرتوێژەران = 50

| دابینکردنی ستۆدیۆ | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 17 | 34 |
| نەخێر | 33 | 66 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (31)دا ڕووندەبێتەوە، بەڕێژەی (66٪)ی میدیاکارانی کەناڵەکانی (GK) و (پەیام)، لەلایەن ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەوە ستۆدیۆی تایبەت بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بۆ میدیاکارانیان دابین نەکراوە. لەکاتێکدا یەکێك لە پێداویستییە تەکنیکییەکانی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە، بریتییە لە دەستەبەرکردنی ستۆدیۆی تایبەت کە پێی دەوترێت "ستۆدیۆی گەڕۆك" یاخود "ژووری هەواڵی زیرەك". ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بە نەبوونی زانیاری تەکنیکی لەلایەن ئەو کەناڵانەوە لەبارەی ئەو جۆرە ستۆدیۆیە کە ئاسانکاریی بۆ میدیاکاران دەستەبەر دەکات لە جێبەجێکردنی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا.

**خشتەی ژمارە (30)**

بەربەست لە بەردەم میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە لەکاتی جێبەجێکردنی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا

بەرتوێژەران = 50

| بەربەست | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەردەوام | 6 | 12 |
| هەندێکجار | 37 | 74 |
| بەدەگمەن | 7 | 14 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

– بەگوێرەی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (32) دەردەکەوێت، بەڕێژەی (74٪)ی میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە، پێیانوایە بە ئاستی (هەندێکجار) بەربەست هەیە لەکاتی جێبەجێکردنی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا. ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بەوەی، ئەم جۆرەش لە ڕۆژنامەگەریی بەدەر نییە لە کێشە و گرفت و لەکاتی پراکتیکەکردنیشیدا بەربەستی لۆجستی و تەکنیکی ڕووبەڕووی میدیاکاران دەبێتەوە.

**خشتەی ژمارە (31)**

بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هونەرە رۆژنامەوانییە جۆراوجۆرەکان

(هەڵبژاردنی زیاد لە وەڵامێك)

بەرتوێژەران = 50

| دەستەواژەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | ن. ژمێرەیی | لا. پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| هەواڵ | 36 | 72 | 10 | 20 | 4 | 8 | 2.64 | 0.706 |
| راپۆرت | 25 | 50 | 16 | 32 | 9 | 18 | 2.32 | 0.768 |
| چیرۆکەهەواڵ | 29 | 58 | 9 | 18 | 12 | 24 | 2.34 | 0.768 |
| رێپۆرتاج | 30 | 60 | 10 | 20 | 10 | 20 | 2.40 | 0.808 |
| دیکیۆمێنتاری | 28 | 56 | 10 | 20 | 12 | 24 | 2.32 | 0.844 |
| فیچەر | 26 | 52 | 10 | 20 | 14 | 28 | 2.24 | 0.881 |
| نووسینی تێکست | 28 | 56 | 13 | 26 | 9 | 18 | 2.38 | 0.780 |
| فۆتۆجۆرنالیستی | 33 | 66 | 11 | 22 | 6 | 12 | 2.54 | 0.658 |
| چاوپێکەوتن | 27 | 54 | 9 | 18 | 14 | 28 | 2.26 | 0.876 |
| وێنەو ڤیدیۆ بۆ سۆشیال میدیا | 31 | 62 | 9 | 18 | 10 | 20 | 2.42 | 0.810 |
| پەخشی راستەوخۆ | 32 | 64 | 10 | 20 | 8 | 16 | 2.48 | 0.762 |
| **کۆی گشتی** | 50 | | | | | | | |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (33)دا روونددەبێتەوە، بە نێوەندی ژمێرەیی (2.64) و لادانی پێوەریی (0.706)، هونەری (هەواڵ) لە ریزبەندیی یەکەمی سەرجەم هونەرە رۆژنامەوانییەکانی دیکەوەیە، کە لە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە لەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییە بەرهەمدەهێنرێت. ئەو ئەنجامەش ئاماژەیە بەوەی کە میدیاکارانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکە تا ئاستێکی بەرز سوودیان لە مۆبایلی زیرەك بینیوە لە کاری بەرهەمهێنانی هەواڵدا. هۆکاری ئەو ئەنجامەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە بنەڕەتدا کاری سەرەکی بەشی زۆری بەرتوێژەران بریتییە لە ئامادەکردنی هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ، بۆیە مۆبایلی زیرەك گونجاوترین و ئاسانترین و بێ تێچووترین ئامرازە لای بەرتوێژەران، بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (بن زکە و حنون، 2020)، (vryzas.et al, 2019)، (شاهین، 2019) یەکدەگرێتەوە کە یەکەمیان بە نێوەندی ژمێرەیی (0.30) و لادانی پێوەری (2) و دووەمیشیان بە رێژەی (87.4٪)ی بەرتوێژەران و سێیەمیان بە نێوەندی ژمێرەیی (4.40) و لادانی پێوەری (1.045)، میدیاکاران ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بۆ (بەرهەمهێنان و کۆکردنەوەی هەواڵ) بەکاردەهێنن.

**خشتەی ژمارە (32)**

بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی تایبەت بە دەستکاریکردنی (وێنە) لە رۆژنامەگەریی مۆبایلدا لای میدیاکاران

(هەڵبژاردنی زیاد لە وەڵامێك)

بەرتوێژەران = 50

| دەستەواژەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | ن. ژمێرەیی | لا. پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| پرۆگرامی (Pro camera) | 23 | 46 | 4 | 8 | 23 | 46 | 2.00 | 0.969 |
| پرۆگرامی (snap seed) | 23 | 46 | 3 | 6 | 24 | 48 | 1.98 | 0.979 |
| پرۆگرامی (Proshot) | 26 | 52 | 4 | 8 | 20 | 40 | 2.12 | 0.961 |
| پرۆگرامی (Vsco) | 25 | 50 | 4 | 8 | 21 | 42 | 2.08 | 0.966 |
| پرۆگرامی (camera++) | 21 | 42 | 11 | 22 | 18 | 36 | 2.06 | 0.890 |
| پرۆگرامی (photo shop) | 31 | 62 | 11 | 22 | 8 | 16 | 2.46 | 0.762 |
| **کۆی گشتی** | 50 | | | | | | | |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (34)دا رووندەبێتەوە، بە نێوەندی ژمێرەیی (2.46) و لادانی پێوەریی (0.762)، پرۆگرامی (photo shop) لە ریزبەندیی یەکەمی سەرجەم پرۆگرامەکانی دیکەوەیە، کە لەلایەن میدیاکارانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکە بەکاردەهێنرێن بەمەبەستی (دەستکاریکردنی وێنە) لە رۆژنامەگەریی مۆبایلدا. هۆکاری بەکارهێنانی ئەو پرۆگرامەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە بە شێوەی خۆرایی لە هەردوو سیستمی (IOS و Android) کار دەکات و تایبەتمەندێتی زیادکردنی (فلتەر، رەنگ، نووسین)ی لەگەڵدایە و یەکێکە لەو پرۆگرامانەی، کە لەلایەن بەناوبانگترین کۆمپانیاوە بەرهەمدەهێنرێت بەناوی کۆمپانیای (adobe)وە. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (vryzas et al, 2019)دا یەکناگرێتەوە کە بە نێوەندی ژمێرەیی (2.41) و لادانی پێوەری (0.82) میدیاکارانی سامپڵی توێژینەوە پرۆگرامی (camera ++) بۆ دەستکاریکردنی وێنە بەکاردەهێنن.

**خشتەی ژمارە (33)**

بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی تایبەت بە تۆمارکردنی (ڤیدیۆ) لە ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا لای میدیاکاران

(هەڵبژاردنی زیاد لە وەڵامێك)

بەرتوێژەران = 50

| دەستەواژەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | ن. ژمێرەیی | لا.پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| پرۆگرامی (Filmic Pro) | 18 | 36 | 14 | 28 | 18 | 36 | 2.00 | 0.857 |
| پرۆگرامی (open camera) | 25 | 50 | 4 | 8 | 21 | 42 | 2.08 | 0.966 |
| پرۆگرامی (Cinema 4k) | 28 | 56 | 3 | 6 | 19 | 38 | 2.18 | 0.962 |
| پرۆگرامی (DSLR Camera Pro) | 30 | 60 | 8 | 16 | 12 | 24 | 2.36 | 0.851 |
| کۆی گشتی | 50 | | | | | | | |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (35)دا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە بە نێوەندی ژمێرەیی (2.36) و لادانی پێوەریی (0.851)، پرۆگرامی (DSLR Camera Pro) لە ڕیزبەندی یەکەمی سەرجەم پرۆگرامەکانی دیکەوەیە کە لەلایەن میدیاکارانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکە بۆ (تۆمارکردنی ڤیدیۆ) لە ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا بەکاریدەهێنن. هۆکاری بەکارهێنانی ئەو پرۆگرامەش بەو ئاستە بەرزە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەرچەندە بەشی هەرە زۆری تایبەتمەندێتی و خزمەتگوزارییەکانی ئەو پرۆگرامە بە خۆڕایی ئەکتیڤ نین، بەڵام لە هەردوو سیستمی (IOS و Android) کار دەکات و بەشێکی سیستمی DSLRی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە کە تا ئاستێکی زۆرباش تایبەتمەندێتیی ڕێکخستنەوەی تیشکدانەوەی ڕووناکی هاوێنەی کامێرا بۆ بەکاربەرانی دەستەبەر کردووە. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ توێژینەوەی (نور، 2020)دا یەکناگرێتەوە، کە بەشی زۆری میدیاکارانی کەناڵی ئەلجزیرە"ی قەتەری، پرۆگرامی (Filmic Pro) بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆ بەکاردەهێنن.

**خشتەی ژمارە (34)**

بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی تایبەت بە (مۆنتاجکردن) لە ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا لای میدیاکاران

(هەڵبژاردنی زیاد لە وەڵامێك)

بەرتوێژەران = 50

| دەستەواژەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | ن.ژمێرەیی | لا.پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| پرۆگرامی (Luma Fusion) | 27 | 54 | 4 | 8 | 19 | 38 | 2.16 | 0.955 |
| پرۆگرامی (KineMaster) | 28 | 56 | 7 | 14 | 15 | 30 | 2.26 | 0.899 |
| پرۆگرامی (Power Director) | 17 | 64 | 8 | 16 | 10 | 20 | 1.54 | 0.812 |
| پرۆگرامی (Alight Motion) | 28 | 56 | 1 | 2 | 21 | 42 | 2.14 | 0.990 |
| پرۆگرامی (iMovie) | 32 | 34 | 12 | 24 | 21 | 42 | 2.82 | 0.877 |
| کۆی گشتی | 50 | | | | | | | |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (36)دا دەردەکەوێت، کە بە نێوەندی ژمێرەیی (2.82) و لادانی پێوەریی (0.877)، پرۆگرامی (iMovie) لە ریزبەندی یەکەمی سەرجەم پرۆگرامەکانی دیکەوەیە کە لەلایەن میدیاکارانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکە بۆ (مۆنتاجکردن) لە ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا بەکاریدەهێنن. هۆکاری بەکارهێنانی ئەو پرۆگرامەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم پرۆگرامە تەنها لەسەر سیستمی (IOS) کار دەکات و لەتوانایدایە بە کوالێتی (4K) ڤیدیۆ مۆنتاج بکرێت، ئەمە جگە لە دانانی کاپشن و زیادکردنی تۆماری دەنگی. پرۆگرامەکەش بە خێرایی بۆ بەکاربەران بەردەستە. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی خشتەی ژمارە (26)دا یەکدەگرێتەوە، کە زۆربەی میدیاکاران سیستمی (IOS) بەکاردەهێنن. هاوکات ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ( vryzas et al, 2019)دا یەکدەگرێتەوە کە بە نێوەندی ژمێرەیی (1.24) و لادانی پێوەری (0.576)، میدیاکارانی سامپڵی توێژینەوە، پرۆگرامی (iMovie) بۆ مۆنتاجکردن بەکاردەهێنن. بەڵام لەگەڵ توێژینەوەی (نور، 2020)دا یەکناگرێتەوە، کە بەشی زۆری بەرتوێژەران پرۆگرامی (KineMaster) بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنن.

**خشتەی ژمارە (35)**

بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی تایبەت بە تۆمارکردن و مۆنتاجکردنی (دەنگ) لای میدیاکاران

**(هەڵبژاردنی زیاد لە وەڵامێك)**

بەرتوێژەران = 50

| دەستەواژەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | ن.ژمێرەیی | لا.پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| پرۆگرامی (Voice Recorder) | 23 | 46 | 10 | 20 | 17 | 34 | 2.12 | 0.895 |
| پرۆگرامی (PCM Recorder) | 29 | 58 | 13 | 26 | 8 | 16 | 2.42 | 0.758 |
| پرۆگرامی (Rec Forge Lite) | 24 | 48 | 3 | 6 | 23 | 46 | 2.02 | 0.979 |
| **کۆی گشتی** | 50 | | | | | | | |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (37)دا ئەوە ڕووندەبێتەوە، بە نێوەندی ژمێرەیی (2.42) و لادانی پێوەریی (0.758)، پرۆگرامی (PCM Recorder) لە پێشەوەی ڕیزبەندیی پرۆگرامەکانی دیکەوەیە کە لەلایەن میدیاکارانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکە بۆ تۆمارکردن و مۆنتاجکردنی (دەنگ) لە ڕۆژنامەگەریی مۆبایلدا بەکاریدەهێنن. هۆکاری بەکارهێنانی ئەو پرۆگرامەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم پرۆگرامە بە هەردوو سیستەمەکە کار دەکات و تۆماری جۆری (PCM)ی تایبەت بە مایکی ناوەکی بەکاردێت، ئەمە جگە لەوەی بە کوالێتی بەرزە و بە هەردوو جۆری (WAVE و PCM) فایلی دەنگیی بەردەست دەخات. هاوکات ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی ( vryzas et al, 2019)دا یەکناگرێتەوە کە بە نێوەندی ژمێرەیی (2.44) و لادانی پێوەری (0.823)ی میدیاکارانی سامپڵی توێژینەوە، پرۆگرامی (Voice Recorder) بۆ مۆنتاجکردنی (دەنگ) بەکاردەهێنن.

**خشتەی ژمارە (36)**

بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی تایبەت بە ڕوومالّی (پەخشی ڕاستەوخۆ) لای میدیاکاران

(هەڵبژاردنی زیاد لە وەڵامێك)

| دەستەواژەکان | بەردەوام | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | ن. ژمێرەیی | لا. پێوەریی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| پرۆگرامی (periscope) | 25 | 50 | 7 | 14 | 18 | 36 | 2.14 | 0.926 |
| پرۆگرامی (Ustream) | 18 | 36 | 7 | 14 | 25 | 50 | 1.86 | 0.926 |
| پرۆگرامی (Bambuser) | 19 | 38 | 1 | 2 | 30 | 60 | 1.78 | 0.975 |
| **کۆی گشتی** | 50 | | | | | | | |

- له ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (38)دا دەردەکەوێت، بە نێوەندی ژمێرەیی (2.14) و لادانی پێوەریی (0.926)، پرۆگرامی (periscope) لە ریزبەندی یەکەمی پرۆگرامەکانی دیکەوەیە کە لەلایەن میدیاکارانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکەوە تایبەت بە رووماڵی (پەخشی راستەوخۆ) لە رۆژنامەگەریی مۆبایلدا بەکاریدەهێنن. هۆکاری بەکارهێنانی ئەو پرۆگرامەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەردوو سیستەمەکەدا بە خۆڕایی کار دەکات و لە رێگەی هێڵی ئینتەرنێتەوە پەخشی راستەوخۆ بڵاودەکاتەوە، بە تایبەتمەندێتی دیاریکردنی شوێنی جوگراف (GPS). لەم پرۆگرامەدا دەتوانرێت ناونیشان یان کاپشنی بابەتی پەخشکراو بنووسرێت. هاوکات ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (vryzas.et al, 2019)دا یەکناگرێتەوە کە بە نێوەندی ژمێرەیی (2.04) و لادانی پێوەری (0.921)ی میدیاکارانی سامپڵی توێژینەوە، پرۆگرامی (Facebook Live) بۆ پەخشی راستەوخۆ بەکاردەهێنن.

## پاری سێیەم: تەوەری رۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی

**خشتەی ژمارە (37)**

ئاسانکاریی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بۆ میدیاکاران لە رووماڵکردنی هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا

بەرتوێژەران = 50

| ئاسانکاریی | دووبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەردەوام | 15 | 30 |
| هەندێکجار | 32 | 64 |
| بەدەگمەن | 3 | 6 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

- له ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (39)دا دەردەکەوێت، میدیاکاران پێیانوایە بە ئاستی (هەندێکجار) و بەرێژەی (64٪) و بە ئاستی (بەردەوام) و بەرێژەی (30٪)، ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە کاری میدیایی تایبەت بە رووماڵکردنی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بۆ ئاسان کردوون. ئەم ئەنجامەش جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە رۆژنامەگەریی مۆبایل چارەسەری گرفتەکانی کاری تیمی کردووە و تەنها لە رێگەی ئامێرێکی بچووکەوە، ئاسانکاریی لە پرۆسەی رووماڵکردنی هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا دەستەبەر کردووە.

**خشتەی ژمارە (38)**

پەخشکردنی ئەو هەواڵە تەلەفیزیۆنییانەی کە بەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بەرهەمدەهێنرێت

بەرتوێژەران = 50

| ڕێژەی سەدی | دووبارە | پەخشکردن |
|---|---|---|
| 14 | 7 | بەردەوام |
| 60 | 30 | هەندێکجار |
| 26 | 13 | بەدەگمەن |
| 100 | 50 | **کۆی گشتی** |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (40)دا ڕووندەبێتەوە، بەڕێژەی (60٪) و بە ئاستی هەندێکجار ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن میدیاکارانی هەردوو کەناڵە ئاسمانییەکەوە و بەڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە بەرهەمدەهێنرێت، لەلایەن ئەو دوو کەناڵەوە پەخش دەکرێن. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە، لە ڕووی کوالیتی و ناوەڕۆکەوە، گونجاوە بۆ پەخشکردن لە کەناڵە ئاسمانییەکاندا و خودی دامەزراوە میدیاییەکانیش گرفتیان لەگەڵ پەخشکردنی هەواڵی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە نییە.

**خشتەی ژمارە (39)**

جیاوازی ڕوومالّی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەگەڵ کاری تیم لای میدیاکاران

بەرتوێژەران = 50

| ڕێژەی سەدی | دووبارە | جیاوازی |
|---|---|---|
| 38 | 19 | بەردەوام |
| 60 | 30 | هەندێکجار |
| 2 | 1 | بەدەگمەن |
| 100 | 50 | **کۆی گشتی** |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (41)دا ڕووندەبێتەوە کە میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) لەگەڵ ئەوەدان جیاوازی هەیە لە ڕوومالّی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەگەڵ کاری تیم. بەشێوەیەك بەئاستی (هەندێکجار) و بەڕێژەی (60٪) و بە ئاستی (بەردەوام) و بەڕێژەی (38٪) جەخت لەو جیاوازییە دەکەنەوە. ئەم ئەنجامەش جەخت لە دروستیی ئەنجامی خشتەی ژمارە (39) دەکاتەوە، کە میدیاکارانی هەردوو کەناڵەکە پێیانوایە ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە ئاسانکاریی بۆ دەستەبەرکردوون لەکاتی ڕوومالّکردنی هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا.

**خشتەی ژمارە (40)**

لە داهاتوودا بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل دەبێت بە پیشەیەکی باو

بەرتوێژەران = 50

| پیشەیەکی باو | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 42 | 84 |
| نەخێر | 8 | 16 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (42)دا دەردەکەوێت، کە بەرێژەی (84٪)ی میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) وایدەبینن کە لە داهاتوودا بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە ڕێگەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل دەبێت بە پیشەیەکی باو. هۆکاری گەلاڵەبوونی ئەو بۆچوونەش لای میدیاکاران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تادێت بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك لە کاری میدیاییدا فراوانتر دەبێت و خۆگونجاندنی میدیاکارانیش لەگەڵ ئەم ڕۆژنامەگەرییە لە زیادبووندایە.

**خشتەی ژمارە (41)**

بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە، ئاستی پیشەییبوونی میدیاییان بەرز دەکاتەوە

بەرتوێژ = 50

| هۆشیاری میدیایی | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەردەوام | 21 | 42 |
| هەندێکجار | 28 | 56 |
| بەدەگمەن | 1 | 2 |
| **کۆی گشتی** | 50 | 100 |

– لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (43)دا دەردەکەوێت، بە ئاستێکی بەرز میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) وایدەبینن کە بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل، ئاستی پیشەییبوونی میدیاییان بەرز دەکاتەوە. هۆکاری ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە، میدیاکار دەکات بە میدیاکارێکی گشتگیر "الصحفي الشامل"، بەو واتایەی توانا پراکتیکییەکانیان لەبارەی وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ تۆمارکردن و پاشان مۆنتاجکردن و چۆنێتی ڕووماڵکردنی پەخشی ڕاستەوخۆوە بەهێز دەکات. ئەمە جگە لەوەی متمانە بەخۆبوونی زیاتر لای میدیاکاران دروست دەکات. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (Bui et al, 2019)دا یەکدەگرێتەوە، کە (69.7٪)ی میدیاکارانی سامپڵی توێژینەوەکە بۆچوونیان وایە، (MOJO) گەشە بە ئاستی هۆشیاریی میدیایی ڕۆژنامەوانان دەکات.

**خشتەی ژمارە (42)**

بۆچوونی میدیاکاران پەیوەست بە گرفتە تەکنیکییەکان و لایەنە ئەرێنییەکانی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە رۆژنامەگەریی مۆبایل

بەرتوێژەران = 50

| بڕگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدا نیم | | هەرگیز | | ن. ژمێرەی | لا. پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | د | ٪ | | |
| کوالێتی ڤیدیۆی هەواڵی بەرهەمهێنراو بەم جۆرە رۆژنامەگەرییە نزمە | 15 | 30 | 26 | 52 | 3 | 6 | 5 | 10 | 1 | 2 | 2.02 | 0.979 |
| ئەم رۆژنامەگەرییە ناتوانێت بە کوالێتییەکی بەرز دەنگی رووداوەکان تۆمار بکات | 10 | 20 | 28 | 56 | 5 | 10 | 5 | 10 | 2 | 4 | 2.22 | 1.016 |
| بەهۆی گرفتەکانی هێڵی ئینتەرنێتەوە، لەکاتی پەخشی راستەوخۆدا کێشەی گواستنەوەی وێنەکان دروست دەبێت | 21 | 42 | 20 | 40 | 6 | 12 | 1 | 2 | 2 | 4 | 1.86 | 0.990 |
| ناردنی فایلی ڤیدیۆیی لە مۆبایلدا بۆ بەشی پەخشی کەناڵەکە، پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە | 7 | 14 | 16 | 32 | 11 | 22 | 14 | 28 | 2 | 4 | 2.76 | 1.135 |
| "رێندەرکردن"ی ڤیدیۆ لە مۆبایلدا کاتی زۆری پێویستە و پڕۆسەکە خاوە | 9 | 18 | 22 | 44 | 7 | 14 | 11 | 22 | 1 | 2 | 2.46 | 1.092 |
| ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە پێویستیی بە مۆبایلێکی زیرەکی مۆدێل بەرز هەیە کە توانای (رام و هارد)ی بەرز بێت | 18 | 36 | 27 | 54 | 3 | 6 | 1 | 2 | 1 | 2 | 1.80 | 0.808 |
| وزەی پاتری مۆبایلی زیرەك لاوازە و بۆ رووماڵکردنی کاتێکی زۆر بەرگە ناگرێت | 20 | 40 | 18 | 36 | 7 | 14 | 2 | 4 | 3 | 6 | 2.00 | 1.125 |
| هەڵگرتنی کەرەستەکانی ئەم رۆژنامەگەرییە سوك و ئاسانە و بە کەسێك ئەنجام دەدرێت و پێویستیی بە تیم نییە | 10 | 20 | 31 | 62 | 7 | 14 | 1 | 2 | 1 | 2 | 3.96 | 0.976 |
| رۆژنامەوان دەتوانێت بە ئاسانی وێنە لەو شوێن و جێگایانەدا تۆمار بکات، کە بۆ تیمی کامێرا ئەستەمە | 12 | 24 | 31 | 62 | 4 | 8 | 2 | 4 | 1 | 2 | 4.02 | 0.820 |
| رۆژنامەگەریی مۆبایل پێویستی بە بودجەیەکی کەمە بۆ کڕین و دابینکردنی کەرەستەکانی | 18 | 36 | 24 | 48 | 6 | 12 | 1 | 2 | 1 | 2 | 4.14 | 0.857 |
| لەهەموو شوێنێکدا مۆبایل هەیە و بۆتە ئامرازێك بۆ دەستکەوتنی زانیاری و وێنە و ڤیدیۆ بۆ کەناڵەکان | 20 | 40 | 25 | 50 | 2 | 4 | 2 | 4 | 1 | 2 | 4.22 | 0.864 |
| هاووڵاتیانیش دەتوانن مومارەسەی ئەم رۆژنامەگەرییە بکەن و هۆکارێکە بۆ گەشەسەندنی هۆشیاریی میدیایی | 14 | 28 | 30 | 60 | 1 | 2 | 4 | 8 | 1 | 2 | 4.04 | 0.903 |
| دەتوانرێت وردەکاریی چیرۆکە هەواڵەکان لە مەیدانی رووداوەکانەوە راستەوخۆ و بە خێرایی بڵاوبکرێنەوە | 11 | 22 | 30 | 60 | 3 | 6 | 4 | 8 | 2 | 4 | 3.88 | 0.982 |
| ئاسانترین ئامرازە بەمەبەستی بەرهەمهێنانی ڤیدیۆ بۆ سۆشیال میدیای کەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان | 17 | 34 | 25 | 50 | 5 | 10 | 2 | 4 | 1 | 2 | 4.10 | 0.886 |
| فرەجۆریی پڕۆگرامەکانی ئەم رۆژنامەگەرییە، بەرهەمهێنانی هەواڵی ئاسانکردووە | 12 | 24 | 23 | 46 | 10 | 20 | 4 | 8 | 1 | 2 | 3.82 | 0.962 |

– له ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (44)دا دەردەکەوێت، کە بە نێوەندی ژمێرەیی (4.22) و لادانی پێوەریی (0.864)دا، میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) بە پلەی یەکەم پێیانوایە کە یەکێك لە لایەنە ئەرێنییەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا ئەوەیە کە "لە هەموو شوێنێکدا مۆبایل هەیە و بۆتە ئامرازێك بۆ دەستکەوتنی زانیاری و وێنە و ڤیدیۆ بۆ کەناڵەکان". ئەمەش ئاماژەیە بەوەی مۆبایلی زیرەك بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بەردەستی میدیاکاراندایە و بووە بە ئامرازێك بەمەبەستی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنی. ئەمە جگە لەوەی دەرخەری ئەوەیە کە بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك لای هاووڵاتی ڕۆژنامەنووس و هاووڵاتیانی ئاساییش، پاڵپشتییە بۆ دامەزراوە میدیاییەکان، بەمەبەستی ناردنی وێنە و ڤیدیۆی هەواڵ و ڕووماڵی ئەو ڕووداوانەی کە میدیاکاران ناتوانن بە خێرایی بگەنە شوێنی ڕووداوەکان.

– هاوکات بە نێوەندی ژمێرەیی (4.14) و لادانی پێوەریی (0.857)دا، میدیاکاران بە پلەی دووەم وایدەبینن کە "ڕۆژنامەگەریی مۆبایل پێویستی بە بودجەیەکی کەمە بۆ کڕین و دابینکردنی کەرەستەکانی". ئەمەش جەختکردنەوەیە لە کەمی تێچووی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە. دواجار بە نێوەندی ژمێرەیی (1.80) و لادانی پێوەری (0.808)، ئەو بۆچوونەی میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە لە ڕیزبەندی کۆتاییدا دێت، کە وەکو گرفتێکی تەکنیکی بۆ ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە پێیانوایە، "ئەم ڕۆژنامەگەرییە پێویستیی بە مۆبایلێکی زیرەکی مۆدێل بەرز هەیە کە توانای (ڕام و هارد)ی بەرز بێت". ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە لای بەرتوێژەران جۆر و مۆدێلی مۆبایلی زیرەك بۆ کاری میدیایی زۆر بەهەند وەرناگیرێت.

ئەنجامی یەکەمی ئەم خشتەیەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (بن زکە و حنون، 2020) یەکدەگرێتەوە کە بە نێوەندی ژمێرەیی (0.30) و لادانی پێوەری (1.56)، میدیاکارانی جەزائیر پێیانوایە ئەم ڕۆژنامەگەرییە گونجاوترین ئامرازە بۆ "وەرگرتنی زانیاری و تۆمارکردنی وێنە و ڤیدیۆی ڕۆژنامەوانی". بەڵام لەگەڵ توێژینەوەکەی (شاهین، 2021) یەکناگرێتەوە کە بە نێوەندی ژمێرەیی (4.71) و لادانی پێوەری (0.532)، میدیاکاران وایدەبینن لایەنی ئەرێنی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بریتییە لە "خێرایی لە ڕووماڵکردنی هەواڵ"دا. هاوکات بە نێوەندی ژمێرەیی (4.03) و لادانی پێوەری (1.018)، میدیاکارانی سامپڵی ئەو توێژینەوەیە لایەنە نەرێنییەکانی ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە لەو بۆچوونەدا چڕ دەکەنەوە کە "ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بەشێوەیەکی پیشەگەرانە ناتوانرێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت".

## - کۆتایی -

لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی پراکتیکیدا روون دەبێتەوە، بەشی زۆری میدیاکارانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام) مۆبایلی زیرەك بۆ کاری میدیایی بەکاردەهێنن. هاوکات بەرێژەیەکی بەرز هۆکاری بەکارهێنانی ئەو جۆرە رۆژنامەگەرییە بۆ (ئاسانی بەکارهێنان و جولەپێکردنەوە) دەگەڕێننەوە.

هەر بەگوێرەی ئەنجامەکانی توێژینەوەی پراکتیکی، (هەواڵ) بە پلەی یەکەم دێت لەکۆی ئەو هونەرە رۆژنامەوانییانەی کە لەلایەن میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵەوە لە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە بەرهەمیدەهێنن. ئەمە جگە لەوەی بەپێی ئەو داتایانەی کە لە رێگەی فۆرمی راپرسییەوە بۆ توێژەر دەستکەوتوون دەردەکەوێت، میدیاکارانی ئەو دوو کەناڵە ئاسمانییە کوردییە پرۆگرامە تەکنیکییەکانی بواری رۆژنامەگەریی مۆبایل بۆ کاری وێنە و ڤیدیۆ و دەنگ تۆمارکردن و هەروەها مۆنتاج و رووماڵی پەخشی راستەوخۆ بە ئاستی جیاواز بەکاردەهێنن.

لە ئەنجامەکاندا دەردەکەوێت، بەشی زۆری بەرتوێژەران لەو دوو کەناڵەدا خاوەنی ئەزموونی کارکردنی زۆرن و زۆربەشیان سیستمی کارپێکردنی (IOS) لە مۆبایلەکانیادا بەکاردەهێنن. هاوکات بەپێی ئەنجامی توێژینەوەی پراکتیکی، بە پلەی یەکەم میدیاکاران پێیانوایە یەکێك لە لایەنە ئەرێنییەکانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لە بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا ئەوەیە کە "لە هەموو شوێنێکدا مۆبایل هەیە و بۆتە ئامرازێك بۆ دەستکەوتنی زانیاری و وێنە و ڤیدیۆ بۆ کەناڵەکان". دواجار وەکو گرفتێکی تەکنیکی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بەشی زۆریان وایدەبینن "ناردنی فایلی ڤیدیۆیی لە مۆبایلدا بۆ بەشی پەخشی کەناڵەکە، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە".

# بەشی پێنجەم

## سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوەکە و ئەنجامەکانی

**- دەروازە -**

لەدوا بەشی توێژینەوەکەدا، رێکارە ئامارەییەکانی تایبەت بە سەلماندنی گریمانەکانی توێژینەوە و ئەنجامەکانی دەخرێتەڕوو، کە خۆی لە پێنج گریمانەی سەرەکیی دەبینێتەوە و تایبەتن بە هەرسێ گۆڕاوی توێژینەوەکە. ئەویش بە شیکردنەوە و پێوانەکردنی پەیوەندیی و جیاوازی ئاماژەی ئاماریی گۆڕاوەکان لە رێگەی دەرخستنی نێوەندی ریزبەندیی و لادانی پێوەری و پلەی ئازادی و ئاستی باوەڕی و پێوانەکانی تایبەت بە (هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان، هاوکێشەی جیاوازی (Z-)، هاوکێشەی جیاوازی کاسکوێر). لەگەڵ جێبەجێکردنی رێکاری شیکردنەوەی چۆنایەتی بۆ سەلماندنی دروستیی گریمانەکانی هەردوو تیۆری پەیوەست بە توێژینەوەکە.

*** گریمانەکانی توێژینەوەکە :**

1- پەیوەندیی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

2- جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتی دیموگرافی: (رەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندن – ئەزمونی کاری میدیایی – کەناڵ – پیشە).

3- جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتی دیموگرافی: (رەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندن – ئەزمونی کاری میدیایی – کەناڵ – پیشە).

4- جیاوازی لەنێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا هەیە، لە شێوەی چێوەگرتنی هەواڵە بەرهەمهێنراوەکانیان بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە رووەکانی ئاڕاستە و شێوازی رووماڵکردنەوە.

### پاری یەکەم: گریمانەی سەرەکیی یەکەم:

– پەیوەندیی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

**خشتەی ژمارە (43)**

پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

| بڕگە | ن. ژمێرەیی | لا. پێوەری | بەهای هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامەگەریی مۆبایل | 18.18 | 5.240 | 0.978 | 0.000 |
| بەرهەمهێنانی هەواڵ | 8.28 | 2.232 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (45) دەردەکەوێت، پەیوەندیی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا. ئەویش بە ئەنجامی هاوکێشەی پەیوەستی (سپێرمان) کە یەکسانە بە (0.978) و ئاستی باوەڕیی (0.000)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزی پلەی پەیوەستبوون لەنێوان هەردوو گۆڕاوی سەربەخۆ و شوێنکەوتووی توێژینەوەکە. بەو جۆرەش ئەنجامی ئەم گریمانەیە دەریدەخات کە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل ڕۆڵی هەیە لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران.

هاوکات، ئەنجامی ئەم گریمانەیە لەگەڵ ئەنجامی گریمانەی توێژینەوەی (بن زكة و حنون، 2020) یەکدەگرێتەوە کە پەیوەندیی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و ڕووماڵکردنی هەواڵ لای میدیاکارانی جەزائیر. بەڵام لەگەڵ ئەنجامی گریمانەی توێژینەوەی (Salzmann et al, 2020) یەکناگرێتەوە کە توێژینەوەکە سەلماندویەتی جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی.

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی یەکەمی توێژینەوە دەسەلمێنرێت کە پێشبینی دەکرا پەیوەندیی ئاماژەی ئاماریی هەبێت لەنێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.**

**پاری دووەم: گریمانەی سەرەکیی دووەم:**

– جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییە دیموگرافییەکانی: (رەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندن – ئەزمونی کاری میدیایی – کەناڵ – پیشە).

**خشتەی ژمارە (44)**

جیاوازی نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتی (رەگەز)

بەرتوێژ = 50

| رەگەز | دووبارە | ن. ریزبەندیی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی (-Z) | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| نێر | 40 | 20.58 | -4.812 | 0.000 |
| مێ | 10 | 45.20 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (46) روونەدبێتەوە، جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتی (رەگەز) کە پێکدێت لە هەردوو گروپی (نێر و مێ). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی گروپی (مێ)یە، بەهۆی ئەوەی نێوەندی ریزبەندییەکەی بریتییە لە (45.20) بە هاوکێشەی جیاوازی (-4.812) و ئاستی باوەڕیی (0.000). بەو جۆرەش ئەنجامی ئەم گریمانەیە، لەگەڵ ئەنجامی گریمانەی توێژینەوەکانی (بن زکة و حنون، 2020)، (شاهين، 2019) یەکدەگرێتەوە، کە جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لەنێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (رەگەز) لە بەرژەوەندیی رەگەزی (نێر).

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی دووەم – لقی یەکەم دەسەلمێنرێت، کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لە نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییە دیموگرافییەکانی (رەگەز).**

**خشتەی ژمارە (45)**

جیاوازی نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (تەمەن)

بەرتوێژ = 50

| تەمەن | دووبارە | ن.ریزبەندیی | پلەی ئازادی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی کا$^2$ | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|
| 18 – 22 ساڵ | 1 | 1.50 | 3 | 41.047 | 0.000 |
| 23 – 27 ساڵ | 11 | 8.05 | 3 | | |
| 28 – 32 ساڵ | 20 | 22.15 | 3 | | |
| 33 ساڵ و زیاتر | 18 | 41.22 | 3 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (47) دەردەکەوێت، جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (تەمەن) کە پێکدێت لە هەر چوار گروپی (18 –

22 ساڵ)، (23 – 27 ساڵ)، (28 – 32 ساڵ)، (33 ساڵ و زیاتر). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی گرووپی (33 ساڵ و زیاتر)ە، چونکە نێوەندی ریزبەندییەکەی بریتییە لە (41.22) بە هاوکێشەی جیاوازی (41.047) و ئاستی باوەڕیی (0.000).

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی دووەم – لقی دووەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییە دیموگرافییەکانی (تەمەن).**

**خشتەی ژمارە (46)**

جیاوازی نێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (ئاستی خوێندن)

بەرتوێژ = 50

| ئاستی زانستی | دووبارە | نێوەندیی ریزبەندیی | پلەی ئازادی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی کا$^2$ | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕوانامەی بنەڕەتی | 3 | 2.50 | 3 | 27.111 | 0.000 |
| بڕوانامەی ئامادەیی | 6 | 8.00 | 3 | | |
| بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆس | 37 | 27.74 | 3 | | |
| بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا | 4 | 48.25 | 3 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (48) ڕووندەبێتەوە، جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (ئاستی خوێندن) کە پێکدێت لە هەر چوار گرووپی (بڕوانامەی بنەڕەتی)، (بڕوانامەی ئامادەیی)، (بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆس)، (بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی گرووپی (بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا)یە، چونکە نێوەندی ریزبەندییەکەی بریتییە لە (48.25) بە هاوکێشەی جیاوازی (27.111) و ئاستی باوەڕیی (0.000). بەو جۆرەش ئەنجامی ئەم گریمانەیە، لەگەڵ ئەنجامی گریمانەی توێژینەوەی (Salzma..et. al, 2020) یەکدەگرێتەوە، کە جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لەنێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتی ئاستی خوێندن.

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی دووەم – لقی سێیەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییە دیموگرافییەکانی (ئاستی خوێندن).**

**خشتەی ژمارە (47)**

جیاوازی نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی

(ئەزموونی کاری میدیایی)

بەرتوێژ = 50

| ئەزموونی کارکردن | دووبارە | نیوەندیی ریزبەندیی | پلەی ئازادی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی $کا^2$ | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە (5) ساڵ | 10 | 6.70 | 3 | 43.718 | 0.000 |
| لە (5) ساڵ بۆ کەمتر لە (10) ساڵ | 14 | 16.86 | 3 | | |
| لە (10) ساڵ بۆ کەمتر لە (15) ساڵ | 18 | 33.44 | 3 | | |
| (15) ساڵ و زیاتر | 8 | 46.25 | 3 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (49) روونده‌بێتەوە، جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (ئەزموونی کاری میدیایی) کە پێکدێت لە گروپەکانی (کەمتر لە 5 ساڵ)، (لە 5 ساڵ بۆ کەمتر لە 10 ساڵ)، ( لە 10 ساڵ بۆ کەمتر لە 15 ساڵ)، (15 ساڵ و زیاتر). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی گروپی (15 ساڵ و زیاتر)ە، بەهۆی ئەوەی نێوەندی ریزبەندییەکەی بریتییە لە (46.25) بە هاوکێشەی جیاوازی (43.718) و ئاستی باوەڕیی (0.000). ئەنجامی ئەم گریمانەیەش لەگەڵ ئەنجامی گریمانەی توێژینەوەکانی (شاهین، 2019)، (Vryzas et. al, 2019) یەکدەگرێتەوە، کە جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لەنێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتی ئەزموونی کارکردنی میدیایی.

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی دووەم – لقی چوارەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییە دیموگرافییەکانی (ئەزموونی کاری میدیایی).**

**خشتەی ژمارە (48)**

جیاوازی نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (کەناڵ)

بەرتوێژ = 50

| کەناڵ | دووبارە | ن. ریزبەندیی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی (Z-) | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| GK | 31 | 16.10 | 5.867– | 0.000 |
| پەیام | 19 | 40.84 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (50) روونده‌بێتەوە، جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (کەناڵ) کە پێکدێت لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی

(GK) و (پەیام). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی کەناڵی (پەیام)ە، چونکە نێوەندی ریزبەندییەکەی بریتییە لە (40.84) بە هاوکێشەی جیاوازی (5.867−) و ئاستی باوەڕیی (0.000).

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی دووەم – لقی پێنجەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی ئامارەی ئاماری هەیە لەنێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییە دیموگرافییەکانی (کەناڵ).**

**خشتەی ژمارە (49)**

جیاوازی نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (پیشە)

بەرتوێژ = 50

| پیشە | دووبارە | نێوەندیی ریزبەندیی | پلەی ئازادی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی کا$^2$ | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|
| پەیامنێر | 17 | 9.00 | 4 | 45.997 | 0.000 |
| هەواڵساز | 14 | 24.71 | 4 | | |
| کامێرامان | 7 | 34.57 | 4 | | |
| پێشکەشکار | 7 | 42.14 | 4 | | |
| پرۆدسیۆر | 5 | 47.80 | 4 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (51) رووندەبێتەوە، جیاوازی ئامارەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (پیشە) کە پێکدێت لە گروپەکانی (پەیامنێر)، (هەواڵسان)، (کامێرامان)، (پێشکەشکار)، (پرۆدسیۆر). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی گروپی (پرۆدسیۆر)ە، چونکە نێوەندی ریزبەندییەکەی بریتییە لە (47.80) بە هاوکێشەی جیاوازی (45.997) و ئاستی باوەڕیی (0.000).

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی دووەم – لقی شەشەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی ئامارەی ئاماری هەیە لەنێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییە دیموگرافییەکانی (پیشە).**

**پاری سێیەم: گریمانەی سەرەکیی سێیەم:**

– جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییە دیموگرافییەکانی: (رەگەز – تەمەن – ئاستی زانستی – ئەزمونی کاری میدیایی – کەناڵ – پیشە).

**خشتەی ژمارە (50)**

جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (رەگەز)

بەرتوێژ = 50

| رەگەز | دووبارە | ن. ریزبەندیی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی (Z-) | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| نێر | 40 | 20.58 | -4.881 | 0.000 |
| مێ | 10 | 45.20 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (52) ڕووندەبێتەوە، جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (رەگەز) کە پێکدێت لە هەردوو گروپی (نێر و مێ). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی گروپی (مێ)یە، بەهۆی ئەوەی نێوەندی ریزبەندییەکەی بریتییە لە (45.20) بە هاوکێشەی جیاوازی (-4.881) و ئاستی باوەڕیی (0.000). ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (المشاقبة، 2018) یەکناگرێتەوە کە جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەرهەمهێنانی گەشتی هەواڵەکانی تەلەفیزیۆنی ئوردنی لای پەیامنێران بەگوێرەی تایبەتمەندێتی رەگەز.

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی سێیەم – لقی یەکەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییە دیموگرافییەکانی (رەگەز).**

**خشتەی ژمارە (51)**

جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی

(تەمەن)

بەرتوێژ = 50

| تەمەن | دووبارە | نێوەندیی ڕیزبەندیی | پلەی ئازادی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی کا$^2$ | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|
| 18 – 22 ساڵ | 1 | 4.00 | 3 | 38.862 | 0.000 |
| 23 – 27 ساڵ | 11 | 7.41 | 3 | | |
| 28 – 32 ساڵ | 20 | 23.50 | 3 | | |
| 33 ساڵ و زیاتر | 18 | 39.97 | 3 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (53) دەردەکەوێت، جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (تەمەن) کە پێکدێت لە هەر چوار گرووپی (18 –22 ساڵ)، (23 – 27 ساڵ)، (28 – 32 ساڵ)، (33 ساڵ و زیاتر). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی گرووپی (33 ساڵ و زیاتر)ە، چونکە نێوەندی ڕیزبەندییەکەی بریتییە لە (39.97) بە هاوکێشەی جیاوازی (38.862) و ئاستی باوەڕیی (0.000).

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی سێیەم – لقی دووەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (تەمەن).**

**خشتەی ژمارە (52)**

جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی

(ئاستی خوێندن)

بەرتوێژ = 50

| ئاستی زانستی | دووبارە | نێوەندیی ڕیزبەندیی | پلەی ئازادی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی کا$^2$ | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕوانامەی بنەڕەتی | 3 | 4.00 | 3 | 28.435 | 0.000 |
| بڕوانامەی ئامادەیی | 6 | 6.50 | 3 | | |
| بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆس | 37 | 27.89 | 3 | | |
| بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا | 4 | 48.00 | 3 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (54) ڕووندەبێتەوە، جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (ئاستی خوێندن) کە پێکدێت لە

هەر چوار گرووپی (بڕوانامەی بنەڕەتی)، (بڕوانامەی ئامادەیی)، (بڕوانامەی دبلۆم یان بەکالۆریۆس)، (بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی گرووپی (بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا)یە، چونکە نێوەندی ڕیزبەندییەکەی بریتییە لە (48.00) بە هاوکێشەی جیاوازی (28.435) و ئاستی باوەڕیی (0.000).

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی سێیەم – لقی سێیەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی ئامارەی ئامارى هەیە لەنێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (ئاستی خوێندن).**

**خشتەی ژمارە (53)**

جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (ئەزموونی کاری میدیایی)

بەرتوێژ = 50

| ئەزموونی کارکردن | دووبارە | نێوەندی ڕیزبەندیی | پلەی ئازادی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی کا$^2$ | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|
| کەمتر لە (5) ساڵ | 10 | 6.25 | 3 | 43.266 | 0.000 |
| لە (5) ساڵ بۆ کەمتر لە (10) ساڵ | 14 | 18.36 | 3 | | |
| لە (10) ساڵ بۆ کەمتر لە (15) ساڵ | 18 | 32.42 | 3 | | |
| (15) ساڵ و زیاتر | 8 | 46.50 | 3 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (55) ڕووندەبێتەوە، جیاوازی ئامارەی ئامارییی هەیە لە نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (ئەزموونی کاری میدیایی) کە پێکدێت لە گروپەکانی (کەمتر لە 5 ساڵ)، (لە 5 ساڵ بۆ کەمتر لە 10 ساڵ)، ( لە 10 ساڵ بۆ کەمتر لە 15 ساڵ)، (15 ساڵ و زیاتر). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی گرووپی (15 ساڵ و زیاتر)ە، بەهۆی ئەوەی نێوەندی ڕیزبەندییەکەی بریتییە لە (46.50) بە هاوکێشەی جیاوازی (43.266) و ئاستی باوەڕیی (0.000). ئەنجامی ئەم گریمانەیەش لەگەڵ ئەنجامی گریمانەی توێژینەوەی (العمرو، 2015) یەکدەگرێتەوە کە جیاوازی ئامارەی ئامارییی هەیە لەنێوان کارامەیی دروستکردنی هەواڵ لە تەلەفیزیۆنی ئەردەنی و ئەزموونی کاری میدیاکاران.

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی سێیەم – لقی چوارەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی ئامارەی ئامارى هەیە لەنێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (ئەزموونی کاری میدیایی).**

**خشتەی ژمارە (54)**

جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (کەناڵ)

بەرتوێژ = 50

| کەناڵ | دووبارە | ن. ریزبەندیی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی (Z-) | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|
| GK | 31 | 16.97 | −5.401 | 0.000 |
| پەیام | 19 | 39.42 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (56) ڕووندەبێتەوە، جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (کەناڵ) کە پێکدێت لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی کەناڵی (پەیام)ە، چونکە نێوەندی ریزبەندییەکەی بریتییە لە (39.42) بە هاوکێشەی جیاوازی (5.401−) و ئاستی باوەڕیی (0.000).

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی سێیەم – لقی پێنجەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (کەناڵ).**

**خشتەی ژمارە (55)**

جیاوازی نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (پیشە)

بەرتوێژ = 50

| پیشە | دووبارە | ن.ریزبەندیی | پلەی ئازادی | بەهای هاوکێشەی جیاوازی کا$^2$ | ئاستی باوەڕی |
|---|---|---|---|---|---|
| پەیامنێر | 17 | 9.12 | 4 | 44.819 | 0.000 |
| هەواڵساز | 14 | 26.50 | 4 | | |
| کامێرامان | 7 | 31.00 | 4 | | |
| پێشکەشکار | 7 | 42.14 | 4 | | |
| پرۆدسیۆر | 5 | 47.40 | 4 | | |

– بەپێی ئەنجامی خشتەی ژمارە (57) ڕووندەبێتەوە، جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (پیشە) کە پێکدێت لە گروپەکانی (پەیامنێر)، (هەواڵسان)، (کامێرامان)، (پێشکەشکار)، (پرۆدسیۆر). ئەنجامەکەش لە بەرژەوەندیی گروپی (پرۆدسیۆر)ە، چونکە نێوەندی ریزبەندییەکەی بریتییە لە (47.40) بە هاوکێشەی جیاوازی (44.819) و ئاستی باوەڕیی (0.000).

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی سێیەم – لقی شەشەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی ئامارەی ئاماری هەیە لەنێوان بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتییەکانی (پیشە).**

**پاری چوارەم: گریمانەی سەرەکیی چوارەم:**

– جیاوازی لەنێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا هەیە، لە شێوەی چێوەگرتنی هەواڵە بەرهەمهێنراوەکانیان بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە رووەکانی ئاڕاستە و شێوازی رووماڵکردنەوە.

بۆ سەلەماندنی ئەم گریمانەیە کە لە چوارچێوەی گریمانەکانی تیۆری شیکردنەوەی چێوەگرتنی میدیایی دارێژراوە و بەهەمان شێوە دەچێتە جۆری دووەمی گریمانەکانەوە "الفرضيات البحثية" ، توێژەر بە ئاڕاستەی شیکردنەوەی چۆنایەتی و بە پشتبەستن بە بەشێك لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی شیکاری ئاستی دروستی گریمانەکە دەسەلمێنێت. بەو پێیەی تیۆری شیکردنەوەی چێوەگرتنی میدیایی، پەیوەستە بە شیکاریی پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکانەوە، بەتایبەت ئەو بڕگانەی کە پەیوەستن بە ئاڕاستەی کەناڵەکان و هاوسەنگییان لە رووماڵکردنی رووداوەکاندا.

بەپێی ئەنجامی توێژینەوەی شیکاری و ئەو بڕگانەی کە پەیوەندییان بە ئاڕاستە و هاوسەنگیی رووماڵکردنی هەواڵەکانی بەرهەمهێنراو بە رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە هەیە لە هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (GK) و (پەیام)، دەردەکەوێت کە لەکۆی (42) هەواڵی کەناڵی (GK)، (37) هەواڵیان بە ئاڕاستەی ئەرێنی ئامادە و پەخشکراوە، کە دەکاتە (88.1٪)ی کۆی هەواڵە بەرهەمهێنراوەکان بە رۆژنامەگەریی مۆبایل (بەو واتایەی تەنها دیوە ئەرێنییەکانی رووداوەکانیان ئاڕاستەی وەرگر کردووە)، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی زۆربەی زۆری ئاڕاستەی هەواڵەکانی ئەو کەناڵە لە چێوەگرتنی میدیایی دراون و تەنها گرنگییان بەو لایەنەی هەواڵەکان داوە، کە ئەرێنین و لەگەڵ سیاسەت و ئامانجەکانی کەناڵەکە گونجێنراوە، بەپێچەوانەوە ئەوانەشی کە نەگونجاون پەراوێزخراون، چونکە ئەو کەناڵە سەر بە لایەنێکی سیاسی بەشداربووی دەسەڵاتە و تاڕادەیەکی زۆر ئاڕاستەی کاری میدیاکانیان بەو جۆرەیە، کە بە ئەرێنی رووداوەکان بۆ وەرگر پەخش بکەن. (بڕوانە خشتەی ژمارە 9)

لەبەرامبەردا لەکۆی (34) هەواڵی کەناڵی ئاسمانیی (پەیام) کە سەر بە لایەنێکی سیاسی ئۆپۆزسیۆنە، (19) هەواڵیان کە دەکاتە (55.9٪)ی کۆی هەواڵەکان، بە ئاڕاستەی (نەرێنی) ئامادە و پەخشکراون، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە، کە ئەو کەناڵەش بەهەمان شێوە ناوەڕۆکی زۆربەی هەواڵەکانیان لەگەڵ سیاسەت و ئەجێندای حزبەکەیان گونجاندووە و بەشێك لە رووداوەکانیان پەراوێزخستووە. بەتایبەت ئەو فاکتانەی کە لای جەماوەری وەرگر تێگەیشتنی ئەرێنی دروست دەکات.

هاوکات، بەپێی ئەنجامی خشتەی تایبەت بە هاوسەنگیی رووماڵکردن لە توێژینەوەی شیکاری، دەردەکەوێت کە لەکۆی (42) هەواڵی کەناڵی ئاسمانیی (GK)، (29) هەواڵیان کە دەکاتە (69٪)، تەنها لە رێگەی یەك

تێڕاوانینەوە پەخشکراوە، لەکاتێکدا بۆ پاراستنی هاوسەنگیی رووداوی نێو هەواڵەکان، دەبوو زیاتر لە تێڕوانینێك وەربگیرێت. بۆیە دەرخستن و زەقکردنی تێڕاونینێك و پەراوێزخستنی تێڕوانینی دووەم، ئاماژەیە بە پەراوێزخستنی بەشێك لە زانیارییەکانی دیکەی هەواڵەکە. سەبارەت بە کەناڵی ئاسمانیی (پەیام)، هەر بەپێی ئەنجامی ئەو خشتەیە دەردەکەوێت، (22) هەواڵیان کە دەکاتە (64.7٪)ی کۆی هەواڵەکانیان کە (34) هەواڵە، بەهەمان شێوە لە تەنها تێڕوانینێکەوە پەخشکراوە کە هەمان مەبەستی کەناڵی یەکەمی بەسەردا جێبەجێدەکرێت (بڕوانە خشتەی ژمارە 13). سەرئەنجام، کۆی ئەو هەواڵانەی کە لەو دوو کەناڵەدا لە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە ئامادەکرابوون، لەلایەن میدیاکارانیانەوە بەشێوەی جیاواز لە چێوەگرتنی میدیایی دراون. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی گریمانەی توێژینەوەکانی (خطاطبة، 2020)، (العرامين، 2020)، (الكساسبة، 2019)، (شحاذة، 2019)دا یەکدەگرێتەوە، کە بەشی هەرە زۆری هەواڵ و پرۆگرامە هەواڵەییەکانی سامپڵی توێژینەوەکان، لە چێوەگرتنی میدیایی بە جۆرە جیاوازەکانیەوە دەدرێن لە رێگەی "شاردنەوە" یان پەراوێزخستنی بەشێك لە لایەن و فاکتی رووداوەکان و زەقکردنەوەی بەشێکی دیکە. ئەنجامی ئەو توێژینەوانەش لە رێگەی چاودێکردنی ئەنجامی بڕگەکانی (ئاڕاستە، هاوسەنگیی رووماڵکردن و پێوەرەکانی هەڵبژاردنی هەواڵ) بەدەستهاتوون.

*** سەرئەنجام دروستیی گریمانەی سەرەکیی چوارەم دەسەلمێنرێت کە جیاوازی لەنێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا هەیە، لە شێوەی چێوەگرتنی هەواڵە بەرهەمهێنراوەکانیان بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە رووەکانی ئاڕاستە و شێوازی رووماڵکردنەوە.**

## - کۆتایی -

ئەنجامی گریمانەکانی توێژینەوە دروستی گریمانەی یەکەم ڕووندەکاتەوە، بەوەی پەیوەندیی ئامارەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا. هەر بەپێی ئەنجامەکان، دروستیی گریمانەی دووەمیش سەلمێنرا کە جیاوازی ئامارەی ئاماریی هەیە لە بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتی دیموگرافی: (ڕەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندن – ئەزمونی کاری میدیایی – کەناڵ – پیشە). دواتر دروستیی گریمانەی سێیەمیش سەلمێنرا کە بریتییە لەوەی جیاوازی ئامارەی ئاماریی هەیە لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتی دیموگرافی: (ڕەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندن – ئەزمونی کاری میدیایی – کەناڵ – پیشە).

لە ئەنجامی گریمانەکانی توێژینەوەکەدا، گریمانەی تایبەت بە تیۆری توێژینەوەکەش سەلمێنرا و دەرکەوت، کە جیاوازی لەنێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا هەیە، لە شێوەی چێوەگرتنی هەواڵە بەرهەمهێنراوەکانیان بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە ڕووەکانی ئاڕاستە و شێوازی ڕوومالکردنەوە.

## - ئەنجامە گشتییەکانی توێژینەوە -

لەسەر بنەمای ئامانجەکانی رووپێوی شیکاری و پراکتیکی، هەروەها گریمانەکانی توێژینەوەکە، توێژەر بەم ئەنجامە گشتییانەی خوارەوە گەیشتووە:

**یەکەم: ئەنجامەکانی رووپێوی شیکاری:**

1- بابەتی هەواڵی (ئابووری و خزمەتگوزاریی) بەرێژەی (35.5٪)، گرنگترین ئەو بابەتانەی هەواڵن کە بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەرهەمهێنراون.

2- گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بۆ هەواڵە بەرهەمهێنراوەکانیان بە رۆژنامەگەریی مۆبایل پشتیان پێبەستووە، بریتییە لە سەرچاوەی (بەرپرسی حکومی و حزبی) کە بەرێژەی (61.8٪) لە ریزبەندی یەکەمدایە.

3- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە ئاستێکی زۆر بەرز و بەرێژەی (89.5٪) تەنها گرنگی بە ڤیدیۆ دەدەن، وەکو هۆکارێکی زەقکراو و ئاماژەپێدارو لە رووماڵی میدیایی ئەو هەواڵانەی کە لە رێگەی رۆژنامەگەریی مۆبایلەوە بەرهەمدەهێنرێن.

4- بەشی زۆری هەواڵی بەرهەمهێنراو بە رۆژنامەگەریی مۆبایل (MOJO) لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا و بەرێژەی (67.1٪) تەنها لە (تێڕوانینێکەوە) ئامادەکراون و نەیانتوانیوە لە تێڕوانینی جیاوازەوە هاوسەنگیی لە رووماڵکردنی هەواڵەکاندا بپارێزن.

**دووەم: ئەنجامەکانی رووپێوی پراکتیکی:**

1- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەشی زۆری پرۆگرامە تەکنیکییەکانی تایبەت بە رۆژنامەگەریی مۆبایل بۆ بەرهەمهێنانی هەواڵ بەکاردەهێنن. گرنگترینیان پرۆگرامی (photo shop) بۆ دەستکاریکردنی وێنە، پرۆگرامی (DSLR Camera Pro) بۆ تۆمارکردنی ڤیدیۆ، پرۆگرامی (iMovie) بۆ مۆنتاجکردن، پرۆگرامی (PCM Recorder) بۆ تۆمارکردن و مۆنتاجکردنی دەنگ و پرۆگرامی (Periscope) بەمەبەستی رووماڵکردنی پەخشی راستەوخۆ.

2- میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، رۆژنامەگەریی مۆبایل بە رێژە و ئاستی جیاواز بۆ هونەرە رۆژنامەوانییە جۆراوجۆرەکان بەکاردەهێنن، بەڵام (هەواڵ) لە گرنگترین ئەو هونەرە رۆژنامەوانییانەیە کە میدیاکاران لە رێگەی مۆبایلی زیرەکەوە بەرهەمی دەهێنن.

3– ڕۆژنامەگەریی مۆبایل بە ئاستێکی بەرز ئاسانکاریی بۆ میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان دەستەبەرکردووە لە بەرهەمهێنان و رووماڵکردنی هەواڵی تەلەفیزیۆنیدا، بەشێوەیەك بەهۆی تایبەتمەندێتی و لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییەوە، میدیاکاران بە تێچو و کاتێکی کەمەوە توانیویانە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هونەرە رۆژنامەوانییەکان خێراتر بکەن و بە زوویی بەرهەمەکانیان بگەیەننە کەناڵەکانیان.

4– جێبەجێکردنی رۆژنامەگەریی مۆبایل، بەدەر نییە لە کێشە و گرفتی تەکنیکی و بەشی زۆری میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ئەو گرفتە تەکنیکییانە لەوە چڕ دەکەنەوە کە ناردنی فایلی ڤیدیۆیی لە مۆبایلدا بۆ بەشی پەخشی کەناڵەکە، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە و بێ گرفت نییە.

### سێیەم: ئەنجامی گریمانەکانی توێژینەوە:

1– دروستیی گریمانەی یەکەم سەلمێنرا کە پەیوەندیی ئامارییی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە نێوان بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا.

2– سەلماندنی دروستیی گریمانەی دووەم کە جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە بەکارهێنانی رۆژنامەگەریی مۆبایل لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتی دیموگرافی: (رەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندن – ئەزمونی کاری میدیایی – کەناڵ – پیشە).

3– سەلماندنی دروستیی گریمانەی سێیەم کە جیاوازی ئاماژەی ئاماریی هەیە لە بەرهەمهێنانی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا لای میدیاکاران بەپێی تایبەتمەندێتی دیموگرافی: (رەگەز – تەمەن – ئاستی خوێندن – ئەزمونی کاری میدیایی – کەناڵ – پیشە).

4– سەلماندنی دروستیی گریمانەی تیۆری شیکردنەوەی لە چێوەگرتنی میدیایی، بەوەی جیاوازی لەنێوان کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا هەیە، لە شێوەی چێوەگرتنی هەواڵە بەرهەمهێنراوەکانیان بە رۆژنامەگەریی مۆبایل لە رووەکانی ئاڕاستە و شێوازی رووماڵکردنەوە.

## - ڕاسپاردەکانی توێژینەوە -

**لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوە، توێژەر ئەم ڕاسپاردە زانستییانە دەخاتەڕوو:**

1- توێژەر کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕادەسپێرێت، گرنگی زیاتر بە بواری ڕۆژنامەگەری مۆبایل بدەن و دەرفەتی زیاتر بۆ میدیاکارەکانیان بڕەخسێنن بەمەبەستی مامەڵەکردنی زیاتر لەگەڵ ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە نوێیە، ئەویش لە ڕێگەی کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنانەوە.

2- توێژەر دامەزراوە میدیاییە کوردییەکان ڕادەسپێرێت، بە دابینکردنی پێداویستییە لۆجستی و تەکنیکییەکانی پەیوەست بە (MOJO)، بەتایبەت دانانی "ژووری زیرەکی هەواڵ" و دەستەبەرکردنی کەرەستە و پاشکۆکانی مۆبایلی زیرەك بۆ میدیاکارەکانیان.

3- توێژەر میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕادەسپێرێت، شارەزایی پەیدا بکەن لە وردەکاریی بەکارهێنانی پرۆگرامەکانی تایبەت بە بەرهەمهێنانی (ڤیدیۆ، دەنگ و وێنە) لە مۆبایلی زیرەکدا.

4- توێژەر میدیاکارانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان ڕادەسپێرێت، سوود لە تایبەتمەندێتییەکانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل وەربگرن لە بەرهەمهێنانی کۆی هونەرە ڕۆژنامەوانییەکان.

## - پێشنیازەکانی توێژینەوە -

**توێژەر پێشنیاز دەکات توێژینەوەی زانستیی دیکە لەبارەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایلەوە لەم لایەنانەوە ئامادەبکرێت:**

1- پشتبەستنی خوێندکارانی زانکۆ بە ڕۆژنامەگەریی مۆبایل وەك سەرچاوەی هەواڵ لەکاتی قەیرانەکاندا. "توێژینەوەیەکی رووپێوییە".

2- بەکارهێنانی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لەبەرهەمهێنانی ڤیدیۆ بۆ سۆشیال میدیای کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لای میدیاکاران. "توێژینەوەیەکی رووپێوییە".

3- مامەڵەی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە ڕووماڵکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکانی هەرێمی کوردستان. "توێژینەوەیەکی رووپێویی شیکارییە".

4- ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی مۆبایل لە گەشەپێدانی هۆشیاریی میدیایی لای گەنجان. "توێژینەوەیەکی رووپێوییە" .

# لیستی سەرچاوەکان

## - قورئانی پیرۆز

## - سەرچاوە کوردییەکان

### یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی:

1- ئیبراهیم، عەبدولخالق و رەحمان، ئەرسەلان (2010): *کارامەییەکانی نووسین لە رۆژنامەگەریی چاپکراو و ئەلیکترۆنیدا*، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم.

2- جەلال، سامان (2018): *هونەرەکانی رۆژنامەوانی – تەلەفزیۆن.. رادیۆ.. رۆژنامە.. میدیای ئەلیکترۆنی*، هەولێر، چاپخانەی رۆژهەلات، چاپی یەکەم.

3- عەبدولڕەحمان، فەرمان (2020): *رێبەری رۆژنامەوانیی مۆبایل – MOJO*، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم.

## - سەرچاوە عەرەبییەکان

### یەکەم: توێژینەوەکانی ماستەر و دکتۆرا:

1- أسماء، شبوب (2017): *تأثير استخدام تكنولوجيا الاتصال الحديثة في تلقي العرض الإخباري التلفزيوني*، الجزائر، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم علوم الإعلام والاتصال، رسالة ماجستير منشورة.

2- بشرى، إكرام الصادق (2017): *السياسة التحريرية وإنعكاساتها على الإنتاج الاخباري (دراسة تحليلية على إذاعة أمدرمان القومية (2013م – 2016م)*، السودان، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية الدراسات العليا، تخصص إذاعة وتلفزيون، أطروحة دكتوراة منشورة.

3- البطة، علي تكريم حافظ (2015): *القيم الإخبارية في الصحف اليومية الفلسطينية والعوامل المؤثرة فيها (دراسة وصفية)*، فلسطين، الجامعة الأسلامية – غزة، كلية الأداب، برنامج الصحافة، رسالة ماجستير منشورة.

4- بن زطة، سليم (2014): *إشكالية تكامل النظامين اللغوي والبصري في الخبر التلزيوني (دراسة تحليلة سيميولوجية على عينة من الأخبار)*، الجزائر، جامعة الجزائر 3، كلية علوم الإعلام والأتصال، قسم الأتصال، رسالة ماجستير منشورة.

5- جادين، نجلاء حمدان رحمة اللة (2018): *المعالجة الإخبارية لقضية الإرهاب في القنوات الفضائية في 2017م*، السودان، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية الدراسات العليا، أطروحة دكتوراه منشورة.

6- خطاطبة، هبه عيسى (2020): *دور البرامج التلفزيونية في تعزيز حرية الرأي والتعبير "في فلك الممنوع" على قناة (فرانس 24 أنموذجا*، الأردن، جامعة الشراق الأوسط، كلية الإعلام، قسم الصحافة والإعلام، رسالة ماجستير منشورة.

7- رضوان، سائد سعيد محمد (2016): *أعتماد الشباب الفلسطيني علي صحافة الهاتف المحمول كمصدر للأخبار وقت الأزمات "دراسة ميدانية"*، فلسطين، الجامعة الأسلامية – غزة، كلية الأداب، قسم صحافة، رسالة ماجستير منشورة.

8- شاهين، سناء يوسف محمد (2018)، *صحافة المحمول و انعكاساتها عمي الممارسة الإعلامية – دارسة علي عينة من الإعلاميين العرب بدولة الإمارات العربية المتحدة خلال الفترة 2015 – 2017م*، السودان، جامعة السودان للعلوم و التكنولوجيا –كلية علوم الإتصال – قسم الصحافة والنشر، رسالة الدكتوراه منشورة.

9- شحاذة، مروان يوسف (2019): *التغطية الإخبارية للأزمة الخليجية في قناتي "الجزيرة" و "سكاي نيوز عربية" دراسة تحليلية لبرنامجي "ما وراء الخبر" و "غرفة الأخبار"*، الأردن، جامعة الشراق الأوسط، كلية الإعلام، قسم الصحافة والإعلام، رسالة ماجستير منشورة.

10- العرامين، عبدالله محمد حمدان (2020): *البرامج الأقتصادية في تلفزيون فلسطين "دراسة تحليلية"*، الأردن، جامعة الشراق الأوسط، كلية الإعلام، قسم الصحافة والإعلام، رسالة ماجستير منشورة.

11- العزة، مالك رحاب محمود (2017): *إستخدام التقنيات التلفزيونية الحديثة وتأثيرها على زيادة متابعة مشاهدة البرامج الإخبارية في التلفزيون الأردني*، الأردن، جامعة الشراق الأوسط، كلية الإعلام، قسم الصحافة والإعلام، رسالة ماجستير منشورة.

12- عطاالله، راجية إبراهيم عوض (2018): *أطر معالجة مواقع الفضائيات الإخبارية العربية والناطقة بالعربية لقضايا الأمن القومي العربي*، مصر، جامعة القاهرة، كلية الإعلام، شعبة الإذاعة والتليفزيون، أطروحة دكتوراه منشورة.

13- العمرو، عامر إبراهيم (2015): *تقييم الصحفيين الأردنيين لمهنية الأخبار في التلفزيون الأردني*، الأردن، جامعة البترا، كلية الإعلام، رسالة ماجستير منشور.

14- كريمة، حرطاني و رجاء، بلعباس (2019): *تمثلات حارس البوابة في بيئة الإعلام الجديد – دراسة تحليلية لأنماط أستهلاك المحتويات الإخبارية على "فيس بوك"*، الجزائر، جامعة عبد الحميد بن باديس – مستغانم، كلية العلوم الاجتماعية، شعبة علوم الاعلام والإتصال، رسالة ماجستير منشورة.

15- الكساسبة، موسى سالم (2019): *المعالجة الأخبارية للأزمة السورية في القنوات الفضائية الموجهة باللغة العربية: دراسة تحليلية مقارنة لقناتي "روسيا اليوم – فرانس 24" أنموذجا*، الأردن، جامعة الشراق الأوسط، كلية الإعلام، قسم الصحافة والإعلام، رسالة ماجستير منشورة.

16- كمال، عايد (2017): *تكنولوجيا الاعلام والاتصال وتأثيرها على قيم المجتمع الجزائري*، الجزائر، جامعة أبي بكر بلقايد – تلمسان–، كلية العلوم الأنسانية والأجتماعية، قسم علم الأجتماع، تخصص: علم الأتصال، أطروحة دكتوراه منشورة.

17- محمد نور، جيهان عوض إلياس (2013): *التغطية الخبرية للقضايا العربية في القناة الفضائية السودانية)*، السودان، جامعة وادي النيل، كلية الدراسات العليا، رسالة ماجستير منشورة في علوم الاتصال.

18- المشاقبة، يوسف عوض (2018): *المراسل الصحفي ودوره في إثراء النشرات الإخبارية في التلفزيون الأردني*، الأردن، جامعة الشراق الأوسط، كلية الإعلام، قسم الصحافة والإعلام، رسالة ماجستير منشورة.

19- المكي، دغفل (2016): *دور التكنولوجيا الرقمية في تطوير البرامج الرياضية الإذاعية – إذاعة المسيلة –*، الجزائر، جامعة محمد بوضياف بالمسيلة، معهد علوم وتقنيات النشاطات البدنية والرياضية، قسم الإعلام والاتصال الرياضي، رسالة ماجستير منشورة.

**دووەم: تویژینەوە بلاوكراوەكان لە گۆڤار و كۆنفرانس و گۆنگرە زانستییەكاندا:**

1- أبراهيم، سعد و حسين، حيدر أحمد (2019): *دور صحافة الموبايل في التحول نحو أستهلاك الأخبار المتنقلة*، برلين، مجلة الدراسات الأعلامية، مركز الديمقراطية العربية، العدد 6، ص ص (122 – 143).

